هەفتەنامەیەکی رۆژنامەوانیی گشتیی ئازادە
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی "بەدرخان" دەریدەکات

ژمارە (١٣٨) پێنج شەممە،
نیسانی ٢٠١٠/٤/٨ زایینی
بەرانبەر بە نەورۆزی ٢٧١٠ی کوردی
ساڵی دەیەم

www.bedrxan.net
www.bedrxan.com
bedrxan@yahoo.com

# بەدرخان
# Bedirxan

بەدرخانی و لەسەر لاچێ لەمەوپاش، لە گشت لاوە دەتانهارن وەکو ئاش

## Sînemxan Bedirxan li BircaBelek





## حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە ئەمریکا

**راگەیاندنی دەزگای بەدرخان**

**دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان حەوتەمین فێستیڤاڵی خۆی لەژێر دروشمی"دروستکردنی پردی رووناکبیری لەنێوان کوردستان و ئەمریکا"لە واشنتۆن سازدەکات**

لەپێناو پتر ناساندن و لێک نزیککردنەوەی گەلی کوردستان و نەتەوەکانی جیهان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان ئەمساڵ لە ڕێکەوتی ١٤-١٥ی ئایاری ٢٠١٠، حەوتەمین فێستیڤاڵی خۆی لەشاری واشنتۆن دەبەستێت.

لەم فێستیڤاڵە بەرفراوانەدا کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆو رووناکبیران و مێژوو نووسان و رۆژنامەنووسان بە لێکۆڵینەوەو نووسینەکانیان، کە لەبارەی مێژووی کۆمەڵگەو کلتوور و ئەدەبی کوردییە بەشداری دەکەن. هەروەها کۆمەڵێک کەسایەتی دیار لە ئەورووپاو ئەمریکا بانگهێشتکراون بۆ بەشداریکردن لەو فێستیڤاڵەدا.

هەر لەساڵی ٢٠٠٤ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان ئەوەی کردۆتە نەریت کە ساڵانە لە شوێنێک چ لە کوردستاندا بێت یا لەدەرەوەی وڵات ئەم ئەرکە رۆشنبیری و کلتوورییەی خۆی بە رێکوپێکی بەجێ بگەیەنێت. شایەنی باسە تائێستا دەزگای بەدرخان ئەم فێستیڤاڵانەی بە ئەنجام گەیاندووە.



نەجات عەبدوللا

١- فێستیڤاڵی یەکەمی بەدرخان، سلێمانی ٢١-٢٢/٤/٢٠٠٤.
٢- فێستیڤاڵی دووەمی بەدرخان، دهۆک ٢١-٢٢-٢٣/٤/٢٠٠٥.
٣- فێستیڤاڵی سێیەمی بەدرخان، هەولێر ٢١-٢٢-٢٣/٤/٢٠٠٦.
٤- فێستیڤاڵی چوارەمی بەدرخان، بەرلین ٢٢-٢٣/٤/٢٠٠٧.
٥- فێستیڤاڵی پێنجەمی بەدرخان، قاهیرە ٢١-٢٢/٤/٢٠٠٨.
٦- فێستیڤاڵی شەشەمی بەدرخان، ئەسینا ١٩/١٠/٢٠٠٩

سەبارەت بەم مەسەلەیە وتەبێژی حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان و راوێژکاری رووناکبیری دەزگای بەدرخان د. ئازاد حەمەشەریف، گوتی: ئێمە هەمووجۆرە ئامادەکارییەکمان کردووەو بۆ سەرخستنی ئەم فێستیڤاڵە بایەخدارە لە وڵاتێکی گەورەی وەکو ئەمریکا کە بێگومان ئەنجامی زۆر پۆزەتیڤی بۆ گەلی کورد لێدەکەوێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش دەیان لێکۆڵەر بە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی گرنگ سەبارەت بە پرسی نەتەوەیی و کلتووری و رۆژنامەوانی و پرسی ژن بەشداری فێستیڤاڵەکە دەکەن، جگە لە چەندین چالاکی دیکەی هونەری جۆراوجۆر.

ئەم فێستیڤاڵە دەروازەیەک دەبێت بەڕووی جیهان و پردێک دەبێ بۆ لێک نزیکبوونەوەی گەلی کوردستان و نەتەوەکانی ئەمریکا.

لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا، بەڕێز (نەجات عەبدوللا) بەرپرسی بەشی رووناکبیری نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا سەبارەت بە سازدانی حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان، گوتی: گومانی تێدا نییە هەروەک چۆن دەزگای بەدرخان فێستیڤاڵەکانی دیکەی بەسەرکەوتوویی بەئەنجام گەیاندووەو خاوەنی ئەزموونێکە لەو بوارە، کە بەدڵنیایی لە سازدانی ئەم فێستیڤاڵەش سەرکەوتوو دەبێ، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ناساندنی کلتووری کوردەواری بەدەرەوە لەسەر داوای ئەنجوومەنی دەزگای بەدرخان و لیژنەی باڵای حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان، ئێمە هەموو کارئاسانییەکمان بۆ ئەنجام داون و بەمەبەستی سەرکەوتنی فێستیڤاڵەکە.

هەر لە دابینکردنی هۆڵ و پێداویستییەکانی هونەری و کۆمەڵێک چالاکی دیکە، کە خۆی لە نیشاندانی فیلمی کورت و پێشانگای شێوەکاری و کاری شانۆیی و ... هتد.

بەهیواین ئەم فێستیڤاڵە ببێتە پردێکی رووناکبیری لە نێوان گەلی کوردو گەلانی ئەمریکا.

شایانی باسە لە ئایندەیەکی نزیک بەرنامەی حەوتەمین فێستیڤاڵ و ناوی میوانەکان لەسەر رووپەری هەفتەنامەی "بەدرخان" دەخەینەڕوو.

## شەهێن جەمال: هەموو رۆڵێک دەبینم کە لای کۆمەڵگە حەرام بێت



**هێمن جەمیل - سلێمانی**

شەهێن جەمال وەک کچە ئەکتەرێک لە چەند دراماو فیلم و کورتە فیلمدا بەشداری کردووە و دوا کاریشی کە وەک ئەکتەری سەرەکی رۆڵی بینی فیلمی سینەمایی(دڵی سور)بوو کە دەرهێنانی هەڵکەوت مستەفایە و بە سیستمی ٣٥ ملم وێنەگیراوە، چیرۆکی فیلمەکە باس لە کچێک دەکات کە بەزۆر دەدرێت بە شوو بەڵام ئەم کچە کەسێکی دیکەی خۆشدەوێت و لەشەوی بووکێنیدا خۆشەویستەکەی دێت و بەیەکەوە هەڵدێن، بەڵام کاتێک روو دەکەنە شار رووبەڕووی کۆمەڵێک کێشەی نەخوازراو دەبنەوە کە کوڕەکە دەستگیر دەکرێت و کچەکەش توشی خەڵکی خراپ دەبێت و دواجار ڕووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی دەبێتەوە و دووگیان دەبێت و لەسەر شەقامەکان دەکەوێتە سواڵ کردن بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆی و منداڵەکەی، لە تەواوی فیلمەکەدا شەهێن کە کارەکتەری شیرین بەرجەستە دەکات هەموو ئەو رۆڵانە بەسەرکەوتویی دەبینێت و شەرم لە نواندنی ئەو ڕۆڵە ناکات، کە هێشتا لای ئەکتەرە کچەکانی ئێمە شتێکی عەیبە و حەرامە، سەبارەت بەو کارەی شەهێن بۆ بەدرخان وتی؛ تەواوی ئەو کارانەی کردوومن لێیان رازیم بەڵام فیلمی دڵی سور بۆ من ئەزمونێکی تازە بوو، سەرەتاش کە سیناریۆی فیلمەکەم خوێندەوە بۆ من تۆزێک قورس بوو، بەڵام ویستم ئەو کارە بکەم چونکە تا ئێستا ئەکتەری کچ لە کوردا نەیوێراوە ئەو رۆڵانە بگێرێت هەربۆیە ویستم ئەو کارە بکەم، چونکە تا ئێستا ژنی کورد زوڵمی لێدەکرێت و کەسیش نەیوێراوە بەرجەستەی ئەو رۆڵە بکات، سەبارەت بەوەی کە توانیویێتی تەمسیلی ئەو حاڵەتانە بکات وەک(دەستگرتن و پەلاماردان و رەدوکەوتن و دەستدرێژی سێکسی و شتی دیکە) کە هەموویان لە فیلمی(دڵی سور)دا هەیە، شەهێن وتی؛ من خۆم بە ئەکتەر دەزانم و کاتێکیش ئەکتەر بم دەبێت لەلام ئاسایی بێت کە هەموو رۆڵێک بەرجەستە بکەم، شەهێن خۆی بەخۆشحاڵ دەزانێت کە یەکەم کچە بەو شێوەیە رۆڵی ئەو کارەکتەرە بەرجەستە دەکات و دەڵێت ئەگەر من نەیکەم و کچێکی دیکە نەیکات، کەواتە هیچمان نەکرد، سەبارەت بەوەی گەر کارێکی دیکەی هەمان شێوە یان قورستر لەڕوی دیمەنەکانەوە هەبێت شەهێن وتی؛ زۆر ئاساییە و دەتوانم هەموو ئەو رۆڵانە بەرجەستە بکەم چونکە من ئەکتەرم و شەرمیش ناکەم، هەروەها شەهێن وتی؛ حەز دەکەم ئەو رۆڵانەی بەرجەستەیان دەکەم لەگەڵ کەسێکی دیکەدا بێت نەک(کاروان)ی هاوسەرم، چونکە نامەوێت وەک ژیانیماڵەوە نواندن بکەم، بەڵکو دەمەوێت جیاوازبم لەوەی کە هەم، شەهێن دەیەوێت بڵێت کە ئەو کەسێکی بوێرە و دەتوانێت هەموو ئەو رۆڵانە بەرجەستە بکات کە هێشتا لای ئێمە و کچانی هونەرمەندی ئێمە حەرامە و شتێکی نەخوازراوە، شەهێن پێی وایە دەبێت ئەو دەستپێشخەر بێت و ئەو شەرمە لای کچانی هونەرمەندی کورد بشکێنێت و ببێتە نموونەیەکی جوان بۆ هونەرمەندانی کورد تا بتوانن لەڕێی هونەرەکەیانەوە خزمەت بە میللەتەکەیان و تایبەتتر بە کێشەکانی ژنان بکەن و هەوڵ بدەن بەهۆی هونەرەوە چارەسەری هەموو ئەو کێشانە بکەن کە ڕووبەڕوی ژنانی کورد دەبێتەوە و دیاردە ناشیرینەکانی کۆمەڵگە نیشانی خەڵکی بدەن، لەکۆتاییدا شەهێن دەڵێت ئاساییە گەر دەرهێنەرانی دیکە داوام لێبکەن و ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ رۆڵ بینینی دیکە لە فیلمی دیکەدا ئەگەر رۆڵەکەی هەرچۆنێک بێت.

## سێ خوشکەکەی گروپی گەنج بۆ شانۆ دەستیان لەکار کێشایەوە

**تایبەت بە هونەری بەدرخان**

هەر سێ خوشکەی هونەرمەندی شانۆکار "ئۆسکار ئیمساعیل، رووبار ئیسماعیل، ژیار ئیسماعیل" بەشێوەیەکی فەرمی دەستلەکارکێشانەوەی خۆیان لە گروپی گەنج بۆ شانۆ راگەیاند.

بەپێی ئەو سەرچاوانەی دەست بەدرخان کەوتوون هەرسێ خوشکە شانۆکار، کە ئەوان وەکو ئافرەت دینگەی سەرەکی کارەکانی ئەو گروپە بوون و لە بەشی هەرە زۆری بەرهەمەکانی ساڵی گروپی گەنج بۆ شانۆ رۆڵی سەرەکیان هەبوو، رۆژی ٢٠١٠/٤/٦ بە شێوەیەکی فەرمی دەستیان لەکارکێشایەوە.

رووبار ئیسماعیل یەک لە خوشکە شانۆکارە دەستلەکارکێشاوەکانە دەربارەی‌ئەودەستلەکارکێشانەوەیان گوتی: ئێمە وەکو ٣ خوشکی شانۆکار کە ماوەی چەند ساڵێک بوو لەو گروپە کارمان دەکرد، رۆژی ٢٠١٠/٤/٦ بەشێوەیەکی فەرمی دەستلەکارکێشانەوەی خۆمان پێشکەشی دەستەی کارگێری گروپی گەنج بۆ شانۆ کرد، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئێمە وەکو "٣" شانۆکاری کوردستان نامانەوێ خۆمان بە تاکە گروپێک ببەستینەوە، بەڵکو دەمانەوێ وەکو ٣ هونەرمەندی سەربەخۆی کورد لەهەر کوێیەکی کوردستان کاری باش هەبێ بەشداری تێدا بکەین.

شیاوی گوتنە لەهەریەک لە شانۆگەرییەکانی "تەنها یەک شەو، دیوار، من و شێت" هەریەک لە رووبار و ژیار رۆڵی سەرەکیان هەبوو، ئۆسکار ئیسماعیلیش یەکەم ژن بوو لەو گروپە کاری دەرهێنانی بۆ شانۆگەرییەک کردووە.



# پارتی ڕێگر یا ڕێخۆشکەرە لە بەردەم کابینەکەی دکتۆر بەرهەمدا؟

شیکاری: سدیق فوئاد سامی

دوابەدوای ئەوەی لە ٢٠٠٩/٧/٢٥ لە کوردستان هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان سازکرا، لیستی کوردستانی کە پێکهاتبوو لە "یەکێتی و پارتی" توانیان بە تەنها ٥٩ کورسی پەرلەمان بەدەست بێنن، بەو پێیەشی کە زۆرینە بوون توانیان کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی "د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح" پێکبێنن.

**کابینەی شەشەم و ئەرکێکی قورس**

بەو پێیەی لەو هەڵبژاردنەدا ئۆپۆزسیۆن ژمارەی کورسییەکانیان زیاتر بوو بە بەراورد لەگەڵ کابینەکەی پێشوو، بۆیە چاودێرانی سیاسی پێیانوابوو ئەرکی "د. بەرهەم" وەکو سەرۆکی حکومەت زۆر قورستر دەبێ لە نێچیرڤان بارزانی، بە تایبەتیش کە کابینەی شەشەم ژمارەی وەزارەتەکانی لە "٤٢" وەزارەتەوە کردە ١٩ وەزارەت، لەوەش گرنگتر هەر لە سەرەتاوە "د. بەرهەم" ڕایگەیاند کە کاری سەرەکی ئەوان خزمەتکردنی خەڵک و جیاکردنەوەی حزب لە حکومەت و کارکردن بە شەفافانە بەڕێوەدەچێ.

**بودجە لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی**

هەر لەگەڵ دەستبەکاربوونی پەرلەمان و دەوامکردنی ئەندامانی پەرلەمان، لیستە ئۆپۆزسیۆنەکان باسیان لەوە دەکرد، کە دەبێ ئەوجارەیان جیا لەهەموو کابینەکانی دیکە بودجە بەبێ ئاگاداری پەرلەمان نەڕواو دەبێ لە تاریکییەوە بێتە ڕووناکی، بۆیە خودی "د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح" لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی بودجەی ئەمساڵ و چۆنیەتی خەرجکردنی بودجەکەی بۆ دەزگا ڕۆژنامەوانییەکان و سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئاشکرا کرد، دواتریش ئەو بودجەیە نێردرایە پەرلەمان و گفتوگۆی لەسەرکراو تا ئێستاش بودجە بە تەواوی لە پەرلەمانەوە ڕەزامەندی لەسەر نەدراوەو پەسەند نەکراوە، بە ڕادەیەک هەندێ لە فراکسیۆنەکانی پەرلەمان مەسەلەی بودجەیان وەکو بانگەشە بۆ هەڵبژاردنی "٣/٧" بەکارهێنا.

**دوای جیاکردنەوەی فراکسیۆنی سەوز و زەرد**

هەر لەبەر مەسەلەی بودجەو هاتنی ناوی هەندێ شوێنی زۆر گرنگ بەوەی کە بودجەیەکی زۆر باشیان بۆ سەرف بکرێ، گفتوگۆ کەوتۆتە نێوان لیستی کوردستانی و لەو چوارچێوەیەشدا ئەندام پەرلەمانێکی کوردستان لەسەر لیستی یەکێتی داوای جیاکردنەوەی فراکسیۆنی سەوز و زەرد دەکا، بۆ ئەوەی هەر لایەنەو بە ئارەزووی خۆی و بۆ بەرژەوەندی گەلی کورد بتوانێ کار لە بودجەکە بکا، بەپێی ئەو سەرچاوانەش کە دەست ئێمە کەوتووە پارتی نیگەرانە لەو قسەیەی ئەندام پەرلەمانەکەی یەکێتی و پارتی دەیەوێ بودجە لە پەرلەمان واتێپەڕێنرێ کە خۆیان مەبەستیانە.

**دژایەتی کردنی کابینەکەی دکتۆر بەرهەم**

هەر لە سەرەتای دەست بەکاربوونی دکتۆر بەرهەم وەکو سەرۆکی حکومەت کۆمەڵێک بەناو نووسەرو ڕۆژنامەو گۆڤار کەوتنە دژایەتیکردنی کابینەکەی دکتۆر بەرهەم، بێ ئاگا لەوەی کابینەکەی دکتۆر بەرهەم کۆمەڵێک کاری گرنگی کرد، هەر لە کەمکردنەوەی وەزارەتەکان و زیادکردنی مووچەی





کەسوکاری شەهید و ئەنفالکراوەکان و ڕاگەیاندنی بودجە لە ڕووناکییەک کە چاوی هەموو کەسێک نایبینێ و پێی هەڵنایە، وەلێ وێڕای هەموو ئەو کارانە نووسەرانێک هەبوون کابینەکەی دکتۆر بەرهەمیان بە ناچالاک وەسف دەکرد.

**نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت و دکتۆر بەرهەم سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران**

هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونی د.بەرهەم وەکو سەرۆکی حکومەت، لە ڕاگەیاندنەکانی پارتی بە بەردەوامی ناوی دکتۆر بەرهەم وەکو سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و ناوی نێچیرڤان بارزانیش وەکو سەرۆکی حکومەتی کوردستان دەهات، هەر ئەوە هۆکار بوو بۆ ئەوەی یەکێتی بزانێ کە بەشێک لە ڕاگەیاندنەکانی پارتی پێیان هەزم ناکرێ کە سەرۆک حکومەت کەسێکی یەکێتی بێ، کەچی بەپێی ڕێکەوتنی یەکێتی و پارتیش چوار ساڵ سەرۆکی حکومەت بۆ پارتی و چواری دیکەش بۆ یەکێتی دەبێ.

**ڕاگەیاندنی پارتی وهەوڵی فەرزکردنی نێچیرڤان بارزانی**

هەر لەگەڵ دەستبەکاربوونی کابینەکەی دکتۆر بەرهەم ڕاگەیاندنی پارتی و ڕۆژنامەو گۆڤارە زۆر نزیکەکان لەپارتی، هەوڵی ئەوەیان داوەو تا ئێستاش بەردەوامن لەوەی کەنێچیرڤان بارزانی وەکو سیمبولێکی بەردەوام لەناو خەڵک بمێنێتەوە، بەوەی لەگەڵ جێبەجێکردنی هەر پرۆژەیەکی نوێ لە کابینەکەی دکتۆر بەرهەم لە ڕاگەیاندنەکانی پارتی دەگوترا ئەو پرۆژانە لە بەردەوامیدانە بە کابینەکەی نێچیرڤان بارزانی، خودی دکتۆر بەرهەمیش نکۆڵی لەوە ناکا کە ئەوان تەواوکەری کابینەکەی نێچیرڤان بارزانین، بەڵام بەو مانایە نا کە کابینەکەی نێچیرڤان بارزانی کوردستانی کردۆتە بەهەشت و هیچ خاڵێکی نێگەتیڤ لەسەر کابینەکەی نییە.

**ڕاپۆرتەکەی گوڵان و ڕۆژنامەکانی نزیک لە پارتی**

لەم دواییەدا گۆڤاری گوڵان لەڕێگای ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی بیرتەسکدا باسی لە سستی کابینەکەی دکتۆر بەرهەم کردووەو کابینەکەی نێچیرڤان بارزانیش وەکو فریادڕەسێک بۆ کورد نیشان دەدا، وەلێ هەر زوو هەریەک لە مەکتەبی سیاسی پارتی و مەکتەبی نێچیرڤان بارزانی ڕوونیانکردەوە کە ئەو ڕاپۆرتە تەعبیر نییە لەڕای ئەوان وەکو پارتی و نێچیرڤان بارزانی، بەڵام پرسیارەکە لێرەدایە گۆڤاری گوڵانێک کە بودجەکەی لەلایەن پارتییەوە دابین بکرێ و لەوەش گرنگتر زۆربەی کات گوڵان بە هێڵی بەرنامەی پارتی کاربکا، چۆن ڕاپۆرتێکی وا بڵاودەکاتەوە کە پارتی ئاگاداری نەبێ، وەلێ لە بەرامبەر ئەوەشدا محەمەدی مەلا قادر ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانی دەڵێ: ئەو کەسەی ئەو شتەی نووسیوە دەبێ سزا بدرێ، چونکە ئەوە دووەم جارە شتی وا دەنووسێ.

**دکتۆر بەرهەم بێ منەتە**

لەدوا کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی سەرۆکی حکومەت لەکاتی کردنەوەی پرۆژەی پرۆژەی "کاسا مۆڵ" لە شاری سلێمانی دکتۆر بەرهەم بێ منەتی خۆی ڕاگەیاند و گوتی کەس ناتوانێ منەتی ئەوەم بەسەرەوە بکا کە سەرۆکی حکومەتم، لەوەش گرنگتر ئەو هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دەبێ بەرنامەی چاکسازی و جیاکردنەوەی حزب لە حکومەت و هەموو پرۆژە گرنگەکانی دیکە جێبەجێ بکەن، ئەو بێ باکانە لەو قسانەی ڕووانی و گوتی کەسانێک هەن تا ئێستاش بە عەقڵیەتی شەڕی ناوخۆ بیردەکەنەوەو نانی خۆیان لەوە دەبیننەوە کە نێوان پارتی و یەکێتی گرژی تێبکەوێ.

**نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆک حکومەت ڕەفتار دەکا**

لەسەردانی ئەو دواییەی نێچیرڤان بارزانی بۆ وڵاتی تورکیا، ئەو وەکو سەرۆکی حکومەت مامەڵەی کردووەو وەزیرێک و بەرپرسی پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی لەگەڵ خۆی بردووە، ئەوەش پرسیاری لای خەڵکی کوردستان و خودی یەکێتی و سەرۆکایەتی حکومەت دروست کردووە، لەو بارەیەوە دکتۆر بەرهەم ڕایدەگەیەنێ ئەوان لێپرسینەوە دەکەن و قسەشیان دەبێ.

ئەگەر بۆ ئێران نێچیرڤان بارزانی نوێنەری سەرۆکی پارتی "مەسعود بارزانی"یە ئاساییە، بەڵام نوێنەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەمەیان بەهیچ کلۆجێک و بڕیارێکی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان قابیلی قبوڵ نییە.

**ئەنجام:**

لە سەروبەندی ئەو قسانەی کە لێرەو لەوێ دەکرێ، ئەمڕۆ قسە پوولی سوتاو ناهێنێ، ئەو بەرنامەیەی داندراوە بۆ بێ هێزکردنی حکومەت پەیڕەو دەکەن، خەون بەوەوە دەبینن پاشی دوو ساڵی دیکە پۆستەکە وەربگرنەوە، ئەگەرنا هەموومان دەزانین "د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح" سیاسەتمەدار و سەرکردەیەکی ئەوەندە لێهاتووە دڵنیایەو کوردستانیش دڵنیا دەکاتەوە وەکو "spring" کە چەند مانایەکی هەیە باز دەدات، چونکە بە قەولی ئەمریکی و بەریتانی و ئەوروپییەکانەوە بەرهەم ساڵح جەنتڵمانە. ناشکرێ ڕۆڵ و ماندووبوونی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی کابینەی پێنجەم لەیادبکرێ، چونکە ئەو "١٠" ساڵە فەزڵی بەسەر دهۆک و هەولێر هەیە.

# د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح ڕێز لە "د. کەمال مەزهەر" دەگرێت



د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح مێژوونووس د. کەمال مەزهەر خەڵات دەکات

ئا: بەدرخان

سەرلەبەیانی ڕۆژی "٢٠١٠/٣/٣١" لە هۆڵی پێشەوای شاری هەولێر و بە ئامادەبوونی دکتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و "د. کاوە مەحمود وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئاسۆس نەجیب وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و کۆمەڵێک لە کەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیری مێژوویی، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان مەراسیمی ڕێزلێنانی بۆ مێژوونووسی گەورەی کورد "د. کەمال مەزهەر" سازکرد.

لە سەرەتادا وتاری هەریەک د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان خوێندرایەوە تێیدا دکتۆر بەرهەم ساڵح لە وتارێکدا، پاش خۆشحاڵی دەربڕین بە ئامادەبوونی لە مەراسیمەکەدا کە بۆ مامۆستاو داناو ڕوناکبیر و ئەکادیمی و ڕێبەری نوسینەوەی مێژووی کورد دکتۆر کەمال مەزهەر سازکرابوو، ستایشی هەوڵ و ماندوبوونی دکتۆر کەمال مەزهەری کرد، کە زیاتر لە نیو سەدەیە ژیانی خۆی تەرخانکردووە بۆ کۆکردنەوەی مێژووی کورد و بەدیهێنانی دەستکەوتی مەعریفی گەورە بۆ گەلی کورد، گوتیشی گەلەکەمان قەرزداری ئەو پیاوە گەورەیە.

سەرۆکی حکومەتی هەرێم گووتی لەکاتێکدا کە دوژمنانی گەلەکەمان لە رابردوودا نکۆڵیان لە مێژووی نەتەوایەتی گەلی کورد دەکرد و هەوڵیاندەدا کلتوورو فەرهەنگ و مێژووی گەلی کورد وێران بکەن، مێژوونووس دکتۆر کەمال مەزهەر بە بەرهەمەکانی لەسەنگەری پێشەوەی خەباتدا داکۆکی لە مافەکانی خەڵکی کوردستان دەکرد.

لە کۆتایی وتەکەیدا دکتۆر بەرهەم ساڵح جەختی لەسەر ئەوەکردەوە، کە ئەگەر هەوڵ و کۆششەکانی دکتۆر کەمال مەزهەر نەبوونایە، مێژووی گەلەکەمان بەوشێوەیە دەوڵەمەند نەدەبوو، کە ئێستا هەیەتی، بەتایبەتی لە کۆکردنەوەی مێژووی کورد لە ئەرشیفی وڵاتانی دنیادا کە بەهۆیەوە داهێنان و دەستکەوتێکی گەورەی بۆ خۆی و گەلەکەی تۆمار کرد.

شێخ جەعفەر بەرزنجی بەرپرسی سەنتەری ماڵی کورد وتارێکی پێشکەش کردو تیایدا باسی ڕۆڵی "د. کەمال مەزهەر"ی کردو ئیشارەتی بەوەدا کە ناوبراو زۆر لەوە گەورەترە بە میدالیایەک ڕێزی لێبنرێ، چونکە نیو سەدە تێکۆشان لە خزمەت مێژوو و کلتووری میللەتێکی وەکو کورد، کە "د. کەمال سەرقافڵەی نووسینەوەیەتی، بۆیە سەنتەری ماڵی کورد لە بەرایی کارەکانی ڕێزی لەو مێژوونووسە گەورەیە گرت. دواتر وتاری لیژنەی مەراسیمەکە لەلایەن سەرکەوت ئەندامی لیژنەی ئامادەکاری کۆڕی ڕێزلێنانی دکتۆر کەمال مەزهەر خوێندرایەوە، کە ئەمە دەقەکەی بوو..

"بەڕێز د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح. سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان

د. کاوە مەحمود وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

بەڕێز...

ئامادەبووانی بەڕێز و بەحورمەت.

هەموو لایەک بەخێربێن

بەناوی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و بەڕێوەبەرایەتی سەنتەرە ڕۆشنبیرییەکان و تیپە هونەرییەکان بەخێرهاتنتان دەکەین بۆ بەشداری کردن لە مەراسیمی کۆڕی ڕێزلێنانی ڕووناکبرێکی گەورەی کورد، کە ساڵەهایە شەونخونیمان پێشکەش دەکات و عیبرەتەکانی مێژوومان بەسەردا دەبەخشێتەوە، مرۆڤێک جوامێر بە مێژووی خۆی. شەلاڵ لە هەڵوێست و بەدەنگ هاتن. سوپاسی ئەرک و ماندووبوونتان دەکەین..

بەڕێزان. لای هەمووومان ئاشکرایە کوردستان ڕۆژ بەرۆژ لە گەشەکردن و بەرەوپێش چووندایە کۆڵەگەی ئەم پێشکەوتن و بەرەو پێشچوونەش بەشێکی زۆر بەر بوارە ڕۆشنبیرییەکە کەوتووە، بە شێوەیەک کە ئێمە لە بەرامبەر چەمک و مانای نوێداین بۆ خۆ نوێکردنەوەو گەیاندنە کەناری ئارامی کۆمەڵگاکەمان، یەکێک لەو چەمکانە ژیانی مەدەنیانەو چۆنیەتی پیادەکردنی مەدەنیەتە. کە ماوەیەکی کەمە کۆمەڵگای ئێمە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. هەبوونی ئۆرگانی مەدەنی بۆ پێکانی ئامانجەکان دەورێکی کاریگەریان هەبووە، ئەگەرچی تەمتومان بە بەرهەمەکەیەوە دیارە، بەڵام هێشتا زووە بەرەکەی وا بە ئاسانی بڕنینەوە. هەبوونی سەنتەرەکان و ئەو ئۆرگانانە کاریگەریی خۆیان داناوە، کەم تا زۆر توانیویانە شتێک پێشکەش بکەن ئەگەرچی چاوەڕوانی زیاتریان لێ دەکرێت، بە ئومێدی ئەوەین دەورەکان بە کاریزمای شیاوتر بسپێرین، پەنجە لەسەر کەم و کورتییەکان دابنێین.

دووبارە بەخێرهاتنتان دەکەین و سوپاسگوزاری بۆ هەموو ئەو کەسانە دەنێرین کە یارمەتیان داین بۆ ئەنجامدانی ئەم کۆڕی ڕێزلێنانە، کە هیوادارین دەرگایەک بکاتەوە بۆ بەقەدر زانینی ئیش و کاری کارناسان".

دواتر لەنێو چەپڵەڕێزانی بەشداربووان میدالیای داهێنانی ئەنجومەنی وەزیران لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەخشرایە مێژوونووس "د. کەمال مەزهەر" و میدالیای ڕۆشنبیریش لەلایەن "د. کاوە مەحمود"ی وەزیری ڕۆشنبیری بەخشرایە هەمان گەورە نووسەری کورد.

لە کۆتاییشدا دکتۆر کەمال مەزهەر کۆڕێکی لەژێر ناوی "کورد لە بەڵگەنامەکانی ئەورووپا"دا سازکرد.

لە بەرامبەردا دکتۆر کەمال مەزهەر سەرباری ستایشکردنی ئەو هەوڵەی حکومەت بۆ ئەو بەسەرکردنەوەیە، گوتیشی هەست بە شانازییەکی بێ ئەندازە دەکەم بۆ ئەو هەڵسەنگاندنەم، بەتایبەتی بۆ بیروبۆچوونەکانم لە بواری مێژوودا.

لە کۆتایی مەراسیمەکەدا دکتۆر کەمال مەزهەر دوای خستنەڕووی ژیان و بەرهەمەکانی خۆی، کورتەباسێکیشی دەربارەی کارەکانی، بەتایبەتی کتێبی کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانی پێشکەشکرد، کە تائێستا دووجار چاپ کراوە، کۆڕە مێژووییەکەی "د. کەمال مەزهەر"یش لەلایەن عەبدوڵڵا زەنگەنەوە بەڕێوەبردراو کۆڕی ڕێزلێنانەکەش لەلایەن "هێرۆ مەولودی" بەڕێوەبردرا.

شیاوی گوتنە "د. کەمال مەزهەر" لە ساڵی ١٩٣٧ لە شاری ئاغجەلەر لەدایک بووەو بڕوانامەی دکتۆرای ناوکی زانستی لە مێژوو هەیە، زیاتر لەنیو سەدەیە وەکو مێژوونووسێکی کورد چالاکانە کاردەکات و لەم بوارەشدا خاوەنی نزیکەی ٤٠ کتێبە، دوایین کتێبیشی "کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیا" بوو، کە دووجار چاپکراوە، ئێستالەهەولێرنیشتەجێیەووێڕای کارە مێژووییەکانی سەرقاڵی نووسینەوەی بەرگی دووەمی کەرکووک و دەوروبەری و. نووسینەوەی یاداشتەکانیەتی، سەرەڕای نووسین و ئامادەکردنی بەرگی دووەمی کوردو کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیادا.

دەزگای بەدرخان پیرۆزبایی لە مامۆستاو مێژوونووسی گەورەی گەلەکەمان د. کەمال مەزهەر دەکات بە بۆنەی وەرگرتنی میداڵی ڕێزلێنان. بەهیوایین بەردەوامبێ لە نووسین و تەواوکردنی بەشەکانی دوایی بیرەوەرییەکانی

# کۆڕێکی مێژوویی دەربارەی مێژووی نەورۆز



د. مەولود ئیبراهیم حەسەن

تایبەت بە بەدرخان

کاتژمێر ٦ی ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١٠/٣/١٧ لە بارەگای سەنتەری ڕۆشنبیری فەڕەنسی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان کۆڕێکی مێژوویی بۆ دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن لەژێر ناوی "نەورۆز هی چ میللەتێکەو کەی دروست بووە؟" سازکرد.

لەو ئێوارە کۆڕەدا کە "د. تیسۆ" قونسوڵی فەڕەنسی لە هەولێر و کۆمەڵێک لە کەسانی ڕۆشنبیر و ئەدیب و سیاسی تێیدا ئامادەبوون، دکتۆر مەولود باسی لەو مێژووە دوور و درێژە کرد، کە نەورۆز جەژنێکی کۆنی کوردییەو لە جەژنی زەگمەکی تەمووز و عەشتارەوە وەرگیراوە.

هەر لەو ئێوارە کۆڕەدا دکتۆر تیسۆ وتارێکی پێشکەش کردو باسی لەوە کرد، کە ئەوجارە ئەوان جیا لە جارانی دیکە لەڕێگایەکی ڕۆشنبیری و کلتووری لەگەڵ تاکە کوردەکان کۆبوونەتەوە.

تیپی هونەری پەپوولەکانی کوردستان، لەو ئێوارە کۆڕەدا مارشی "نەورۆز"یان پێشکەشی ئامادەبووان کردو لە دوایین کاتەکانیشدا بە چەند بەرهەمێکی هونەری و فۆلکلۆری کۆتاییان بە کۆڕەکە هێنا.

لە کۆتایی کۆڕەکەدا کۆمەڵێک لە ئامادەبووانی کۆڕەکە بەشدارییان لە گفتوگۆ دەربارەی بابەتەکە کردو هەموو لایەک جەختیان لەوە دەکردەوە، کە دەبێ کورد لەو جۆرە کاتانەدا یەک دەنگ بێ و بە هەموو لایەک هەوڵبدەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ناوی گەلی کوردیش بخاتە نێو لیستی ئەو میللەتانەی کە ساڵانە جەژنی نەورۆز بەرز ڕادەگرن و ئەو هەڵە مێژووییەش ڕاست بکرێتەوە، کە لە بڕیارەکەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە ئەو جەژنە "جەژنێکی بەهارییەو ڕیشەکەی ئێرانی- فارسی"یە.

جێی ئاماژەیە لیژنەی باڵای ئامادەکاری ئەو مەراسیمە بریتی بوو لە"د. مەولود ئیبراهیم حەسەن، حەمید ئەبوبەکر بەدرخان، لالۆ ڕەنجدەر".

## ڕای پێش وەخت



دڵزار حەسەن

* لە ٨ مارسدا، دوو ڕێکخراوی ئەمریکی داوای فرە ژنی دەکەن. قوڕ بەسەرمان ئەوان ئەو داوایە بکەن، دەبێ ڕێکخراوەکانی ئێمە داوای چی بکەن؟!!.

* تاریق هاشمی دەڵێ:"سەرۆک کۆماری عێراق پێویستە عەرەب بێت" دەباشە پیرۆزتان بێت، بەڵکو ئەوە خودایە بەو بۆنەیەوە لە کوڵ عێراق دەبینەوە و خەریکی کوردستانەکەی خۆمان دەبین.

* تا بەلایەنەکان رادەگات کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراقیش خەریکی تەزویر و ساختەکارییە، با وەیلێبێت" تا ساحێب ماڵ دزی گرت، دز خاوەن ماڵی گرت"؟!!.

* هیچ و پوچی گۆڕانە ئەمانە دەکاتە کاندیدی خۆی، ئەمە قسەی من نییە هاوڕێیان، بەڵکو هی هەڵسوراوێکی دیاری گۆڕانە؟!!.

ئەحەی "بەرنامەی بەرنامە"کەی کۆن و تەمسیلکەرەکەی "کەی ئێن ئێن"ی ئێستا، سوێندی خواردووە تا هەڵبژاردنی داهاتوو پیاز و ساوەر بەیەکەوە نەخوات، لەبەر غازات؟!!.

* بە تایبەتی لە شاری هەولێر، ئەندامانی پارتی ئیجبارکراون دەنگ بەو کاندید و بەم کاندید بدرێت، ئەوانەی یەکێتیش ئازادکرابوون کە کام کاندیدیان پێ باشە دەنگ بەو بدەن. لە کۆتاییدا پارتی زۆرترین کورسی بەدەست هێناو یەکێتیش هیچ، ئەرێ دیموکراسیەتی راستەقینە لای کامیانە؟!!.

* ئێران مەرجی ئەوەی بۆ ئەمریکا داناوە گەر واز لەبەرنامە ئەتۆمییەکەی بهێنێت ئەوە "ئوسامە بن لادن" دەدات بە دەستەوە، دەمگوت ئەو ماستە موویەکی تێدایە و لە بەلاش نییە ئێران بۆتە فس فس پاڵەوان و لە ئەمریکا غەزرییە، ئەوە ئەو ئۆینەی لەژێر سەردایە؟!!.

* دەنگمان پێبدە بۆ دنیا و ئاخیرەتت باشە، ئەمە شیعاری لیستێکی ئیسلامییە لە کوردستان. خوا نەیبڕێ ٢ کورسیان بەدەست هێنا لە بەغدا، بابزانین چۆن ڕێگەی بەهەشتمان بۆ ڕۆشن دەکەنەوە؟!!.

* ئەلیسا باس لە شەوەکانی خۆی لە کوردستان دەکات، ئەی ڕۆژەکانی؟! دەترسم بەرۆژەوە خەریکی هەڵگڕاندنی یانەسیبی "لۆتۆ" ببێت، بەڵکو ئەوە خوایە بۆی دەربچێت؟!!!.

* هەرتاکە کەسێک لە هەولێر ڕۆژانە ٧٣٠ لیتر ئاو سەرفدەکات، کابرا پارەی خۆی دەدات بۆ پێتناخۆشە؟!!.

* ئیبراهیم جەعفەری" پەندم لە کێشەی پێشووم لەگەڵ کورددا وەرگرتووە، یارەبی وەریش نەگری؟!!.

* "دەبێت لێپێچینەوە لە حکومەت بکرێت" پێش هەموو شتێک لە ڕووی زمانەوانییەوە ئەو جوملەیەت چاک بکە ئینجا داوای لێپێچینەوە بکە هەی ئەندام پەرلەمان؟!!!.

*شێخ ئەحمەد غامیدی گەورە زانای سعودی دەڵێت" حیجاب پۆشین تەنها بۆ ژنەکانی پێغەمبەربووە و ژنانی دیکە ناگرێتەوە" لەسەر ئەو قسەیە زانایانی سعودیە داوای سزادانی دەکەن. ئەم زانایە پشتی بە ئایەتی قورئانی پیرۆز بەستووە، بۆیە ئەو قسەیەی کردووە، بەڵام نازانم ئەوانەی سزایانداوە پشتیان بە چ یاسایەک بەستووە؟!!!.

* زانایەکی دیکەی سعودیش بە بەهانەی تێکڵبوونی پیا و ژنەوە لە کاتی چوونە ماڵی خودا دا داوایکردووە ماڵی خۆدا بڕمێندرێت و بەو شێوەیە چابکرێتەوە، کە جێگەی ژنان و پیاوان جیاوازبێت لە یەکتری، چونکە تێکەڵبوونیان حەرامە، وەی لەم وەحشەتە، لە ماڵی خوداش لێیان ناگەڕێن بەیەکەوە بن؟!!.

* هەندێ کەناڵی کوردی سەر بە ئۆپۆزیسیۆن هەیە وێنەی کۆمەڵگای کوردی دەگرێت و بۆ ناشیرینکردنی کورد دەیداتە کەناڵەکانی سەر بەبەرەی تورکمانی لەکەرکووک، تا بۆ ناشیرینکردنی کورد بەکاری بهێنێت، وی لەو مەعارەزەیەی؟!!!.

# ئەگەر ژنت هەورامی بوو ئەوا بەختەوەریت



### عەلی بانیشاری

**کورد دەڵێت: (ئەگەر ژنت هەورامی بوو ئەوا بەختەوەریت).**

ئەگەرچی ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵگاکاندا جیاوازی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، لە دێرزەمانەوە ژنانی هەورامی



بە چاوێکی ڕێزەوە سەیرکراون، ژنانی ئەم ناوچەیە بەردەوام لە هەموو کارێکدا پرس و ڕایان پێ کراوە و هەندێ کاتیش قسەی ئەوان لەسەر قسەی پیاوانەوە بووە، بوونی ژن لەهەوراماندا ژیانێکی بەختەوەری بەخشیوەتە خێزان بەگشتی و پیاوان بە تایبەتی، پیاوان خۆیان دان بەو ڕاستییەدا دەنێن کە خێزانەکانیان پشتیوانییەکی باشیان لێدەکەن و لە هەموو مەجلیسەکانیشدا پیاوان شانازی بە ژنانی هەورامانەوە دەکەن.

**دایک بڕیاری بەشوودانی کچ دەدات، نەک باوک**

ئەگەر بڕوانین لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان دەبینین بە شوودانی کچ هەمیشە کێشەی بەدواداهاتووە، هەندێک کات کچەکە نەی زانیوە بەشوو دراوە، لە زاری کەسە بەتەمەکانەوە دەی بیستین لە ناوچەی وادا هەبووە هیچ کات ژن لە بەشوودانی ئافرەتدا خاوەن بڕیار نەبووە، بەڵکو وەک کۆیلە سەیرکراوە ئەگەر لەو بارەشەوە قسەیەکی کردبێت ئەوە بە شێوەیەکی زۆر ناشیرین سەیری کراوە.

مەنیجە عارف ئەو ژنە هەورامییە تەمەن ٥٦ساڵە بۆ بەدرخانی گێڕایەوە"لە سەردەمانی پێشوودا کاتێک ویستراوە کچێک بدرێت بە کوڕێک بەدەست دایکی کچە دەبێت، بێگومان ئەمە لە کوردستانی باشووردا پەیڕەوکراوە نەک لە ڕۆژهەڵات، ئەگەردایکی کچە ڕازی نەبووبێت ئەوە هەرگیز کچە نەدەدرا بە کوڕە، لە هەمان کاتدا پیاوە کاتێک ویستویەتی کچێک بۆ کوڕەکەی داوابکات زیاتر خۆی خاوەن بڕیاربووە بەڵام پێشەکی پرسی بە خێزانەکەی کردووە".

**مەڕومالات بەخێوکردن لەلایەن ژنان و کچانەوە بووە**

تەلیعە ڕەفعەت باس لە ژیانی سەردەمانی زوودەکات و دەڵێت:" مەڕومالات کۆڵەکەیەکی گرنگی بواری مادە بووە لەو سەردەمەدا، ئێمەش بۆ ئەوەی خێزانەکەمان بەختەوەربێت ئەو کارەمان کردووە، چونکە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان مەڕو ماڵاتیان بەخێوکردووە وەک هەورامان، لە وەرزی زستاندا کاری مەڕومالات بەخێوکردن قورس بووە، بەڵام لە بەهارو هاویندا زۆربەی کات ئاژەڵ لە دەرەوەی ماڵ بەخێوکراوان، ژنانیش چەندین کیلۆمەتریان بڕیوە بۆ ئەوەی مەڕومالاتەکەیان بەسەربکەنەوە، بیان دۆشن".

تەلیعە وتیشی"لە ڕێگەدا تا دەگەیشتینە ناو مەڕومالات بەدەم تەشی ڕستنەوە گۆرانیمان دەوت، پیاوانیش بەم کارە زۆر ئاسوودە دەبوون، چونکە بەخێوکردنی مەڕومالات تەنها بەپیاو ناکرێت یاخود کارێکی قورسە بەلایەک ناکرێت، ئەوانیش کە ئەو کارە دەکەن تەنها بۆ هاوکاری پیاوانە و هیچی تر، پاشان ژنانی هەورامان باخەوانێکی کارامەبوون".

**باخداریش دەستی باڵای ئەوانی تێدایە**

نادر فەرەج باخدارێکی شارۆچکەی تەوێڵە بە بەردخانی وت:"ئەرکی باخداری کارێکی زۆر قورسە بە تایبەت لە تەوێڵەدا، چونکە ناوچەکە شاخاوییە هەندێک لە باخەکانیش لە ناوچە شاخاوییەکاندا نێژراون، کارکردن لەناو ئەو باخداندا قورسە بۆیە ناچارین داوا لە خێزانەکەمان بکەین هاوکاریمان بکەن".

نادر وتیشی:" لە کارەکەماندا خێزانەکانمان و کچەکانمان هاوکارێکی باشمان دەکەن زۆربەی کاتیش ڕازی نابین بەوەی هاوکاریمان بکەن، بەڵام ئەوان ئاسوودە نابن، کە ئێمە کار بکەین ئەوان سەیرمان بکەن، تا ئەو کاتەی کە باخەکە دێتە بەرهەم و دەبرێت بۆ بازاڕ ئافرەتەکان هاوکاری باشی پیاوەکان دەکەن".

**دەست ڕەنگینی یەکێکە لەبەهرەکانی ئافرەت لەهەوراماندا**

بێگومان چەندین کار هەیە کە کچان و ژنان لە هەوراماندا دەیکەن، وەک کڵاش چنین و شاڵ دروست کردن و دروست کردنی ڕووبەهەنارو هەنجیر وشک کردن و گوێز تەکاندن، نانی هەورامی، باسوق، مشکی، کشتوکاڵکردن... هتد.

چنوور عیزەدین یەکێکی ترە لە کچانی هەورامان ئەو باس لەوە دەکات کچان و ژنان دەستێکی باڵایان هەیە لە کارکردن، هەمیشە لەلایەن دەوروپشتەوە بە دەست ڕەنگین ناسراون، بەرهەمەکانی ئەوان لە چەندین شوێنی کوردستان و دەرەوەدا دەفرۆشێت، ئەوانیش وەک کچان و ژنانی هەورامان شانازی بە دەست ڕەنگینییەکەی خۆیانەوە دەکەن.

چنوور دەڵێت:"ئەو کارانەی ئێمە دەیکەین بەڕاستی سەلیقەو ماندووبوونێکی زۆری دەوێت، بەڵام لە پاش بەئەنجام گەیاندنی کارەکەمان ئاسوودە دەبین، کە توانیومانە ئەو کارە ئەنجام بدەین، چونکە ئێمە وەک ڕەگەزی مێینە هەوڵمان داوە پشت بەهێزو بازووی خۆمان ببەستین بۆ بە دەستهێنانی بژێوی ژیان".

**ژنێک هەورامان بەڕێوەدەبات**

هەمیشە باس لەوە دەکرێت لە کوردستان کچان و ژنان ناتوانن لە کاری سیاسی و ئیداریدا بچنە پێشەوەو خزمەت بکەن، ئەمەش وەک نووسەران و ڕۆشنبیران باسی لێوەدەکەن لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازی هەیە، تەنانەت تا ئێستا لە هەندێک ناوچەی کوردستاندا ڕەگەزی مێ خاوەن بڕیار نییەو سەرجەم بڕیارەکان بەسەریدا دەسەپێنرێت، ماوەی دوو ساڵە ژنێکی هەورامی کاری ئیداری ناوچەکەی لە ئەستۆدایە.



نوخشە جەلال

نوخشە ناسیح بەڕێوەبەری ناحیەی بیارە دەگێڕێتەوە:"کاری ئیداری ئەستەم نییە بۆ ژنان و کچان، بەڵام دەبێت لێببڕێت و نەوەسیتیت لە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، هەورامانیش بۆ ئافرەت ڕەخساوە ئەگەر بیەوێت کاربکات و خزمەت بەبەرامبەر بکات".

وەک خۆی دەڵێت:" تا ئێستا بێ لەهاوکاری هیچ دژایەتییێک نەکراوە وەک پیاوانیش کارەکانی بۆ چۆتە پێشەوە، ئەگەر خەڵکی هەورامان بیانەوێت چەندین ساڵی تر لە هەوراماندا دەمێنمەوە، هیوادارم کچان و ژنانی هەورامان بەشدارییێکی باشیان هەبێت لەسەرجەم بوارەکاندا".

# گوندەکان چۆڵ بوون .. پێویستە ئاوەدان بکرێنەوە

### عەلی بانیشاری - هەورامان

ڕۆژبەڕۆژ گوندەکانی کوردستان چۆڵ دەبن و تائێستاش وەک پێویست نەتوانراوە ئاوڕی جدی لەو گوندانە بدرێتەوە، بەهۆی نەبوونی پلانی حکومەتەوە زۆربەی گوندەکانی کوردستان بێبەشن لە خزمەتگوزاری، هەر ئەمەش وای کردووە ئەگەری گەڕانەوەی هاوولاتیانی ئەو گوندانە لاوازبێت بۆ زێدی باوباپیریان، گوندەکانی ناوچەی هەورامانیش لەو کێشەیە بەدەر نەبوون بەشێوەیەک لە هەورامانیش زۆربەی گوندەکان چەند گوندنشینێکی کەمیان تێداماوە، هەندێک لە گوندەکانیش چۆڵ بوون و خەڵکەکەی بەرەو شارەکان کۆچیان کردووە.

ژمارەی گوندەکانی هەورامان لەئێستادا"٦٣"گوندە، کە لەسنووری سورێنەوە دەست پێدەکات تا شارۆچکەی تەوێڵە دەکشێت، بەڵام بەهۆی ئاوڕنەدانەوەی دەسەڵات لەو گوندانە کە لە پێشوودا داڵدەی چەندین پێشمەرگەی ئەم وڵاتە بوون و ئەوانی تێدا پەروەردە بوون، بەڵام بەداخەوە ئەو گوندانە ئێستا بەرەو چۆڵ بوون دەچن.

بەپێی ئەو سەرژمێرییەی کە هەفتەنامەی بەدرخان لە هەوراماندا کردوویەتی دەرکەوتووەئەوگوندانەی مەترسی چۆڵ بوونیان لێ دەکرێت سەر بەهەردوو ناحیەی بیارەو خورماڵن، بەم شێوەیە دابەشبوون، زەڵم(٣)ماڵ، یاڵانپێ(٨)ماڵ، هانەی قوڵ(٥)ماڵ،خەرپانی(٤) ماڵ، گوڵپ و باخەکۆن و بنجەودرەی یەکی(٢) ماڵیان تێدایە، گەچینە(١) ماڵ، دەرەی مەڕو دەرەقەیسەرو پاڵەنیا و هاوارو دەرەقوڵ و تاوێرە ماڵیان تێدا نییە.

ئەو گوندانەی کە هەن هەندێکیان لە پێشوودا و تا ئێستا بوونەتە جێگەیەکی گەشتیاری بۆ هاووڵاتیانی کوردستان بەهۆی ئاوو هەوا فێنک و دڵڕفێنەکەیان چەندین گەشتیاری ناوخۆو دەرەوەیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە.گوندی زەڵم یەکێکە لە گوندە گەشتیارییەکانی هەورامان کە بەهاوینەهەواری ئەحمەدئاوا ناسراوە، کە ساڵانەو لە وەرزی بەهارو هاویندا بەدەیان گەشتیار ڕوودەکەنە ئەم گوندە بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش، سەرچاوەی ئاوەکەشی بووەتە لایەنێکی گرنگ بۆ ناوچەی هەورامان و هەڵەبجەو شارەزوور، ئاوی ڕۆژانەی ئەم ناوچانە سەرچاوەی زەڵم دابینی دەکات.

بەدرێژایی مێژووی هەورامان ئاوەدان بووە، لە پێش ساڵانی (١٩٩١)ژمارەی ماڵەکانی گوندی زەڵم (٢٣٠)ماڵ بووە، بەڵام وەک هاووڵاتیانی ئەو گوندە بۆ هەفتەنامەی بەدرخان باسیان کرد، لە دوای ڕاپەڕین لە سەردەمی حکومەتی کوردیدا(٣٥)ماڵی تێداماوەو دانیشتوانەکەی بۆ شار کۆچیان کردووە، ئەمڕۆ لەسایەی حکومەتی خۆماڵیدا ئەگەر باخداری و هاوینەهەوارە دڵڕفێنەکەی نەبێت هاوشێوەی گوندەکانی تری هەورامان لەبەردەم ئەگەری چۆڵبووندایە.

گوندی یاڵانپێ لە ساڵانی ( ١٩٧٨)واتە لەکاتی داگرتنی گوندەکان لەسەردەمی ڕژێم دا( ١٨٢ )ماڵ بووە، پاشی ساڵی ( ١٩٩١)زیاتر لە( ١٠٠ ) ماڵ بووە، بەڵام بەم دوایانە بە هۆی ئاوڕنەدانەوەی دەسەڵات لە گوندەکەیان و دواتریش وشکەساڵییەوە تەنها ٨ماڵی تێدا ماوە.

لەساڵانی حەفتاو هەشتاکاندا ڕژێمی بەعس بڕیاری داگرتنی چەندین گوندی کوردستانی دا، کە ئەو گوندانە جێگەی پێشمەرگەکانی کوردستان بوون، سەرچاوەو پاڵپشتییەکی گەورەی پێشمەرگە بوون لەو ڕۆژگارەدا، ئەگەر ئەو گوندانە نەبوونایە پێشمەرگەکانی کوردستان لەو ساتە وەختەدا نەیاندەتوانی وەک پێویست سەرکەتوو بووبن بەسەر ڕژێمی بەعسدا. هەر بەهۆی ئەم پاڵپشتییەی گوندەکانەوە بەعس بە هەموو شێوەیەک هەوڵی دا ئەو گوندانە تێک بدات و لەڕەگ و ڕیشەیان دەربهێنێت، بەهۆی ئەم کارە چەپەڵەی بەعسەوە زیاتر لە ٤٥٠٠ گوندی کوردستان چۆڵ بوون تا ئێستا هەندێک لەو گوندانە نەهاتوونەتەوە جێگەی باب و باپیریان، گوندەکانی هەورامانیش لەو لێشاوەدا پشکی گەورەیان بەردەکەوت و زیاتر لە ٢٥ گوند لە هەوراماندا چۆڵ بوون تا ئێستا هەندێکیان ئاوەدان نەکراونەتەوە.

گوندی دەرەی مەڕ یەکێکی ترە لە گوندەکانی هەورامان، هاوسنوورە لەگەڵ وڵاتی ئێران و بەمەرزێکی باشی ناوچەکەش دادەنرێت، بە شەوورۆژ بەنزین و نەوت لە ئێرانەوە بۆ کوردستان لەو گوندەوە بە سۆندە ڕەوانە دەکرێت، گوندی دەرەی مەڕ ئێستا تەنها ماڵێکیشی تێدا نەماوەو بووەتە وێرانە، دوای ڕاپەڕینەکەی ( ١٩٩١)-( ٢٠٠١) نزیکەی (٧٠) ماڵی تێدا دەژیا، بەڵام لەوە بەدواوە بەهۆی نەبوونی هیچ پێداویستییەک ئێستا بەیەکجاری چۆڵ بووە.

گوندی هانەی قوڵ لە ساڵی(١٩٩١) ژمارەی ماڵەکانی ئەو گوندە( ٢٧٠ )ماڵ بووە، ئێستا تەنها( ٥ ) ماڵ لەو گوندەدا دەژین، زۆربەی دانیشتوانی ئەو سنووری ناحیەی خورماڵ( ٤٥ ) گوندە، ئەوان بە کشتوکاڵ و باخداری و مەڕومالاتەوە خەریکن، زۆربەی گوندەکانی هەورامان هاوسنوورن لەگەڵ ئێراندا، لە هەمان کاتیشدا مەرزێکی باشن بۆ بازرگانی نێوان کوردستان و ئێران، بەم دواییانە بەهۆی ئاوڕنەدانەوەی دەسەڵات لەو گوندانە زۆربەیان چەند ماڵێکی کەمیان تێدا ماوەو هەندێک لە گوندەکانیش بەتەواوەتی چۆڵ بوون، خەڵکی ئەو گوندانە ئێستا لەناحیەی خورماڵ دەژین.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە لە ساڵی ٢٠١٠دا ئاوڕێکی جدی لەسەرجەم گوندەکانی کوردستان بداتەوەو پەرلەمانی کوردستانیش چەندین دانیشتن بۆ ئەو مەبەستە تەرخان بکات، کە ساڵی ٢٠١٠ ساڵی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان بێت لە کوردستاندا.



# لە قوبرس من و میخە ... باران و شەراب و دەوڵەتی تورک کۆی کردینەوە



**پێشڕەوی سەید برایمی، بەرلین**

لە سەردەمی برۆنزیدا قوبرس گشت جیهانی دەریای ناوەڕاستی بە مس و سیرامیک دابین دەکرد. قوبرس، کە بە یۆنانی (Kypros ) ەو بە لاتینی ( Cuprum ) ە واتای مس دەگەیەنێ. ژیان لەم دوورگەدا مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ١٠ هەزار ساڵ پێش ئێستا.

قوبرس لە ڕووی ستراتیژییەوە کەوتۆتە نێوان سەر ڕێگای سێ کیشوەر. ئەفریقیا و ئاسیاو ئەوروپا. لە ڕووی جوگرافییەوە سەر بە ئاسیایە، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە ئەندامی یەکێتی ئەوروپایە. خەڵکی قوبرس، کە ژمارەیان (٨٦٧٦٠٠ ئاماری ٢٠٠٦). زۆربەیان یۆنانی قوبرسین ٧٦،١٪ (٨٨،٩٠٠) تورک ١٠،١٪ (١١٨١٠٠ ) بێگانە١٣،٧٪. قوبرسە یۆنانییەکان پێیان وایە و دەوڵەتی تورک تاوانبار دەکەن، کە دوای ١٩٧٤ نزیکەی ١٦٠هەزار تورکیان لە تورکیاوە گواستۆتەوە ناوچە تورک نشینەکانی قوبرس و بە دەیان هەزار یۆنانیان لەو شوێنانە دەرکردووە. ئەو تورکانەیان لە شوێنیان نیشتەجێ کردوون.

دوای ئەوەی کودەتایەکی سەربازی حکومەتەکەی مەکاریۆسی لەسەر کارخست، تورکیا بە بیانووی پاراستنی تورکەکانی قوبرس لە ١٥ تەموزی ١٩٧٤ باکوری قوبرسی داگیرکرد. یۆنانییە قوبرسییەکان دەڵێن تورکیا لە ٣٦،٢٪ خاکی قوبرسی داگیر کردووە، هەر لەوکاتەوە بە هەزاران قوبرسی یۆنانی کوشتووەو زێتر لە ١٦٢ هەزاریان دەرکردووە. کلیسەو شوێنە ئایینی و پەرستگایەکانیان ڕوخاندووە، یان کردراوە بە مزگەوت. نەک هەر ئەوە تورکەکان تاوانبار دەکەن، کە ئەو کلتوورە گەورەو شارستانییە مەزنەی یۆنانییەکان لەو دوورگەیەدا، کە نەتەوە یەکگرتووەکان زۆربەی کردووە، بە شوێنی شوێنەواری و سەرپەرشتی پاراستنیان دەکا، یان لەناویان بردووە، یان شێوێندراوە.

**کورتەیەکی مێژوویی قوبرس**

قوبرس بە گوێرەی زانایانی شوێنەوار لە قۆناغی یەکەمی بەردینییەوە مرۆڤی تێدا ژیاوە (سەدەی ٩ی پ.ز)، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ١١هەزار ساڵ. لەو کاتانەدا گریکە میکانەکان ژیانیان تێدا بەسەر بردووە، دوای ئەوان لە سەدەی نۆیەمی پ.ز فینیقییەکان هاتوون و لە کەنارەکانی دەرگەکە نیشتەجێ بوون. دوا بەدوای ئەوان کەوتۆتە ژێر ڕکێفی ئاسوری و قیبتی و فارسەکان( سەدەی ٨-٩پ.ز). لە ساڵی ٣٠ پ.ز تا ٣٣٠ دوای زایین لە بندەستی ڕۆمەکان بووە. لە ٣٣٠ تا ١١٩١ بیزنتییەکان حوکمیان کردووە. بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا قوبرس پێناسە یۆنانییەکەی پاراستووەو لە دەستی نەداوە، هەر لەو کاتەی میکانەکان داگیریان کردووە. هەروەها هەر بە دەوڵەتی ( هیلینیسی) ناسراوەو لەتوێی ( بتولیمس)دا. دوای ئەوان خاچپەرستەکان تا عوسمانییەکان لە ساڵی ١٥٧١ قوبرسیان داگیرکرد. تێیدا مانەوە تا ساڵی ١٨٧٨ ئینگلیزەکان دەستیان بەسەر داگرت و حوکمی ئەو دوورگەیان کرد تا ساڵی ١٩٦٠، کە ساڵی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی قوبرسە.

دەستوری ١٩٦٠ دەسەڵاتی لە نێوان یۆنانی و تورکەکان بەگوێرەی ٣:٧ دابەش کردووە، بەڵام مافی ڤیتۆشی داوە بە تورک. هەرچەند ئەوان تەنها لە ١٨٪ لە کۆمەڵگای قوبرسی پێک دەهێنا.

**زانیاری گشتی دەربارەی قوبرس**

قوبرس سێیەمین دوورگەی گەورەی دەریای سپی ناوەڕاستە دوای سقلییەو سەردینیا. ڕووبەرەکەی ٩٢٥١ کم٢. درێژییەکەی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا ٢٤٠کم پانییەکەی ١٠٠ کم لە باکوورەو بۆ باشوور لە ١٠،٨١ زەوی کشتوکاڵی وەرزییە. ٤،٣٢ ڕەزو باخی هەمیشەییە. لە ١٧٪ دارستانە. بەرزترین لوتکە لە چیای تروودۆسە ١٩٥٣م. پلەی گەرما لە هاوینان دەگاتە ٣٨ پلە لە زستان دا کەمترینی ٥.

دەمێک بوو نیازی گەشتێکم هەبوو بۆ ئەودوورگەیە، بەڵام ئەوەی زێتر پاڵی پێوەنام خالم بوو، کە لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو بۆ ماوەی دووساڵ لە پەیمانگای باڵای دارستاندا خوێندبووی، کە ئێستا زانکۆیە و کەوتۆتە نێو دارستانەکانی چیای تروودوس. ڕۆژی ١١ی مانگی یەکی ئەمساڵ لە بەیانییەکی زوودا، کە بەفرێکی یەکجار زۆر لە بەرلین دەباری گەشت دەستی پێکرد. هەرچەند لەو کەش و هەوایەدا سامێک دایگرتبووم، کە سەفەرەکەمان ڕەنگە نەبێ یان دواکەوێ. لە ڕاستیدا بۆ نیو سعاتێک دوا کەوت، بەڵام لەبەر ئەوە بوو، تا فرۆکەکە لە شەختە بە کەرەستەیەکی شلەمەنی پاک بکەنەوە. سەرەتا بۆ شاری ( نورنبێگ دواتریش یەکسەر بۆ فرۆکەخانەی شاری ( پافۆس)ی قوبرسی. کە گەیشتین نیوەڕۆ بوو، فرۆکەوانەکە دوای ئەوەی خوازیاری گەشتێکی بێ کێشەی بۆ کردین ئاگاداریشی کردینەوە، کە پلەی گەرما ئێستا (١٩ )یە. لە هەمان کاتدا لە بەرلینیش -٦ بوو! لە ڕێگای فرۆکەخانەوە بۆ هۆتێل، کە نزیکەی نیو سەعاتی خایاند لەناو پاسەکەش هەستت بە بەهارێکی تەواو دەکرد، هەورە بچووک و پەرتەکان تیشکی ڕۆژیان پێنەدەگیرا.کەسکایی پانتایەکی فراوانی داگیرکردبوو، هەوای شێداری دەریاش قورگ و لوت و سییەکانی واڵا دەکردی.

پافۆس ناوچە و شوێنی لە دایکبوونی ( ئەفرۆدیت) خوای جوانی و ئەوینی یۆنانییە کۆنەکان. پافۆس مەکۆی شوێنەوارەکان. ئەو ناوچەیە بە شێوەیەکی بەربڵاو شوێنەواری تێدایە، کە لە تەنیشت شەقام و گۆڕەپانەکان، گەشتیار بە ئاسانی چەندین شوێنەواری جیاجیا بەدی دەکا. هەر بۆیە تێکڕای ئەم شارە لەلایەن ڕێکخراوی (یۆنیسکۆ)ی سەر بە نەتەوەیەکگرتوەکانەوە لە کەتەلۆگی کلتووری جیهانی وەرگیراوە. شایانی گوتنە لەو شارەو دەوروبەرەکەی چەندین کۆشک و تەلارو گۆڕی پاشایەکان و پەرستگای ئەفرۆدیت و هەروەها چەندین پاشماوەی شانۆی ڕۆمانی لەخۆدەگرێ. دوای هاتنی مەسیحیەتیش بۆ ئەو دوورگەیە بەدەیان کلێسەو شوێنی ئایینی و چاکی (مەزار) قەشەنگ و سەرنجڕاکێشی هەیە.

پافۆس تەنها شارێکی مێژوویی و کشتوکاڵی نییە، بەڵکو یەکێکە لە بەندەرە هەرە جوانەکانی قوبرس. ئەمەش وای کردووەو بۆتە هۆی ئەوەی ببێتە شارێکی کۆسمۆپۆلیتی گەشتیاری ناسراو. لە سەردەمی زوودا بۆ ماوەی ٦٠٠ساڵ پافۆس وەک پایتەختی ئەو دوورگەیە بەناوبانگ بوو.

**جێب سەفاری**

یەکێ لە بەرنامەکانی ئەو گەشتە بەکۆمەڵە سەفەرێکی بە جێب بوو،( ستەیشن) بەناو دۆڵ ڕووبارو ودارستانەکانی چیای تروودۆس. ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی باراناوی بوو. ئێمە کۆمەڵێک گەشتیار بووین لە جێبێکی ستێشن دا هەموویان ئەڵمان بوون، جگە لە من و کابرای شۆفێر، کە قوبرسی بوو. ئەڵمانەکان زۆر نارەحەت بوون، بەو ڕۆژە باراناوییە. بەڵام شۆفێرەکەمان کامەرانییەکی بێسنور لە ئەدگاریدا دەبیندرا. لە ڕاستیدا منیش بەم کەش و هەوایە سەغڵەت نەبووم، دوای یەکتر ناسین شۆفێرەکەمان گوتی: من ناوم میکائیلە، یان میشائیل، بە میشە بانگم دەکەن. منیش گوتم لەلای ئێمە بە میشائیل دەڵێن میخائیل و کورتکراوەکەی میخەیە. کە زانی کوردم و خەڵکی کوردستانم زوو بووین بە دۆست. پرسی: تۆش بەم بارانە نارەحەت بووی؟ لە وەڵامدا گوتم نەخێر، چونکە من زۆر حەزم لە بارانە. خەریک بوو زێتر بڵێم بەڵام میخە بۆی تەواوکردم. گوتی: تکایە پێتان ناخۆش نەبێ کە بارانە، چونکە ئێمە لەسەر باران دەژین، ئەوە چەند ساڵە دووچاری وشکە ساڵی بووین، گەر وابڕوا دەبێ ئاو بە تانکەران لە یۆنانەوە بهێنین. بۆ ئەوەی بڕوای پێبکەین، یەکسەر ئێمەی برد بۆ بەنداوێک و گوتی تەماشاکەن، ئەو بەنداوە لە بێ بارانی خەریکە بەتاڵ دەبێ.

لە ئاوەدانی دوورکەوتینەوە، گەیشتینە دۆڵێک ڕێگاکان قیرو چەوڕێژیان نەما، جگە لەمەش تا دەهات تەسک دەبوونەوەو مەترسی زێتر دەبوو. مەحاڵ بوو دوو ئۆتۆمبێل لە یەک کاتدا پێیدا بڕۆن. لە هەورازێکدا بەهۆی بارانەوە پارچەشاخێک دارما بوو، ڕێگایەکەی گرتبوو. خەریک بوو لە بەردەوامبوونی گەشتەکە پەشیمان ببینەوە، بەڵام پێشنیازم کرد قۆڵی لێ هەڵماڵین بۆ ئەوەی ڕێگایەکە واڵا بکەین. دوای مقۆیەکی کورت و بۆ ماوەیەکی کەم توانیمان بەردو شاخە ڕماوەکە فرێدەینە ناو ڕووباری دۆڵەکە.

دوای سەرکەوتن جارێکی دی بە نشێوێکی نەرمدا لە نێو دیمەنی دڵگیری پڕ لە دارودرەخت، کە زۆربەی زۆریان هەر سەوز بوون، شۆڕ بووینەوە. بارانیش بەردەوامەوە لە پێچێکی کورت و نەبیندراو دا یەکسەر کەوتینە سەر ڕووبارێک، کە هەستت دەکرد لەگەڵ ئەو باران بارینە ئاوەکەی بەرەوزیاد بوونە. لەسەر ڕووبارەکە پردێکی کۆنی پیادە هەبوو ئەوبەرو ئەمبەری ئاوەکەی بەیەکەوە دەبەستەوە. لە ڕووبارەکە پەڕینەوە و لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزین، بەڵام باران بواری ئەوەی نەدا زۆر لەدەرەوە بین، تەنها میخە نەبێ، کە لە خۆشی باران گۆرانی دەگوت و سەماشی دەکرد. میخە دەیگوت ئەو پردە لە سەدەی هەڤدەهەم دروست کراوە. پردەکە هێشتا هەر ساغ و لەکار نەکەوتبوو پارێزراویش بوو.

جارێکی دی بەسەر کەوتینەوە، بەڵام



ڕێگایەکە ترسناکتربوو، بەتایبەتی دیوی لای دۆڵەکە، کە دۆڵێکی قووڵ و پڕ دارستان بوو. لە هەندێ شوێندا وەک دیوارێکی شاخاوی وابوو. ناو بەناو لە تەنیشتی ڕێگایەکە کانیمان دەدی، بەڵام دیوارو حەوزو شێرەیان بۆ کرابوون، شێوەیەکی جوانیان هەبوون. لە کاتی هاویندا گەشتیاران ئاویان لێدەخواردەوە.

لەگەڵ سەرکەوتندا گەیشتینە هەورێکی شێداری چڵکن، کە لوتکەو شوێنە بەرزاییەکانی شاردبۆوە، هەروەها گەیشتینە دووڕیانێکی قیرتاوکراو دوای ماوەیەکی کورت گەیشتینە گوندێک. دابەزین و بەپەلە لەبەر باران خۆمان کوتایە ئەو چێشتخانەی بۆمان دیاریکرابوو نانی نیوەڕۆی لێ بخۆین. باران بەردەوامە و پلەکانی گەرماش زۆر لە نزمیدایە، بەبەراوردکردن لە شاری (پافۆس). میخە گوتی ئێرەو شوێنێکی دیکەش چاکترین شەرابیان هەیە. لە چێشتخانەکە نزیکترین کورسیم لە سۆبەکە دەست نیشانکرد. سۆبەکە وەک سۆبای سورییەکان یان ئێرانییەکان بوو بە نەوت کاری دەکرد. گەرم و گوڕ لای خۆمان بەبیر دەهاتەوە. من و میخە پێکەوە دانیشتین. شەراب خواردنەوە و نانخواردن نزیکەی دوو سەعاتی خایاند. میخە زۆر حەزی لە شەراب بوو وەک من، بەڵام ئەو لە یەک پێک زێتری نەخواردوە، چونکە لەو وڵاتە شۆفێر نابێ بخواتەوە. شەراب زێتر نزیکی کردینەوە. شایانی باسە کاتی پێک هەڵدان فێرم کردبوون بڵێن: نۆش! بەڵام کاتێ هاتینە سەر کوردو کێشەی قوبرس وتورکەکانی قوبرس و داگیرکردنی بەشی باکووری قوبرس لەلایەن تورکەوە لە ١٩٧٤. هەروەها شۆڕشی کورد لە تورکیا و پ.ک.ک، من و میخەی ئاشناتر کرد. زوو زوو پێکی ئاوی هەڵدەداو دەیگوت : نۆش. دوایی بژی کوردستان. هەردووکمان دژایەتی تورک بۆ کوردو قوبرسییەکان یەکی دەگرتینەوە.

دێهاتەکانی ئەوێ، هەر هەموویان خزمەتگوزاری تەواویان بۆ دابینکراوە، لەبەر ئەوە هیچ جیاوازییەک نابینی لەگەڵ گەرەکێکی شارەکان. هەرچەند گەنجانی ئەوێش بە گوندەکانیان ڕازی نین و کۆچ دەکەن بۆ شارەکان. بۆیە دەبینین زۆربەی دانیشتوانی گوندەکان خەڵکی بەتەمەن و پیرن. وەک لای خۆمان لە کوردستان بە تایبەتی ناوچە شاخاوییەکان ڕەزی ترێیەکان ژمارەیەکی بەرچاویان بەرەڵڵا کرابوون. ئەوە لە کاتێکدا ترێ جگە لە باسوق و شەربەت و سرکەی لێ دروست دەکرێ، سەرچاوەیەکی گرنگی پیشەسازی شەرابە.

لەسەرکەوتن بەردەوام بووین، تا لە جیاتی باران بەفرمان بینی دەبارێ و هەندێ شوێنی سپی کردبوو. میخە دەیگوت لە بەرزاییەکان ساڵی وا هەیە بەفرێکی زۆر دەبارێ، ئەوەش دەبێتە مایەی ئەوەی وەرزشی خلیسکان لەو شوێنانە بەڕێوە بچێ. دوای پشوویەکی درێژ، بەڵام ڕێگایەکە خۆشترو بەرینترو قیرتاو بوو. هێشتا نەگەیشتبووینە دوا بەرزایی بۆ دێری (kykko) لامان دا، کە لە شوێنێکی بەرزو دڵگیر بوو(١١٦٠م). بینایەکەی لە دەرەوە پارچەیەکی بیناسازی نایاب بوو. لەناوەوە ژوورو هۆڵەکانی هەر لە دیوارو ساپیتەکانی بە نەخش و نیگاری پیاوچاکان و پیاوانی ئایینی مەسیحیەت ڕازابۆوە، ئەوە جگە لە مەسیح و مەریەم. بەدەیان ( ئەیقوونەو مۆمدان و تابلۆ و زەنگ و کتێب و وێنە) ژوورەکانی تێرکردبوون. لە هەندێ گرتەدا لە دیمەنێکی ئەفسوناوی دەچوون. ئەو دێرە لە ساڵی ١١٠٠ ز. دروست کراوە. دەوڵەمندترین دێرە، کە خاوەنی بەناوبانگترین ئەیقونە بەناوی (Marien). هەر لە نزیک ئەوێ گۆڕی قەشە مەکاریۆسی سێیەم یەکەمین سەرۆک کۆماری قوبرسی لێیە. ئەوەی جێی باسکردنە، هەر لە ناو دێرەکە مۆزەخانەیەکی تیدایە، کە مێژوو، کلتورو تابلۆ و کتێب لە خۆ دەگرێ.

میخە لەوێ ئاگاداری کردینەوە، کە لەو نزیکانە دێرێکی دیکە هەیە بەناوی (ترووودیتیسا)، کە بە بەرزترین دێر ناسراوە (١٣٠٠م)، پشتێنێکی پیرۆزی لێیە، کە ژنانی نەزۆک لەبەرپشتێ دەنێن، بۆ ئەوەی منداڵیان ببێ، بەڵام بەداخەوە بە کۆمەڵ ناتوانین سەردانی بکەین. نە میخە باسی هۆکارەکەی کرد، نە ئێمەش پرسیارمان لێکرد. جگە لەوەش خاوەنی بەناوبانگترین ئامێری گوشینی ترێیە، کە شەرابی پێ دروست دەکرێ. پاک وخاوێنی دەرەوەو ناوەوەی کلێسایەکە شایەتی گرنگیدان و هەیبەت و شکۆی خۆی نیشان دەدا.

دوای گەڕان بۆ چەند بەنداوی بچووک و تافگەی هەمە جۆر و کەنار ڕووبار، شۆڕبووینەوە بۆ گوندێکی ئارام (Omodos)، کە هەرچوار دەورەکەی ڕەزو باخی ترێ و هەنجیرو پرتەقاڵ و...هتد بوون. بە قسەی پیاوێکی پیر، کە هەوڵێکی سەرکەوتووانەی دا، بۆ ئەوەی شەراب و شیرنەمەنی لێبکڕین، دەیگوت شەرابی ئێمە چاکترین شەرابە ( شەرابی ماریۆن)، نەک هەر لە قوبرس، بەڵکو لە هەموو حەوزی دەریای سپی ناوەڕاست.

**گەرماوی ئەفرۆدیت**

گەرماوی ئەفرۆدیت، یەکێکە لەو شوێنانەی، کە ئەفرۆدیت خۆی لێ شووشتووە. لە ڕاستیدا وای بۆ دەچووم، کە گەرماوەکە تەلارێکی قەشەنگ بێ، کەچی کاتێ تەماشام کرد، لە بن سولێکی لای خۆمان دەچوو، کە ئاو لەبەرزاییەکەوە وەک سولاوک دەڕژێتە خوارەوەو حەوزێک پێک دەهێنێ. لەوێ تووشی خێزانێکی ئەڵمان بووم پێم گوتن: دەزانن من چاوەڕوانی حەمامێکی یەکجار قەشەنگم دەکرد، کە شایانی ئەفرۆدیت بێ. پیاوەکە لە وەڵامدا گوتی: منیش هەر وەک تۆ چاوەڕوانی شتێکی دیکەم دەکرد،، لە ژن و منداڵەکانی دوورکەوتەوە و بە ئەسپایی بەردەوام بوو، بەڵام بیهێنە پێش چاوی خۆت جوانترین کچ، کە سیفەتی خوایی هەبێ، وەک ئەفسانە یۆنانییەکان دەڵێن، خوای ئەوینیش بێ و بەدەیان شۆخ و شەنگی لە دەور بێ بە ڕووتی هەر هەموویان بەئاو خۆیان بشۆن، چ دیمەنێکی ئیرۆتیکانەی هەیە! بە خەندەوە سەری ڕەزامەندیم بۆ لەقاند. هەر لەوێ دارستانێک هەیە بەناوی ئەفرۆدیت و یەکێکی دیکەش بەناوی ئەدۆنیس.

کۆشکی پاشاکان (.Dionysos Theseus.Aion) ئەندازەیەکی یەکجار پێشکەوتووی تێدا بەرجەستە بووە. ئەوەی زۆر بەلامەوە گرنگ بوو. ئاوەڕۆ، کە لە قوڵایی چوار مەتر دەبوو، دوایی ڕاکێشانی ئاو بە کونج و شێوەی دابەشکردنی بەسەر بەشەکانی کۆشکەکان. شتێکی دیکەی سەرنجڕاکێش زەمینەی ژوورو هۆڵەکان بوو، کە بە مۆزاییک ڕازابۆوە، کە وێنەو باس و خواسی ئەفسانە کۆنەکانی گریگەکان بوون. زۆربەیان دوای زێتر لە دوو هەزار ساڵ هێشتا ڕەنگ و شێوەیان هەر وەک خۆی مابۆوە. ناکرێ باسی دینگە مەرمەڕەکانی ئەو تەلارانە نەکەین، کە دەستی ڕەنگینی وەستاو پەیکەرتاشەکانی پێوە دیار بوو.

**گەڕانی پیادە**

ڕۆژێکی دی بەرنامە وابوو گەشتێکی پیادەیی بکەین، گەڕان و سوڕان لە دۆڵ و بەرزاییەکانی نیوە دوورگەی (Akamas). ئەو ناوچەیە کە شاخەکانی زۆربەی کلس و گەچن، چەندین دۆڵ و خەرەندی دیوار ئاسا لە خۆ دەگرێ، کە هەندێکیان ٣٠م بەرز دەبن. هەموو ناوچەکە بە دارستان و دەوەن و گیاو گوڵ داپۆشراوە. بە ئۆتۆمبیل تا بناری بەرزاییەکانیان بردین. هەر زوو ئاگاداریانکردین، کە پێویستە ئاو وخواردنی ژەمێک لەگەڵ خۆمان بهێنین، چونکە ئاوەدانی و چێشتخانە نییە. گەڕانەکە پێنج سەعات و نیوی خایاند. ڕێبەرەکەمان بە وردی باسی جۆری خاک و ناوی شاخ و داخەکانی بۆ دەکردین. زانیارییەکی تەواوی هەبوو لەسەر ڕووەک و دار و گوڵەکانی ئەو ناوچەیە. بەناو چەندین دۆڵ و هەورازو نشێودا ڕۆیشتین. چەندین مێگەلە مەڕ و بزنمان دیت. ڕێبەرەکەمان دەیگوت: جۆرە بزنێکمان هەیە، کە بە بزنی دیمەشقی ناسراوە، زۆر زیان لە سروشت دەدا، بەتایبەتی دارەکان. چەند نموونەی نیشان داین، کە وشک بوون. ئەو بزنانە لە بزنی لای خۆمان بەرزترن. زۆربەیان مەرەز بوون. ئەوەی جێگای سەرسورمان بوو، لەبەر بێ شوانی مێگەلەکان بەرەڵڵا بوون. من سەرەتا وامزانی ئاژەڵی کێوین، کەچی ڕێبەرەکەمان پێی گوتم لەبەر بێ شوانی ئەوانە نە کێوین و نە ماڵی، بەڵکو لێرە پێیان دەڵێین بەرەڵڵا. دیار بوو ترسی فەوتانیان نەبوو، چونکە لە قوبرس، وەک ڕێبەرەکە ئاگاداری کردین گورگ نییە، تەنیا ڕێوی هەیە، ئەویش دەرەقەتی ئەو مەڕو بزنانە نایێ، تەنیا کارو بەرخەکان نەبێ، ئەویش دایکەکانیان دەیانپارێزن. دەماندیت بە تاک بە کۆ بەرخ و کارەکان لەگەڵ دایکیان پێکەوە دەلەوەڕان.

ئاژەڵێکی دی، کە بەحساب تایبەتە بە قوبرس، حەیوانە کێوییە، لە کاتێکدا بە گوێرەی ئاژەڵناسان کوردستان بە تایبەتی و قۆقاس و باڵقان و قرم بەگشتی بە ڕێژە لێی بەربڵاون.

**قاسپەی کەو**

لە پڕ گوێم لە دەنگی قاسپە قاسپی کەو بوو بەلامەوە سەیر بوو کوردستانم بیر هاتەوە. خۆم گەیاندە ڕێبەرەکە، کە لە پێشەوە دەڕۆیشت. باسی کرد، کە چەندین جۆرە باڵندە هەیە. لەو قسانە دابووین لە نزیکمان دوو باڵندە لە فڕکەیان دا، گوتم ئەوە یان کەوە یان سوسکە. بێگومان کەوەکەم بە ئەڵمانی گوت، کەچی نەمزانی سوسکە چی پێ دەڵێن. ئەو ناوێکی گوت بە یۆنانی، کە لە شوشکا دەچوو. گوتی ئەو ناوە لە کوردی نزیکە. شایانی باسە لە قوبرس ٣٦٥ جۆرە باڵندە هەیە، کە ١١٥یان لە دوورگەکە کورک دەبن.

بۆنی نێرگز

بە دەیان گوڵ و ڕووەکی سروشتیمان بینی. دیارە زستانی قوبرس، وەک بەهاری تەڕو بڕی لای خۆمانە. ئەو بەهارە لەگەڵ باران بارین،لە مانگی ١١ەوە دەست پێدەکا، تا ناوەڕاستی مانگی پێنج. لە نزیک دەوەنێک بۆ پشوو وەرگرتن دانیشتبووین، بەدەم نان خواردنەوە بۆنی نێرگزم کرد. بەهەر چوار دەوری خۆم گەڕام ئاسەواری نێرگزم نە دۆزییەوە. بۆنی نێرگزیش لوتی پڕ کردبووم. بە ڕێکەوت سەیری ئەو دەوەنەی نزیک خۆمانم کرد، ڕووەکێکی بڵاوی دڕکاوی گەڵا بچووک بوو، وەک گەڵای مۆرتک گوڵێکی زەردی گرتبوو پەڕەکانی وەک پەڕی ناوەوەی نێرگزی خۆمان وابوو، بەڵام بێ پەڕە سپییەکانی. کاتێ لێم کردەوەو بۆنم کرد بۆنی نێرگزم کرد. پرسیم لە ڕێبەرەکەمان گەر پێوەندی بە نێرگزەوە هەبێ بە نەخێر وەڵامی دامەوە، بەڵام گوتی سێ جۆریان هەیە، بە گوێرەی ڕەنگی گەڵاکان جیا دەکرێنەوە، بۆنخۆشتریان لە مانگی نیسان گوڵ دەگرێ، کە ڕەنگی گەڵایەکەی زەیتونییە. لە قوبرس نزیکەی ١٨٠٠ جۆر گوڵ هەیە.

من لەگەڵ کابرای ڕێبەر زۆر دەدەوام و باسی کوردستان ومەسەلەکەیمان دەکرد. هەروەها باسی سروشتی کوردستانیش. دانی بەوەنا کە یۆنان غەدری لە کورد کردووە، بە تایبەتی پ.ک.ک و ئەو دەستی هەبووە لە گرتنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، بێ ئەوەی بەرژەوەندییەکی هەبێ یان دەسکەوتێکی تێدا بێ.

ئاسمان هەوری هێنا و ڕێبەرەکە گوتی پەلە بکەن، وا ئۆتۆمبێلەکە لە دامێنی ئەو گردە چاوەڕێمان دەکا. پرسیم پێت وایە باران دەبارێ. گوتی ئەوە هەور نییە بەڵکو تۆزو خۆڵە. من گوتم بەڵام هەورێکی ڕەشە، گوتی: ئەوە چەند ساڵێکە تۆزو خۆڵ لە بیابانی باکووری ئەفریقیاوە بەسەر قوبرس دەبارێ، جاران ساڵێ جارێک لە مانگی پێنج بوو، ئێستا هەموو مانگێک دوو سێ جار. ڕەنگەکەی بۆیە ڕەشە، چونکە زۆربەی کبریتی لە خۆ گرتووە.

قوبرس، کە یەک پارچە کلتورو مێژووە، بە سەدان کەلاوەی دێرین لە خۆ دەگرێ، بە دەیان تەلاری کۆنی پارێزراوە، هەرگیز بە گەشتێکی یەک هەفتەیی تەواو نابێ، ئەوەی نووسیومە مشتێکە لە خەروارێک، بە ئومێدی گەشتێکی دی و زانیاری بە پێزتر.

# مامۆستا زاهیر ئەحمەد هەناری ماڵئاوایی لێکردین



**بەدرخان**

چەند خۆشە مرۆڤ لە دوای خۆی سەروەرییەک بەجێبهێڵێت و خەڵکی بە باشە باسی بکەن. چونکە وەک حاجی قادری شاعیر دەڵێت:

**ژیان میسلی سێبەرو تاوە**
**ئەوەی بمێنێن هەر ناوە".**

مامۆستا زاهیر ئەحمەد هەناری یەکێک بوو لەو شارەزاو مامۆستا پەروەردەییانەی کە ماوەیەکی دوورودرێژ خزمەتێکی بێ ئەندازەی پێشکەش بەجواری پەروەردەو فێرکردن کردووە، بۆیە هەقی خۆیەتی ئێمەش لێرەدا ڕێزی لێبگرین و بەچەند دێرێک خواحافیزی لێبکەین بۆ کۆچکردنە هەتاهەتاییەکەی، شەوی ٥-٢٠١٠/٤/٦ درەنگ وەخت دڵەگەورە پڕ لە ئومێدەکەی لە لێدان کەوت و گیانی هەڵفڕی بۆ دنیای هەمیشەیی.

مامۆستا زاهیر ئەحمەد هەناری لە شاری هەولێر کۆچی کردو تەرمەکەشی گوێزرایەوە شارەکەی حاجی لە گۆڕستانی شەهیدان بەخاک سپێردرا.

بەم جۆرە خەمێکی دیکە کەوتە سەرخەمەکانی حاجی.

ئەمەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە یاسای ژیان هەروابووەو هەرواش دەبێت، هیچ کەسێک ناتوانێت پێش بەیاسای مەرگ بگرێت!!!.

تەنها ئەمەی کە فەرامۆشیمان دەداتێ خۆڕاگری و دان بەخۆداگرتنی خزم و کەسوکار و دۆستانی خوالێخۆشبووە.

بەناوی دەزگای بەدرخانەوە، پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەکەیان و بەتایبەتی "سنوور"ی کوڕی دەکەین، بەهیوای ئەوە دوا ناخۆشی بنەماڵەکەیان بێت

## ستراتیژ



سمکۆ محەمەد

# تەوافوقی عێراق کوردی کۆکردەوە

سەرەنجام هەموو لیستە کوردستانییەکان بەیەکرگرتوو وکۆمەڵ وگۆڕانیشەوە،لەکۆبوونەوەیەکدالەگەڵ سەرۆکی هەرێم، هەم بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەی، کە لەکەرکووک و ناوچەدابڕاوەکان دابوویان و زیاتر لە١٥٢ هەزار دەنگی کورد بەفیڕۆچوو کەهەر یەکەیان پاساوێکیان بۆی هەیە، هەم لەپێناو پاساو هێنانەوە بۆ هەوادارەکانیان کەپرسیاریان لەبارەیەوە دەکرد، ئیدی هەر لەمەسەلەی ساختەکارییەوە بگرە، تادەگاتە نانبڕین و یاساغ کردنی سیاسیەت، بۆیە ئەو کۆبوونەوەیە ناچاری کردن بچنە ژێر ڕکێفی ئەوەی بەیەکدەنگی بچنە جەنگی پارلەمانی عێڕاقەوە، چونکە دەیانزانی لەنێو جەنگی نێوان عەلاوی و عەمار و مالیکی و سەدر بزر دەبن، ئیدی قەبوڵ کردنی پۆستی سەرۆک کۆمار بۆ مام جەلال، کە پێشتر پێی قایل نەدەبوون، گوایە لەبەرامبەر چەند مەرجێکی کەم و نالۆژیکی قەبوڵ کراوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کەهەموو لایەک تێگەیشتن لەوەی، کە لەو پۆستە زیاتر نادرێت بەکورد، هەرئەوەی کە مشتومڕ لەنێوان لیستە شیعی و سوننەکاندا لەسەر پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق کە ناوی کورد نەدەهات، باشترین پنتێک بوو بۆ ئەوەی چیتر پێشنیاری پۆستی تر نەکەن، تادەگاتە ئەوەی هێزە دەرەکییەکان بەهەموو لیستەکانی کوردستانیان گوتبوو، عێراق هەر هەمان عێراقی جاران دەبێت و داوای پۆستی تر مەکەن.

بەر لەهەڵبژاردنەکان کەهەموو لیستەکان پەتایەکی ترسناکیان تووشی کورد کرد، گوایە لیستی کراوە موژدەیەکی نوێی پێیە بۆ گۆڕینی سیستمی تەوافوقی لەعێڕاق و کوردستان، نەک هەروەها دەرنەچوو، بەپێچەوانەوە عێڕاقی گێرایەوە خاڵی سفر، ئەویش بەکارهێنانەوەی سیستمی تەوافوقیە چ لەکوردستان و چ لەعێڕاق، هەرچی ئەوەی کەلەعێڕاقە، دەبوو بەپێی یاساکە لیستی براوە حکومەت دروست بکات، کەچی نەک ئەو یاسایە لەبەرچاو نەگیرا، بەڵکو جارێکی تر لەدەرەوەی دەنگدانی خەڵک کەگوایە بەشدارییەکی ڕاستەوخۆی خەڵک بوو لەسیاسەت، سیستمی تەوافوقی بەکارهات و ئێستا هیچ لیستێک لەبراوەکان ناتوانێ بەتەنها حکومەت پێکبهێنێت، ئەم سیستمە نادیموکراسیە کاریگەری خستە سەر کوردستانیش، هەرئەوەی کەپێشتر ئەوانەی بەناوی ئۆپۆزسیۆنەوە قسەیان دەکرد و لەدەرەنجامەکان و چۆنیەتی دروست کردنی حکومەت ڕازی نەبوون، ئێستا ئیتر بەبینینی ئەو دیمەنەی خوراووی عێراق، ئەو دەنگۆیە نەک هەر نەما، بەڵکو کۆپیەکەشی قەبوڵ کرا، ئەمەش بەشێکە لەو تەوافوقەی کە کوردی ڕێکخستەوە.

بەپێی ئەو دەنگۆیانە بێت کەڕۆژانە دەیبیسین لەئەنجامی گفتوگۆی نێوان لیستە براوەکانی عێراق، حکومەت تاچوار مانگی تریش پێکنایەت، یەکەم لەبەر ئەوەی کەهێشتا تەوافوق لەسەر بەشداری کردنی لیستە براوەکان نەکراوە، دووەم لەبەر ئەوەی مالیکی ناتوانێ وابەئاسانی ئەو خەرجیانەی، کە چەند ساڵێکە لەکابینەکەیدا هەیە تەسفیەی بکات، جگەلەمەش ئەو کێشە هەڵواسراوانەی لەنێوان حکومەتی ناوەندی و کوردستان هەیە لەسەر کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان و نەوت و پێشمەرگە و بودجە، نازانرێ چۆن مامەڵەی لەتەک بکەن، چونکە دەرکەوت کوردەکان ناتوانن بەدەنگ کەرکووک بخەنەوە سەر هەرێمی کوردستان و مادەی ١٤٠ جێبەجێ بکەن، ئەم دەرکەوتەیە کارتێکی بەهێزە بۆ عەرەبە شیعە و سوننەکانیش کە کەرکووک دەبێ وەکو عێراقە بچووکەکەی جاران بمێنێتەوە، بەڵام بەهەرحاڵ تەوافوقی سیاسی کوردەکانی ناچار کرد بەو واقیعە ڕازیبن، هەڵبەت بۆ ئەمریکا و وڵاتانی دراوسێی شیعە مەزهەب و سوننە مەزهەبیش دەرکەوت، کورد ئەو هێزە مەترسیدارە نییە، کە بتوانێ لەهاوکێشە سیاسییەکان لابدات، بۆیە جارێکی تر تەوافوقیان بەعەرەبەکان کرد، تاکو کوردەکانی پێ کۆبکەنەوە.

# ڕۆژ بە ڕۆژ



**هەڵبژاردەی تۆماری ڕووداوەکانە لە دەفتەرە تایبەتییەکانمدا، پاکنووسی هەیڤی شەشەم لە نێوان ٢٣ی نۆڤمبەر تا ٢٢ی دیسمبەر ساڵی ١٩٩٢**

**شێرزاد هەینی ـ ستۆکهۆڵم**

**ڕۆژی ٢٣ ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩٩٣**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٤٩ دەرچوو.

**ڕۆژی ٢٤ ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٥٠ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (نیشتیمان) ی ژمارە ٣ بە ١٠ لاپەڕە دەرچوو.
* سلێمان دیمیریل لە بروکسلەوە وتی: ئێمە هەرگیز قبووڵ ناکەین جارێکی تر کوردەکان ئاوارە بن، کار دەکەین ناوچەکە ئارام بێت.
* یەکەم کاروانی ئارد گەیشتە شاری هەولێر، بڕیارە ئەو ئازووقەیە بە خێرایی بێت تا زستان نەهاتووە و بەفر ڕێگاکانی نەگرتووە، قسەکەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەغدا ڕایگەیاند کەوا ئەو کۆمەکە دوو مانگ دواکەوتبوو.
* بە کۆی دەنگ ئەنجومەنی ئاسایش گەمارۆیەکەی سەر عێراق نوێ دەکەنەوە، سەرۆکی ئەنجومەنەکە بە توندی وەڵامی تاریق عەزیزی دایەوە، کەوا ئەوان بەرپرس نین لەوەی گەلی عێراق ڕەوشی خراپە، ئەوان خۆیان سامانەکەیان لە بن دەستی دەستەیەک ئەفسەرەکانی خۆیان داناوە و کۆمەکی خەڵکەکەی تر ناکەن. سەبارەت بە هەڵگرتنی گەمارۆیەکەش وتبووی، حکومەتی عێراق هێشتا بڕیارەکانی ئاگربەستی جێبەجێ نەکردووە.
* ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان) ژمارەیەکی نوێی دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (یەکگرتن) ی ژمارە ٣ دەرچوو.

**ڕۆژی ٢٥ ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٥١ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٦ بە زمانی ئینگلیزی دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (خەبات) ی ژمارە ٦٤٨ بە زمانی عەرەبی دەرچوو.
* بەفر دەبارێت، کارەبا نییە، بەردەوام بارانە، نرخی یەک گالۆن نەوت بە ٤٥ دینارە، بەنزینیش بە ٤٣ دینارە.
* ژمارەیەکی نوێی گۆڤاری (الثقافة الجديدة) دەرچوو.

**ڕۆژی ٢٦ ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٥٢ دەرچوو.
* ئیمشەو نارنجۆکێک لە تەنیشت بەنزینخانەی شۆڕش دەتەقێتەوە.
* ئاژانسەکان باسی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسێکی کوردیان لە دیاربکر بەناوی (نامیق تەنەرەکەچی) دەکرد، هەواڵەکان وتیان ئەوە ١٢ ڕۆژنامەنووسی کوردە لە تورکیا تیرۆر بکرێت.
* ڕۆژنامەی (هەرێم) ی وەزارەتی ڕۆشنبیری ژمارە سفری دەرچوو.

**ڕۆژی ٢٧ ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٥٣ دەرچوو.

**ڕۆژی ٢٨ ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ئیمڕۆ ٣٠ وەکیلی سوتەمەنی نەوتیان وەرگرت، هەر خێزانێک بڕی ١٠٠ لیتر نەوت لەو وەکیلانە وەردەگرن.

**ڕۆژی ٢٩ ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٥٤ دەرچوو. لەو ژمارەیەدا بابەتێکی کورتم بڵاوبوویەتەوە.
* ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) ی ژمارە ٥٠ دەرچوو.

**ڕۆژی ٣٠ ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٥٥ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (الاتحاد) ی ژمارە ٥ دەرچوو.
* لە هەولێر چەند مینی پلاستیکی بە بارهەڵگرەکانی هێنانی ئازووخەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لکێنرابوون، سێ لەو مینانە تەقینەوە، ئەو هەواڵە لە هەموو ئاژانسەکان ئاماژەی پێدرابوو.
* بەڕێوەبەری گشتی وزەی کارەبای حکومەتی عێراقی وتبووی هۆکاری نەبوونی کارەبای لە ناوچەی کوردەکان بۆ ئەوە دەگێڕایەوە، کەوا چەکدارە کوردەکان هەموو عامووودەکان و مەحەویلەکانیان دزیوە، بۆیە کارەبایان نییە، ئێمە لە نەبوونی کارەبای ئەوان بەرپرس نین.

**ڕۆژی ١ ی دیسمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٥٦ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان) ی ژمارە ٣٤ دەرچوو.
* کارەبای هەولێر زۆر خراپە، کە کارەباش دێتەوە، لەبەر ئەوەی لۆدیان زۆرە زوو مەحەویلەکان دەتەقن، لەبەر کەمی وزەی کارەباش ئاو کەمە و خەڵکەکە لەبەر بێ کارەبایی و بێ ئاوی زۆر پەریشانن. ڕۆژانەش وەکیلەکان بەشە نەوتی خۆیان وەردەگرن، گالۆنی نەوت بە ٣٠ دینارە و بەنزین بە ٤٣ دینارە و کیلۆی شەکر بە ٩ دینارە، ئاشەکانی گەنم لێکردن زۆر قەرەباڵغە، لە ئێرانەوە خواردەمەنی زۆر دەگاتە بازاڕەکانی کوردستان، ئەوە چەند شەوە تەلەڤزیۆنمان نەدیوەو شار تاریکە.
* ئیمشەو تەقەیان لە بارەگایەکی حزبی یەکگرتن کردبوو، ئەوانیش بە تەقە وەڵامیان داوەتەوە و زیانی گیانی نەبوو.
* یەک قنینە غازم بە ١٦٠ دینار کڕی.

**ڕۆژی ٢ ی دیسمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٥٧ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (خەبات) ی ژمارە ٦٤٩ دەرچوو.

**ڕۆژی ٣ ی دیسمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٥٨ دەرچوو.

**ڕۆژی ٤ ی دیسمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٥٩ دەرچوو.
* ژمارەیەکی نوێی ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان) دەرچوو.
* گۆڤاری (پەیامی وەرگێڕ) ژمارەی ١ و ٢ ی بە چاپی جوان و قەشەنگ دەرچوو.
* بۆ گەیاندنی دانەوێڵە بۆ جووتیارەکان گەورەترین کاروانی دانەوێڵە لە دیاربەکرەوە بەرەو کوردستان بەڕێکەوت.
* دەنگی ئیسرائیل: کوردەکانی پاکستان بۆ وەرگرتنی ڤیزا و گەیشتنیان بە وڵاتانی ئەوروپا خۆپیشاندانێکی گەورەیان بۆ بەردەم ئۆفیسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان سازکردبوو، ژمارەیان دەگەیشتە ٥٠٠ کەس، لەوانە دوو ژنیان هەوڵیان دابوو خۆیان بسوتێنن.

**ڕۆژی ٥ ی دیسمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (الاتحاد) ی ژمارە ٦ دەرچوو، لەو ژمارەیەدا بابەتێکم نووسیبوو بە ناوی (لماذا مات ابو شهاب البغدادي في اربيل) بڵاوکرایەوە.
* ئەوە دووەم ڕۆژە دوو کۆپتەری ڕەش لە هەولێر دەنیشنەوە و پاش ماوەیەک دەگەڕێنەوە، هێشتا نەزانراوە ئەو دوو کۆپتەرە بۆچی دەهێنە هەولێر.
* بەنزین گالۆنی بە ٤٣ تا ٤٥ دینارە.

**ڕۆژی ٦ ی دیسمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٦٠ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) ی ژمارە ٥١ دەرچوو.
* بی بی سی: حکومەتی ئەمریکا بڕیاری داوە بۆ دابەشکردنی یارمەتییە مرۆییەکان دوو نووسینگە بکاتەوە. ئەو هەواڵە لە ڕادیۆی قاهیرەش بڵاوکرایەوە. دیارە سەردانەکەی ئۆزال بۆ میسر پەیوەندی بە کوردستانەوە هەیە، بۆیە ئەو چرپەیە هەیە.

**ڕۆژی ٧ ی دیسمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٦١ دەرچوو.
* لەناو مێزی تایبەتی پارێزگاری هەولێر مینێکی داناراوە دەدۆزرێتەوە، فەرمانبەرەکان هەموو بینایەکە چۆڵ دەکەن، شەو لە تەلەڤزیۆنەکان پارێزگار باسی ئەو مەسەلەیەی کرد.
* کە بارهەڵگرەکان دەگەنە شارۆچکەی کەڵەک (خەبات) چەند مینێکی لکێنراو بەو لۆریانە دەدۆزنەوە، تیمی تایبەت توانی مەسەلەکە چارەسەر بکەن.
* سەربازێکی عێراقی لە ئوردنەوە و بە جلی سەربازییەوە خۆی دەگەیێنێتە ناو سنووری ئیسرائیل، سەربازەکە وتبووی، ئوردنییەکان منیان دەگەڕاندەوە ناو عێراق، منیش چارەم نەما بێمە ناو ئیسرائیل تا ڕادەستی حکومەتی عێراقم نەکەنەوە. ئیسرائیلییەکان دەڵێن لە کاتی شەڕەکەی کەنداویش چەند سەربازی تری عێراقی هاتبوونە ناو وڵاتەکەمان، ئێمەش بەپێی ئارەزووی خۆیانەوە ڕەوانەی ئەو وڵاتانەمان کردن کە دەیانویست.

**ڕۆژی ٨ ی دیسمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٦٢ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان) ی ژمارە ٣٦ دەرچوو. لەو ژمارەیەد کەریم ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی عێراقی نووسیبووی پێویستە حزبی شیوعی کوردستان دامەزرێنین، ئەوەش بە ڕەزامەندی هاوڕێیە عەرەبەکانەوە دەبێت، ئەوەش مافی ڕەوای کوردەکانە کە حزبی چینی زەحمەتکێش و کرێکارانی سەربەخۆیان هەبێت، چونکە سەردەمەکە کاتی مافی چارەی خۆنووسینە.

**ڕۆژی ٩ ی دیسمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٦٣ دەرچوو. لەو ژمارەیەدا و لە لاپەڕەی دوایی کورتە نووسینێکم بڵاوکرایەوە.
* ڕۆژنامەی (خەبات) ی ژمارە ٦٥٠ دەرچوو.
* لەگەڵ سەرۆکی شارەوانی دانیشتم، وتی وەزیر بڕیاریداوە ڕۆژنامەی هەولێر بەردەوام بێت و پشتیوانی دەکات.

**ڕۆژی ١٠ ی دیسمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٦٤ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (هەرێم) ی ژمارەی دووەمی دەرچوو.

**ڕۆژی ١١ ی دیسمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٦٥ دەرچوو.
* گۆڤاری نووسەری کورد بە بەرگێکی گەورە دوو ژمارەی سێ و چوارەمی بە ناوەرۆکێکی دەوڵەمەندەوە دەرچوو.
* لە تورکیا کۆبونەوەی نمایندەی هێزەکانی هاوپەیمانان لەگەڵ تورکیا بەردەوامە، لەو کۆبونەوەیەدا باس لەوە دەکەن هێزەکان بۆ پشتیوانی و پاراستنی کوردەکان لە تورکیا بمێنێنەوە.

**ڕۆژی ١٢ ی دیسمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (الاتحاد) ی ژمارە ٧ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (یەکگرتن) ی ژمارە ٤ دەرچوو.
* ئیمڕۆ شوفێری ڕیمەکانی هێڵەکانی ناوشار و ئۆردوگاکان مانیان گرتبوو، داوایان دەکرد پارەی وردەیان لە بانک لێ وەرگرن، چونکە لە بازاڕ ئەو پارەیە مامەڵەی پێ ناکرێت، کرێی سواربوونەکەش بە پارەیەکی کەمی وردە دەبێت، بۆیەش خەڵکەکە پارەی وردە دەدات.

**ڕۆژی ١٣ ی دیسمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٦٦ دەرچوو. لەو ژمارەیەدا نووسینێکی کورتم بڵاوکرایەوە.
* ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) ی ژمارە ٥٢ دەرچوو.
* ئیمشەو دەقی دانیشتنەکەی پەرلەمانی کوردستان لە تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان بڵاوکرایەوە، لەو دانیشتنەدا باس لە گۆڕینی ناوی وەزارەتی ئەوقاوف و کاروباری ئیسلامی کرا، مەبەست ئەوە بوو ئیماندارانی ئاینەکانی تری ناو کوردستان ڕازی بکەن، واتە وەزارەتەکە پێگە و سەرچاوەی ئەوانیش بێت، لە کۆتایی بڕیاردرا ناوی وەزارەتەکە وەک خۆی بمێنێتەوە، چونکە ئەوقاف هەموو ئاینەکان دەگرێتەوە. بڵاوکردنەوەی دەقی دانیشتنەکە لەلایەن خەڵکەوە بە خۆشی باس دەکرا.

**ڕۆژی ١٤ ی دیسمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٦٧ دەرچوو.

**ڕۆژی ١٥ ی دیسمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٦٨ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان) ی ژمارە ٣٧ دەرچوو.
* تیمەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بارەگای لیژنەی ئۆلۆمپیان لە بەغدا پشکنی، پاش پشکنینی ئەو بارەگایە لە عێراق دەرچوون. ڕۆژنامەی بابل کە کوڕی سەدام سەرنووسەر و بڕیاردەریەتی بڵاویکردەوە، کەوا سەگە بەرەڵاکان هاتنە ناو ئەو بارەگایە و هیچیان نەدرکاند و دەرچوون.
* مانگرتنی شوفێری پاسەکانی ڕیم لە هەولێر کۆتایی هات، گفتی ئەوەیان وەرگرت پارە وردەکانیان لە بانک لێ وەرگرن، لە جیاتی ئەوە پارەی کاغەزی ٥ و ١٠ یان بدەنێ، هەروەها بڕیاریشدرا گازیان هەرزان بدەنێ. لە تەلەڤزیۆنی یەکگرتن شوفێرەکان بەئاشکرا گلەییان لە پارێزگا دەکرد و قسەیان لە سەر ئاسایش هەبوو.
* بی بی سی: حکومەتی ئەمریکی ٥٠ ملیۆن دۆلاریان بۆ فریاکەوتنی میللەتی عێراق تەرخانکردووە، هەروەها کوێت و سعوودیەش هەمان بڕە پارەیان وەک یارمەتی داوە. دیارە هێشتا پارەی بلۆککراوی عێراقیان بۆ مەبەستی فریاکەوتن دەست لێ نەداوە.

**ڕۆژی ١٦ ی دیسمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٦٩ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (خەبات) ی ژمارە ٦٥١ دەرچوو.
* لە هۆڵی میدیا (مرکز ابحاث الاشتراكي في العالم العربي) پێشانگای فرۆشتنی کتێبی سوسیالیستی و ئەدەبی و گۆڤار و بڵاوکراوەکانی نمایش کرد، پێشانگاکە بازاڕی گەرم بوو، قەرەباڵغییەکی زۆری لەسەر بوو. هەر لەو نمایشەدا لە کاتژمێری سێی ئێوارە کەریم ئەحمەد و فەلەکەدین کاکەیی دوو کۆڕیان لەسەر سیاسەتی نوێی جیهان و کوردستان گێڕا، کەریم ئەحمەد باسێکی لەسەر پێویستی قەوارەی سیاسی بۆ کوردستان خستەڕوو، قۆناخەکانی خەباتی کورد بۆ دەستبەرکردنی ئەو قەوارەیە و هۆکارەکانی سەرنەکەوتنەکانی باسکرد، لەوانە دەوری حکومەتەکانی ناوچەکە و دەرەوە و پێشهاتە سیاسییەکانیش هۆکاری بووینە، کە ئەو خەونە نەهاتووتە دی. فەلەکەدین کاکەییش لەلایەن خۆیەوە باسی ڕۆڵی دراوسێیەکانی کوردستانی کرد، کە چەند مەترسییان لەسەر ڕەوشی بزاڤەکە و خەونی میللەتەکە هەبووە، دەمارگیری ئەو حکومەت و نەتەوانە هۆکاری دیار بووینە لە سەرنەکەوتنی بزاڤەکە، بۆیەش پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتی کوردستان کارکەر بن و نیگا و بۆچوونەکانیان بە میللەتانی ئەو وڵاتانە ڕوون بکەنەوە، هەروەها کۆڕگێڕ باسی ئەوەشی کرد، کەوا ڕێکخراوە چەپەکانیش لەو سەردەمانە بە نیگا گۆشەیەکی تەسکەوە سەیری کێشەی کورد دەکەن، زۆر جاریش بزاڤەکە و کوردەکەش بە نۆکەری ئیستعماریش پێناسە دەکەن. ئەوەی شایانی باسە ژمارەیەکی بەرچاویش لە هاووڵاتیان بەشدار بوون.
* چەند ڕۆژ بوو کۆبونەوەی حزبە کوردستانییەکان لە هوتێلی قەسری ئەلزەهبی بەردەوام بوو، ناوچەکە بە توندی گەمارۆ درابوو.
* بەردەوام بارانێکی خۆش دەبارێت.

**ڕۆژی ١٧ ی دیسمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٧٠ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (هەرێم) ی ژمارە ٣ دەرچوو.
* ئیمشەو تەلەڤزیۆن فیلمی مەرگی ئەرخەوانی هونەرمەند کامەران ڕەئوفی نیشاندا.
* لەبەر ئەوەی مام جەلال و کاک مەسعوود لە هەولێر بوون، لە شەقامەکانی ناوشار پشکنینی وردی ئۆتومبێلی هاووڵاتیان دەکرا.
* لەو یەک دوو ڕۆژە خەڵک زۆر دەکوژرێت، خەڵکی بەوە نیگەرانە.
* لە ڕێگای گەڕانەوەی لۆرییەکانی باری ئازووخەکانی کوردستان مینی پلاستیکی لە ژێرەوەیان دەدۆزرێتەوە، بەڵام زیانیان نەبوو.

**ڕۆژی ١٨ ی دیسمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٧١ دەرچوو.
* ئاژانسەکان: جێگری وەزیر دەرەوەی ئەمریکی ئیداورد جۆرجیان ڕایگەیاند کەوا حکومەتەکەی نیگەرانە لەوەی لۆرییەکانی بارهەڵگرەکان مینیان پێکەوە دەلکێنن و دەیانترسێنن تا ئازووخە نەبەنە باکووری عێراق، گومانیش دەکەین بەکرێگیراوان و پیاوانی حکومەتی عێراق ئەو کارانە ئەنجام بدەن، ئێمەش لەو کارانە بێدەنگ نابین، ناچارین ئیجرائات بکەین، بوار نادەین ڕەوشی ناوچەی کوردەکان ئاڵۆز بکرێت و هێرشیان بکرێتە سەر، بۆیە لەگەڵ هاوپەیمانەکان دانوستان دەکەین، ناکرێ ئەوە لەسەر حکومەتی عێراق بڕوات.
* جەوهەر نامیق سالم سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان گەیشتە فەرەنسا، لەوێ لەسەر ڕەوشی کوردستان و عێراق قسەی بۆ ڕادیۆی مۆنتی کارلۆ کرد.
* نارنجۆکێکی پێنج کیلۆ تی ئێن تی بە کۆمیتەی چواری یەکێتی تەقییەوە، چوار کادری یەکێتی تێدا بریندار بوون.

**ڕۆژی ١٩ ی دیسمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (الاتحاد) ی ژمارە ٨ دەرچوو.
* نارنجۆکێک لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر دەتەقێتەوە، بەڵام زیانی نەبوو.
* نەتەوە یەکگرتووەکان دەگاتە ئەو بڕوایەی کاروانی ئازووخەکانی دەچێتە کوردستان مەترسی لەسەرە، بۆیە کاروانەکەیان بە شێوەیەکی کاتی ڕادەگرێت تا حکومەتی عێراقی بڕیاردەدات ڕێگاکە بپارێزێت و مەترسی لەسەر لۆرییەکان نەمێنێت.

**ڕۆژی ٢٠ ی دیسمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٧٢ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) ی ژمارە ٥٣ دەرچوو.
* ئیمڕۆ ناوچەی هوتێلی شیرین پالاس چۆڵکرا، وتیان وەفدێکی گەورە لەو هوتێلە دادەبەزێت.
* لەناو شوورەی یانەی ئەندازیاران نارنجۆکێک دەتەقێتەوە، خۆشبەختانە زیانی نەبوو.
* لەناو ژووری بەڕێوەبەری چاپخانەی زانکۆ نارنجۆکێک دەتەقێتەوە و کەس بەر ناکەوێت.

**ڕۆژی ٢١ ی دیسمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٧٣ دەرچوو.
* سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان پوترس غالی نیگەرانی خۆی سەبارت بە هەوڵی تەقاندنەوەی لۆرییەکانی ئازووخەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق ڕاگەیاند، بەتایبەتی ئەوانەی دەچنە کوردستان، بۆیەش بڕیار دەدەن پۆلیسی نێونەتەوەیی ژمارەیان زۆر بکرێت، ئەوانیش بەشداربن لە پشکنینەکان.

**ڕۆژی ٢٢ ی دیسمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٧٤ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان) ی ژمارە ٣٨ دەرچوو.

**بەشی**
**ڕۆژانەکە بەردەوامە**

## پرسە

**بەناوی ئەنجومەنی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو خاتوو "بەدیعە وسو باخەمرەیی"، کە دەکاتە دایکی "شێرزاد هەینی و ئازادو نەهرۆو گۆران و هۆزان و دیلان" دەکەین، کە لە شەوی ٣/٤-٤-٢٠١٠ لە شاری هەولێر بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد، لە خوای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و داوای تەمەن درێژیش بۆ بنەماڵەکەیان.**

**دەزگای چاپ و**
**بڵاوکردنەوەی بەدرخان**

# ئایا داوای لێبوردنیان لێ بکەین؟

**د. محەمەد کاکە سوور**

هەموو زمانێک تایبەتمەندی خۆی هەیە کە لە زمانی تر جیادەکاتەوە.
هەر زمانێکیش لەوانەیە خاڵی بەهێزی و لاوازی خۆی هەبێت، زمانی پێشکەوتوو و دواکەوتووش هەیە، هەروەها زمانی زیندوو و زمانی مردووش هەیە، زمان هەیە لە زمانی تر پتر خزمەت کراوە. هتد، ئەوەی لێرەدا دەمەوێ باسی لێوە بکەم وشەی "نفاق" لە زمانی عارەبی کە لە زمانی کوردیدا وشەی "دووڕوو"ی بۆ داندراوە، من پێم وایە وشە عەرەبییەکە گونجاوترە هەر بۆیە هەندێک جار لە نووسینە کوردییەکانیش هەر نیفاق و موونافیق بەکار دەهێندرێن، چونکە وشە عەرەبییەکە کراوەیە، بەڵام کوردییەکە سنووردارە، تەنیا دووڕووی بۆ کەسی مەبەست دیاری کردووە، لە کاتێکدا من لە ئەزموونی رۆژانەی خۆمدا کەسی وام بینیوە بیست ڕوو، سی ڕووی هەبووە، خەڵکم بینیوە حەپەساون بە دەست خەڵکانی سێ سەد ڕوو و چوار سەد رووش، بۆیە ئێمە زوڵم لەو کەسانە دەکەین کە تەنیا بەدووڕوو ناویان بهێنین لە کاتێکدا ئەوان زۆر لەوە ترسناکتر و پیسترن، توانایان زیاترە لە ئازار بە خەڵک گەیاندن، هەرچەندە کە ئەو کەسانە دان بەو توانایەی خۆیان ناهێنن و تاکو ئێستا هیچ ڕێکخراوێک نییە کۆیان بکاتەوە، تەنانەت زۆر جار خۆیان پێ مەزلوومەو گلەیی لە داروبەرد، زەمان و دەوران دەکەن، کە گوایە ئەوان قوربانی دەستی نیفاقن، بۆیە دەمەوێ لە ئێوە بپرسم کە ئایا ئێمە غەدرمان لێ نەکردوون، کە تاکو ئێستا هەر بە دووروو! ناومان هێناون؟ ئایا پێویست دەکات داوای لێبوردنیان لێ بکەین؟!
لەبەرئەوەی کە ناوەکەیان لە زمانی کوردی پڕ بەپێستی سروشتیان نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئێمە کوردین، هەرچەندە کە پێم وایە زۆربەی نەهامەتییەکانی کورد بە درێژایی مێژووی کورد بە هۆی مونافیقە کوردەکانەوە بێت، نەک داگیرکەرە بێگانەکان.

# بەیەک هەڵوێستی پێگەی کورد لەبەغدا بەهێزدەبێت

**کازم عومەر دەباغ**

رۆژی ٢٠١٠/٣/٧ لە ١٨ پارێزگاکەی عێراق بەهەموو شارو شارۆچکەو گوندەکان خەڵکی بەرەو سندوقەکانی هەڵبژاردن رۆیشتن و بەشداری ئەم پرۆسە دیموکراسییەیان کرد. بەگیانی هەستکردن بەلێپرسراویەتی بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی میللەت بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی عیراق بۆ جاری دووەم دوای پرۆسەی ئازادی عیراق لە ٢٠٠٣/٤/٩ .
هەڵبژاردنی ئەمجارە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە چ لەسەر ئاستی عێراق چ لەسەر ئاستی نێودەولەتی. ئەگەرچی کورد لەسەرەتای ئەم پرۆسە دیموکراتییە دایە. بەڵام بەگیانی هەست کردن بەلێپرسراویەتی بەرانبەر بەمێژوو زۆر بەپەرۆشەوە پێشوازیان لەم پرۆسەیە کرد، هەر بۆیە رێژەی بەشداربووانی خەڵکی هەرێمی کوردستان بە بەراووردلەگەڵا شوێنەکانی دیکەی عێراق گەلێک زیاتر بوو، چونکە کورد بەم دەنگدانە چارەنووسی خۆی دەست نیشان دەکات.
ئەوەی جێگای داخە عەرەبە شۆڤێنییەکان تا ئەم سات و کاتە ئەم پرۆسە دیموکراتییەیان پێ قبول ناکرێت و بەهەر شێوەیەک بۆیان بلوێت ئاستەنگ لەبەردەم ئەم پرۆسە دیموکراتییە دروست دەکات. هەروەک بەچاوی خۆمان دیتمان کەچۆن لەشاری ( لەندەن ) عەرەبە شۆڤێنییەکان لەمپەریان دروست کرد لەبەردەم کوردەکانی تاراوگە لەرۆژانی هەڵبژاردن، بەبیانووی جیاجیای پڕوپووچ !!!
ناحەزانی کورد باش هەست بەو ڕاستییە دەکەن کە دەنگدانی ئەم جارە چارەنووسسازە وەک راپرسییەکی مێژوویی بۆ گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ باوەشی کوردستانی دایک .
سەرکردایەتی کورد دەبێت ژیرانە مامەڵە لەگەڵا بارودۆخەکە بکات بەپاراستنی یەک ریزی میللەتەکەمان و خۆدوورگرتن لەبەکارهێنانی توندوتیژی و پەندوەرگرتن لەیەکترازان و ناکۆکییەکانی شۆڕشە یەک لەدوای یەکەکانی کورد لەمێژووی کۆن و نوێدا.
دوژمنانیش ئەم هەلانەیان بۆ مەرامی گڵاوی خۆیان قۆستۆتەوە.
دەبێت پەند لەرابردووی خۆمان وەربگرین لەسەر بنەمای ئەم پەندە کارەکانمان رێک بخەین (( هەر ئەقلەک لەخەسارەیەک )) .
لیست و قەوارە و لایەنە سیاسییەکان لەهەر ئاستێک بن بارگرانایيەکی نیشتمانپەروەریان لە ئەستۆدایە، هەر دابڕان و لادانێک لە ریزەکانی میللەت چارەنووسی کورد رووبەڕووی مەترسی دەکاتەوە . ئەو کات مێژوو ئەم لایەنە کەمتەرخەمانە دەخاتە ناو بازنەی ((خیانەتکار)) و بۆ نەوەکانی داهاتووی دەگێرێتەوە.
ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێ بکەین لیست و قەوارەسیاسییەکان لەماڵە گەورەکەی خۆیان، کە کوردستانە چەند جیاوازبن گرفت نییە. بەڵام کە چوونە ئەو دیوی حەمرین بۆ ناو پەرلەمانی عێراق پێویستە یەک وتاربین و بەرژەوەندی گشتی لەسەرووی بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی دابنێین.
سەنگی کورد تەنیا بە یەکیەتی زیاددەبێت. کورد ئەمڕۆ خاڵی وەرچەرخانە بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراق. رۆژانە نوێنەری لیست و قەوارە سیاسییەکان سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن بۆ هاوپەیمانیەتی کردن لەگەڵا کورد بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراق.
هەر هاوپەیمانیەتیەکی کورد کە دەیکات لەگەڵا لایەنەکانی عێراقی پێویستە مەرجدار بێت و دەستنیشانی کاتی جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی تێدابکرێت . بەپەیمان و قسەی بریقەدار نەخەڵەتێین، بۆ ئەوەی بەرژەوەندی میللەتەکەمان نەکەوێتە مەترسی .
بەپێی ئامارە بەراییەکان لەگەڵا هەموو ئەو ساختەکاریانەی، کە لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان کراوە تائێستا هیچ لایەنێک زیاتر لە ٣٦٪ ی دەنگی نەهێناوە لەهەڵبژاردنەکان، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت بەبێ هاوپەیمانیەتی کورد ناتوانرێت حکومەتی داهاتووی عێراق پێک بهێنرێت بۆیە پێویستە سەرکردایەتی کورد ژیرانە هەنگاو بنێت و پەلە نەکات لەمۆر کردنی هەر هاوپەیمانیەتیەکی، کە دەیکات بۆ ئەوەی مافەچارەنووسسازەکانمان نەکەونە مەترسی .!

# چاوچنۆک هەر چاوچنۆکە

**میراو ئاژگەیی**

چاوچنۆک وشەیەکی کوردی پەتییە، واتە مرۆڤ هەر چەندە هەبووی و پارەدار بێ، کەچی زیاتر چاوبرسی و بەدوای ڕێگای نابەجێ بگەڕێ بۆ زیاتر پارە پەیداکردن و لف کردن و کۆکردنەوەی سەروەت و سامان، ئەو وشەیەش بیرمە سەرەتای ساڵی هەشتاکان زۆر باو بوو و زیاتر بووە وشەیەکی سەر زارو دەنگی دایەوە، کە هونەرمەندێک ڕۆڵی سەرەکی پیاوێکی زۆر چاوچنۆکی دەبینی لە چیرۆکی هەبوو نەبوو، کە بە یەکێک لە باشترین چیرۆکەکانی ساڵانی هەشتاکان دەژمێردرێ، ڕۆڵەکەشی زۆر جوان دەبینی و مافی خۆی پێدابوو، ئیتر هەر پاش ئەم چیرۆکە زۆر جار بەگاڵتەجاڕی بە یەکتریمان دەوت چاوچنۆک، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم وشەیە لەگەڵ ئەو ڕۆژگارە نەدەگونجاو هاوتەریب نەبوو، چونکە جگە لە کوردە خۆفرۆشەکان خەڵکی چاوچنۆک بە دەگمەن لەڕیزی جەماوەردا بەرچاو دەکەوت،
خەڵک بە گشتی چاوتێرو نەفس بەرز و ڕاستگۆو شۆڕشگێڕو ڕۆشنبیرو نیشتمانپەروەرو جێگای متمانەو خۆشەویستی بوون لەناو یەکتری، بەڵام ئەم وشەیە ئێستا پڕ بە پێستی خۆیەتی و لەگەڵ واقعی کۆمەڵگاکەمان دێتەوەو هاوتەرییە، چونکە خەڵک دروست بە پێچەوانەی ڕۆژگاری ڕابردوو هەڵسوکەوت دەکات و بیر دەکاتەوەو بەگشتی چاوبرسی و نەفس نزم و خۆپەرست و ناڕۆشنبیر بووە، خۆشەویستی و هاوکاری هەماهەنگی و کوردایەتی هەمووی لە ڕوانگەی پارەو بەرژەوەندی تایبەتی هەڵدەسەنگێندرێ، کە ئەمەش نیشانەی تێکچوونی بنەمای هەر کۆمەڵگایەکە، کڵاو لەسەرنان و فریودانی یەکتری و ئیرەیی بەیەکتر بردن، بووەتە شتێکی ئاسایی و ڕۆژانە، کارەسات لەوەدایە: ئەو چاوچنۆکییە لە ڕیزی زۆر لە سیاسییەکان و بەرپرسە باڵاکان و ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و یاساناسان و پزیشکانیش ڕەنگی داوەتەوە، کە ئەمانەش سەرچاوەو هەوێنی بە ڕۆشنبیرکردن و بەڕێوەبردن و بە تەندروست کردن و بە یاساکردنی هەر کۆمەڵگایەکن، کەواتە دارێک لە ڕەگەوە ڕزیو بێت، بێگومان گەڵاکانیشی زەردو دەپووکێنەوە، من دەمەوێ زیاتر روو لە هونەرمەندان و نووسەران بکەم، کە دەبنە چەقی قورسایی فشارەکان بۆ سەر دەسەڵات، هەمیشە زۆر لە هونەرمەندان و ڕۆشەنبیرانی دنیا لە ژێر هەر دەسەڵات و فشارێکدا بووبن بوونەتە قەڵغانی ئەو شمشێرانەی، کە ویستویانە چۆک بە دەسەڵات دابدەن و بی چەقینەوەو ڕاستە ڕێی بکەن و هەمیشە دەسەڵاتیش لە قەلەم و دەنگەکەیان ترساون و بەهەندیان وەرگرتوون، کەچی بە پێچەوانەی ئەوانەی کوردستان کە زۆریان نەک بوونەتە ئەو قەڵغانە، بەڵکو بوونەتە دۆڵەنگیۆی چاوەشی دەسەڵات و بێ دەنگ کردنی جەماوەر بە مەبەستی وەرگرتنی پارچە زەویەک یان موچەیەک و پاداشت و وەزیفەیەک، لە ڕەگ و ریشە دەرهێنانی ئەو بنەما پاک و بێ گەردەی کۆمەڵگای ئێمە، بە چاوچنۆک کردنی لە مزایەدەو هەراج پێکردنی هونەرمەند و ڕۆشنبیرانەوە دەستی پێکرد دواتر خرایە ناو ریزەکانی تری خەڵک پاشان بە پێچەوانەوە ڕۆشنبیرو هونەرمەند و ریزەکانی تریش فێربوون، کە مزایەدە و هەراج بکەن لەسەر حزبەکان و لەم بەرو ئەوبەر زەوی و موچە وەرگرن و دوایی بە بیانوویەک معامەلە لەسەر ئەوە بکەن، ئەگەر لەو سەنگەرەوە بگوازنەوە بۆ ئەو سەنگەر چ پاداشتێک و وەزیفەیەک وەربگرێ، ئەگەر فلان و فیساریش رازی بکات و لەگەڵ خۆی بیان هێنێتەوە پاروەکەی چەند چەورتر دەبێ، ئایا دەبێ نرخ و بەهای ئەو جۆرە ڕۆشنبیرو هونەرمەندانە چەند بێ، دەبێ چ خەڵکانێک سوود لە هونەر و نووسینەکانیان وەرگرن، ئایا ئەو دەسەڵاتانە تاکەی وشیار نەبنەوە لە چاو چڵێسی ئەم جۆرە کەسانە؟، ئایا کێ تاوانبارە لە چاوچنۆک کردنی زۆربەی ئەم کۆمەڵگایە و بێ پرەنسیپ کردنی؟ ئایا دەیان ساڵی ترمان پێویست نییە تا دێینەوە سەر سکەو ئەو کۆمەڵگایە جارێکی تر فێری پرەنسیپ و ڕاستگۆیی و ویژدان و چاوتێری بکەینەوە، بۆیە دەڵێم چاوچنۆک هەر چاوچنۆکە و پێشینانیش گوتەنی تەنها بە مشتە خۆڵێک ئەم چاوە پڕ دەبێتەوە.

# ناساندنی تاوانەکانی هەڵەبجە بەجینۆساید چی دەگەیەنێت؟

**هەڵکەوت ساڵەیی**

کاتێ رژێمێکی تۆتالیتار بەبێ ئیرادەی گەل، واتە بێ پرۆسەی هەڵبژاردنی دیموکراتی حوکمی دەکەوێتە دەست هەر لەسەرەتاوە مافی دەنگدەر و مافی میللەت پێشێل دەکات...
نەخوازە رژێمێک سەروەت و سامانێکی زۆری بکەوێتە بەردەست!!!
ئایا بە چ ڕێگایەک نەیارانی خۆی و ئازادیخوازان لەناودەبات و سەرکوت دەکات؟
گومان لەوەدا نییە زیندانە تاریکەکانی تژی دەکات لە خەڵکان و نوێترین ڕێبازی ئەشکەنجەدان و ئازاردانی جەستەیی و دەروونی ئینجا لە سێدارەدانی گەنجان و بێ تاوانان.
هەتا ڕەشبگیرو دواجار سووتانی تەڕو وشک و وێران و رووخاندنی زیاتر لە چوار هەزارو پێنج سەد "٤٥٠٠" گوند، دەربەدەرکردنی خەڵکە سڤیل و بێ گوناهەکەی.
ئینجا کار بگاتە کۆمەڵکوژی و کیمیاباران و ئەنفال، کە تاوانییان هەر ئەوەندە بوو کە کورد بوون.
هەر وەک رژێمی دیکتاتۆری عێراق لەگەڵ گەلانی عێراق بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی درێغی نەکرد لەم تاوانانە. دوور لە هەموو یاساکانی مافی مرۆڤ و بڕیارو ڕێککەوتننامەکانی نێودەوڵەتی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجوومەنی ئاسایش..
کە هەموو دەوڵەت و رژێمێکی دیمکراتی مەرجی بوون بە ئەندام بوونی لەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە جێبەجێ کردنی بڕیارو یاساکانییەتی.
بەڵام کورد وتەنی هەر زاڵمێ زەواڵێکی هەیە، چونکە ناکرێ ستەم و زۆرداری هەتا سەر بەردەوام بێت، بەڵکو تیشکی ئازادی هەڵدێت و عەدالەت و یەکسانی سەقامگیر دەبێت، بۆیە لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقی لە ٢٠٠٣ز. عێراق وەرچەرخانێکی مێژوویی بەخۆیەوە دیت، ئەویش نەمانی ئەو رژێمە خوێناوییەو هاتنی ئەو پرۆسە دیموکراتییەی، کە بڕوای بە گواستنەوەی نەتەوەو ئاین و ئایدۆلۆژیا و ڕەچاوی مافی هەموو لایەک بکات...
لە ئەنجامیشدا تاوان بارانی ئەنفال و کیمیاباران لە پاش دادگایی کردنێکی ئاشکرا بە سزای خۆیان گەیشتن، بۆیە بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی بە ناساندنی تاوانەکانی ئەنفال و هەڵەبجە بەجینۆساید مانایەکی گەورە دەبەخشێ لای ئازادیخوازانی جیهان و لای برینداران جەستەیی و دەروونی ئەم خەڵکانەو خانەوادەکانی ئەم قوربانییانە.
ئەم کارەش تەنها دەرهەق بەم قوربانییە بێ گوناهانە نەبوو، بەڵکو تاوانێکی گەورەش بوو بەرامبەر بە ژینگەش.
مانای سیاسیش ئەوەیە کە نابێ جارێکی تر کورد جینۆساید بکرێتەوە. هەر کەس و رژێمێ ئەم کارە بکات ئەوە ئەنجامەکەیەتی، لەهەموو جیهاندا.
بۆ ناوەوەش واتا ناوخۆی وڵات. دەبێ کەس و کاری ئەم قوربانییانە قەرەبووی ماددی و مەعنەوی بکرێنەوە لە دابینکردنی خانووبەرەو مووچەیەکی باش لە پێناو ژیانێکی ئاسوودەو سەربەرزانە...
بۆیە سەرەڕای ئەم هەموو ئێش و ئازارەی قوربانییان...
بڕیاری بەجینۆسایدکردنی تاوانەکانی هەڵەبجە و ئەنفال..سەرکەوتنێکە بۆ حەق. هۆیەکە بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانیان.
سەرکەوتنێکە بۆ بەرەو پێش چوونی دۆزی گەلی کورد لە پێناو گەیشتن بە هەموو هیواو ئاواتەکانی خۆی...

## با هەبێ (٣٩)



**سەنگەر زراری**

# ئیزعاجم بە نامەکانتان

تا درەنگانی شەو بەهۆی گریان و فیغانی (یارا)ی کچمەوە (کە هێشتا کۆرپەڵەیە) ناتوانم بخەوم، دوای ئەوەی خەوم لێکەوت، کاتژمێر (٢)ی نیوەشەو (تووت تووت. تووت تووت)، نامەیەکم بۆ دێت. بەر لەوەی نامەکە بکەمەوە، سەد دوعا دەخوێنم، خوایە گیان هیچ رووی نەدابێ و خزم و کەس سەلامەت بن، بەم نیوەشەوە، بە ترس و لەرزەوە نامەکە دەکەمەوە:
(دەرگەکانی بەختت بکەوە لە (٢٠١٠) "ش" بنێرە بۆ...)
منێک کە خۆم کەیفم بە بەخت و بورج و کەلوان نایەت و بڕوام بەم سیحر و جادووانە نییە، ئەمە چییە بەم نیوە شەوە؟! خوا بەزیادی نەکات. بەڵام ئەلحەمدولیلا هیچ رووی نەدابوو، قیڕوسیا لەو بەئاگاهاتنەش، خۆ سەلامەتییە. دەنوومەوە. سەعاتێکی تر نامەیەک بە ئاگام دێنێتەوە، جارەکەی تر هیچ نەبوو، ئەمجارەیان بە دڵنیاییەوە شتێک روویداوە، خوایە گیان بە هانامان وەرە..
(هەموو خەمەکانت چارەسەر بکە بەناوە جوانەکانی خوا "ت" بنێرە بۆ...)
ئۆف خوایە گیان. جارەکەی تر بەناوی بەخت و ئەمجارە دەیەوێ بەناوی خوا فێڵم لێ بکات، نە بڕوام بە بەخت و فاڵگرتنەوە هەیە و نە ڕێگاش دەدەم بەناوی خوا هەڵم بخەڵێتێنن.
سەرخەوێکی دی دەشکێنم و نامەیەکی دی بەئاگام دێنێتەوە، ئەمجارە بە عەرەبی پێم دەڵێت:
(ئەگەر بێکاری کەلوەکەت بنێرە بۆ. بۆ ئەوەی کارت بۆ بدۆزینەوە).
کاکە نە بێکارم و نە بڕواشم بە کەلوو هەیە کارم بۆ بدۆزیتەوە، دە وازم لێبێنن با بخەوم و سبەینێ دەوامەکەم بە تەواوی بکەم.
بەرەبەری سبەینێ نامەیەکی ترم بۆ دێت، دیسان ئەو دوودڵییەی کە نەوەکو شتێک روویدابێ وام لێدەکات نامەکە بکەمەوە:
(تەندروستی و سەلامەتی خۆت بە دەست بێنە بە دەرمانی گیایی "ش" بنێرە بۆ...)
سوپاس بۆ خوا کە سەلامەتم، بەڵام ئەگەر هەموو گیانیشم ئازار بێت، نیو سەنت لە ئێوە سەرف ناکەم و نابینن نامەیەکی من بۆ ئێوە بێت. سەیری پەنجەرەکە دەکەم رۆژبۆتەوە، کاتی ئەوەیە خۆم بگۆڕم بۆ دەوام، کچەکەم رێگای دام بخەوم، بەڵام مۆبایلەکە نەیهێشت، دەیەوێت بە نامەیەک تەندروستی و سەلامەتیم پێشکەش بکات، خوا بتانگرێ یاخوا، کە بەو هەموو نامە بێسەروبەرو دژبەیەکە ئیزعاجتان کردم، جارێک بەناوی بەخت و جارێک بەناوی خوا، جارێک بۆ کار و گۆرانی و جارێک بۆ سەلامەتی. ئەرێ دە وازمان لێبێنن با مۆبایلەکانمان نەشکێنین و سیمکارتەکەش فڕێ نەدەین، ئەگەر ئێوە وازمان لێ بێنن ئێمە لە خوا بە زیاد بێ سەلامەتین و وەزعمان زۆر باشە!! ئەگەر هەرنا با شتەکە ئیختیاری بێت، رای بگەیەنن کە ئەوەی ئەو جۆرە نامەیەی دەوێ بۆی بنێرن و یەکێکی وەکو منیش کە بەدڵنیاییەوە نامەوێ، با ئەو عەزیەتە نەخۆن و بۆمی نەنێرن.

# تەنـــز

چەندین ساڵ باوکم لەو رانەی رایگرتبوو، شوانیم بۆی دەکرد، دەبوو هەموو بەیانییەک زوو ئەو مەڕو بزنەی هەیە بیدەمە پێش و
پێش وەخت دایکم لە پرێسکەیەکدا هەندێ نان و تەماتەو خەیارو هەندێ شەکرو چای دەپێچایەوەو لەگەڵ دەبەیەک ئاو و کتلی و قۆریەک دەیخستە ئەو هەگبەی خرابووە سەر پشتی گوێدرێژەکە.
ئەوەی دڵم پێخۆشبوو ماکەرەکە سێبووری پێ بەخشیبووم، سەگەکە پاسەوانێکی باش و شیری بزن و مەڕەکان ئەو هێزو وزەیان دابوومێ قەت لە رۆیشتن و غاردان بەملاو بەولا هەڵگەران بەسەر چیادا پەکم نەکەوێ و زوو تەنگەنەفەس نەبم، ئەو بلوێرەی باوکم لەقەمیش بۆی دروست کردبووم، ئاوەدانییەکی باش و هاوڕێیەک بوو لەبێ خولق و خۆیی خۆمدا لە سووچێکەوە پاڵم بەگاشە بەردێک دادەداو قاچەکانم دەنایە سەر یەک و بلوێرم لێدەدا. ژیانی شوانی خۆشییەکەی لەوەدایە دنیا ئاو بیبات بەخەیاڵت دانایێ، چونکە دووری لە ئاوەدانی، نە زەمی کەس دەکەی و نە شەڕوشۆ بۆخۆت بەرپا دەکەیت.
سێ چوار شەو لە دەرەوەی ئاوایی چوومە چەمێکی چڕو جەنگڵستان، دار سەرتاپای ئەو شوێنەی داپۆشیبوو، ئاوێکی سازگار لە ناوەڕاستی چیا سەرکەشەکە دەهاتە خوارەوە ئەولاو ئەملای چەمەکە چەند گردێکی رک و عاسێ دەورەی دابوو کەورێکی لێبوو، تووڵەرێکەیەک دەچووەوە سەری، ئەو کەورە بۆ من وەکو خانوویێکی خۆشبوو بان و بنەم لێی دانا، من چونکە لە منداڵییەوە وایان راهێنابووم، ترسم لە جرو جانەوەر نەبوو، بەو شەوە یەڵداو نووتەک لە چاوەدا تا درەنگی وەخت ئاگرم وەکو رووناکییەک لەو کەورە دەکردەوە، کە خەویش هەوزەی بۆ دێنا، سەرم بەسەر تاشە بەردێک دادەگرت وەکو سەرین و بەتانییەکم لەخۆم لوولدەدا و لێی دەنووستم.
ئەو سەگە حێڵەی باوکم لە پشدەرەوە لە هاوڕێیەکی خۆی وەرگرتبوو، دڕی و وریایی وایکردبوو بەبێ خەم شەو بکەمەوە، بەڵام لەو چەم و شاخە کاکی بەکاکییەدا چەند شەوێک دڕندەیەکی زەبەلاح دەکەوتە ناو ڕانەکەو مەڕێک، بزنێکی کەلەو پارچە دەکردو دەڕۆیشتەوە، هەر چەندە سەگەکەم لێی مڕ دەبۆوەو لەگەڵی دەکەوتە ململانێ، سێ شەوی ڕەبەق، هەر شەوی بزنێک مەڕێک دەبووە نێچیری ئەو دڕندەیەو سەگەکەش سەرەڕای ئەو بەرگرییەی دەیکرد هەستم دەکرد دەرەقەتی نایەت و هەرچی جارێک ڕووبەڕووی ئەو دڕندە دەبۆوە جەستەی لە چەند لایەکەوە خوێنی لێ دەچۆڕکا تا دوا ئەوەی سەرسامی کردم، ئەوەبوو بەو شەوە تاریکە، ئەو سەگە ڕۆیشت، بۆ کوێ ڕۆیشت؟ نەمزانی چی لێهات، ترسم لێ نیشت بەتەنیای جێی هێشتم، بە ناچاری میلی چەکەکەم ڕاکێشا و سێرەم لەسەر ئەو تووڵەڕێیە گرت تا هەر دڕندەیەک بەرەو رووم هات، بەفیشەکێک ساردی بکەمەوە. ئەو شەوە مانگەشەو بوو، بە ئاسانی بەر پێی خۆمم دەبینی، کەوتمە چاوەڕوانی بزانم شانۆگەری ئەو شەوە بەکوێ دەگا؟! دوای دوو سەعات سەگەکەم پەیدا بۆوە، تەماشا دەکەم ئەوە سەگێکی دیکەی لەگەڵ خۆی هێناوەو بۆ سەرەوە هەڵکشان، نەڕە نەڕ، لووڕە لوور بەوە گەیشت، بۆ بەیانی سەیر دەکەم ئەوە سەگەکەم لەتەک پڵینگێکی کێوی لە گیانەڵاندایەو پڵینگەکە خڵتانی خوێن بوو بوو مردار بۆتەوە، ئەو سەگەی تر کە هاتبووە هاوکاری و یارمەتیدا ئەویش زامدار ببوو، بەڵام چونکە توانای رۆیشتنی هەبوو، ڕێ و ڕێ لەو شوێنەی هاتبوو، بۆی گەڕایەوەو سەگەکەی منیش ئەو سەگەی قەت لەبیرم ناچێ لە زستانێکی تووش و سارددا کاتێک یەکێک لەو مەڕانە لەو دەشت و دەرە بەرخێکی دەبێت و بەجێ دەمێنن، هەتا بەیانی بە دیارییەوە دەمێنێتەوە، پاسەوانی دەکات، ئەو سەگە چەندە دڵسۆزو بە وەفایە، دەمێ دوان بە دیارییەوە وەستام، سەگەکە چاو زیتەکانی تێبڕیبووم، چەند دڵۆپە فرمێسکێک لە چاوەکانیدا فوارەیان بەست، دیاربوو لەدوا ساتەکانی ژیانیدا بوو، بەو دیمەنە خۆم بۆ نەگیرا، بۆی چوومە سەر چۆک و دەستم بەسەر سەری دادەهێنا و قوڵپی گریان هەوزەڵی بۆ هێنام، کە بینیم بۆ دواجار چاوەکانی لێکنا، خۆم بۆ نەگیرا دەستم کردە گریان، لەو ڕۆژەوە نەچوومەوە ئەو شوێنەو هەر کاتێکیش بەو شوێنە تێدەپەڕم یادگارییەکانی ئەو سەگە بەوەفایەم دێتەوە یاد، کە زۆر زۆر لە هەندێ لە مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە بەوەفاتر بوو.



**شاخەوان عەلی حەمەد**

بورژان

# بۆ نوێنەرە تێکۆشەرەکانی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدراڵ



**پارێزەر: کەمال محێدین**

پاش سڵاو پیرۆزبایی بە ئومێدی یەکییەتی و سەرکەوتنتانم، هەڤاڵان هەرچەندە زۆرجار باسی ئەوەمان کردووە، کە دیموکراسییەت واتا دەسەڵاتی گەل بەهۆی گەل بۆ بەرژەوەندی گەل زاراوەیەکی یۆنانییە لەساڵانی ٥٠٨ – ٥٠٧ پێش زایین بەکارهاتووەو رەفتاری پێکراوە بۆ دەستنیشانکردنی دەسەڵات و پەردەپۆشی دەسەڵاتی پاشاو دەوڵەمەند و ناودارەکانی کۆمەڵگای یۆنانی و پەراوێزکردنی ئافرەت و کرێکار و جووتیار و هەژارەکان.

پاش ماوەیەکی زۆر بەتایبەتی لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی پیشەسازی لە ئەوروپاو پەیدابوونی هێزی کرێکار و بەرپابوونی شۆڕشی فەرەنسی وردە وردە زاراوەی دیموکراسییەت پەرەی سەندو بوو بە دروشمی زۆربەی دەسەڵاتدارەکانی ئەوروپاو ئەمریکاو هەندێ وڵاتانی ئاسیاو ئەفریقیاش بەتایبەتی پاش جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی لەگەڵ دروستبوونی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.

لەم قۆناغانەی دواییش تا ئێستا دەبینین زۆربەی سەرۆک و پارت و لایەنە سیاسییەکانی جیهان بەناوی دیموکراسییەتەوە دێنە مەیدانی سیاسەتبازی بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و زەوتکردنی بێ ئەوەی گوێ بدەنە بنەما بنچینییەکانی دیموکراسییەتی راستەقینە، نەک ئەو دیموکراسییەتەی کە لە یۆنان پەیڕەو دەکرا.

رەنگە لە هەندێ کات و شوێندا دیموکراسییەتی راستەقینەش واتا بڕیاری زۆرینەی هەرە زۆر بۆ دەسەڵات وەرگرتن لە بەرژەوەندی وڵات و دوارۆژی گەل نەبێت، بۆ نموونە لە کۆمەڵگای نەخوێندەواری دواکەوتوویی سیستەمی دەرەبەگی یا بەناو سیستەمێکی دیکتاتۆری پرۆلیتاری لەم قۆناغەدا دەرەبەگەکان و پارتە چەپڕەوە توندەکان هەر یەکەیان لە وڵاتی خۆی بە پڕوپاگەندی جۆراوجۆر و بەڵێنی لووس و شیرین لەگەڵ زەبرو زەنگی هەڕەشەو ستەمکاری و بە سوودوەرگرتن لە نەخوێندەواری و هەژاری زۆرینەی دەنگەکان وەردەگرن و دەسەڵات دەگرنە دەست و کەمایەتییە دڵسۆزو خوێندەوارەکان دەکەونە دواوەو سنووردار دەکرێن بەناوی دەسەڵاتی زۆرینەو دیموکراسییەتی ناوەندی وەک لە وڵاتە سۆشیالیستەکان پەیڕەو دەکرا، کاتێ حوکمڕانی یەکییەتی سۆڤییەتی هەڵوەشایەوە، یان بەناوی برا گەورەیی و خانەدانی وەک لەناو کۆمەڵگای خێڵەکی و هۆزەکان پەیڕەو دەکرا، تا ئێستاش لە زۆر وڵاتانی دەوروبەرمان ئەم چەشنە دەسەڵاتدارییە بەردەوامە بەناوی زۆرینەو دیموکراسییەت، لەکاتێکدا بەهیچ جۆرێک لەگەڵ بنەماکانی راستەقینەی دیموکراسییەت رێک ناکەوێت ئەویش بەرژەوەندی تەواوی گەل و نیشتیمانە. واتا دیموکراسییەتی راستەقینە"دەسەڵاتی گەل بەهۆی گەل بۆ بەرژەوەندی گەل"بێگومان کارێکی دوورەدەست و مەحاڵ و خەوناوییە، تائێستا لەهیچ وڵاتێکی جیهان ئەم چەشنە دیموکراسییەتە نەهاتۆتە دەست و پەیڕەو نەکراوەو بەم زووانەش پەیڕەو ناکرێت.

وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان لە ئاستی خوێندەواری و زانیاری و ئابووری وەک وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکاو هەندێ لە ئاسیاو ئەفریقیاش، کە بەرگی دیموکراسییەتیان پۆشیوەو لافی ئەم سیستەمە ناوخۆش و بریقەدارو خزمەتگوزارە لێدەدەن و لەرێگای هەڵبژاردنی گشتی ئازادو بێ فرت و فێڵیش بێنە سەر دەسەڵات و حوکمڕانی دیسان هیچیان تائێستا نەیانتوانیوە نەک دەنگی هەموو گەل، بەڵکو نیوەی ئەو دەنگانەشیان وەرنەگرتووەو بەخۆشیان دەڵێن دیموکراسی، بۆ نموونە لەکۆی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکاو فەرەنسا و ئەڵمانیاو بەریتانیا هیچ یەکێک لە حکومەتەکانیان یا سەرۆکەکانیان رێژەی ئەو دەنگانەی وەریانگرتووە نەگەیشتووەتە ٥٠٪ سەدا پەنجای دەنگدەرانی وڵاتەکانیان، تازەترین نموونەش هەڵبژاردنەکانی ئێران و دواییش هەڵبژاردنەکەی عێراق لە رۆژی ٢٠١٠/٣/٧ لەم هەڵبژاردنە بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کۆی ژمارەی دەنگدەران ١٩,٠٠٠,٠٠٠ نۆزدە ملیۆن کەس بوون، لەم ژمارەیە لە باشترین حاڵەتدا ١٤,٠٠٠,٠٠٠ چوارە ملیۆن کەس دەنگی داوە بەپێی ئامارە بڵاوکراوەکان زیاتر لە ٢,٠٠٠,٠٠٠ دوو ملیۆن دەنگ پووچەڵکراوەتەوە، بەهۆی جۆراوجۆر باقی ١٢,٠٠٠,٠٠٠ دوانزە ملیۆن دەنگەکەی ماوە دابەشکراوە بەسەر زیاتر لە ٦٠٠ شەش سەد پاڵێوراو لەنێو ١٤ چواردە کیانی سیاسی.

پاش بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەوە دەرکەوت هیچ لیستێک لە چوار لیستە سەرکەوتووەکان واتا"لیستی ئەیاد عەلاوی و لیستی مالیکی و لیستی عەمار حەکیم و لیستی کوردستانی"هیچ یەکێک لەم لیستانە ٢٥٪ لە سەدا بیست و پێنجی دەنگەکانی وەرنەگرتووە، کەچی هەریەک لە ئەیاد عەلاوی و مالیکی داوای دروستکردنی حکومەت دەکەن بەناوی زۆرینەوە، خۆ ئەگەر بەناوی هاوپەیمانییەوەش حکومەت دروست بکەن لەناو خۆیان، کە ئەمە ئەگەرێکی دوورە، بەڵام دژی ویستی زۆربەی دەنگدەرانی عێراقە بە کوردو عەرەبەوە، چونکە ئەو دەنگدەرانەی لیستی عێراقیەیان هەڵبژاردووە نایانەوێ لیستی دەوڵەتی یاسا بێتە ناو دەسەڵاتی حوکم، پێچەوانەکەشی دیسان راستە.

کەواتە لە هەموو جیهان دیموکراسییەتی راستەقینە نەبووەو نییەو ناشبێت، تا ئەو رۆژەی خۆپەرستی و بێ باوەڕی و قبووڵنەکرنی بەرامبەر لەناو دەچێت، بەرهەرحاڵ ئێمەش لە عێراق و کوردستان وتوومانە ئێستاش دەڵێین: دیموکراسین و ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بە دیموکراسییەت دەزانین و بەهەموو ناتەواوی و فرت و فێڵەکانییەوە قبووڵمان کردووەو ئێستاش دەبێ هەنگاوی دووەم دەست پێبکەین، ئەویش دروستکردنی پەرلەمان و حکومەت و دەزگاکانی دەوڵەتە، بەڵام لەبەرئەوەی لیستە سەرکەوتووەکان لێک نزیکن هیچ لیستێک ناتوانێ بە تەنها حکومەت دروستبکات، بۆیە هەنگاوی دووەم ئەوەندە سووک و ئاسان نییە بەم نزیکانە کۆتایی پێ بێت.

ئەوەی لەبەردەست و چاومانە ئەوەیە، کە ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی عێراقی ٣٢٥ ئەندامە بۆ دروستکردنی حکومەت لەلایەن هەر لیستێک پێویستی بە"١٦٣"سەد و شەست و سێ دەنگ هەیە، کەواتە لێرەدا نە لیستی عێراقییە کە ٩١ کورسی هەیەو نە لیستی دەوڵەتی یاسا کە ٨٩ کورسی هەیە ناتوانن بەتەنها حکومەت دروست بکەن، بۆیە یا دەبێ پێکەوە هاوپەیمانی دروست بکەن، کە ئەم ئەگەرە زۆر زۆر دوورە، کەواتە دەبێ هەریەک لەم دوو لیستە بەجیا بگەڕێن لەگەڵ لیستەکانی دیکە هاوپەیمانی دروست بکەن تا دەگەنە مسۆگەرکردنی ١٦٣ شەست و سێ دەنگ بۆ دروستکردنی حکومەت، بەڵام بە دروستکردنی حکومەتیش کێشەکان لەناو پەرلەمان کۆتاییان نایەت، چونکە هەندێ بڕیار پێویستی بە ٢/٣ی دەنگەکانی ئەنجومەنی نوێنەران دەبێت، کە دەکاتە ٢١٦ دووسەد و شانزە دەنگ، بۆیە ئەو لیستەی حکومەت دروست دەکات تا بتوانێ بەردەوام و سەرکەوتوو بێت لە حکومەتەکەی، دەبێ رێژەی دەنگەکانی بگەیەنێتە ٢١٦ دەنگ، ئەگینا زۆر لە کارەکانی حکومەت و دەوڵەتی عێراق بە هەڵواسراوی دەمێننەوە و ئەنجامەکەشی هەڵوەشانەوەی حکومەتەکە دەبێت، بۆ ئەوەی زۆر لە باسەکەمان دوور نەکەوینەوە ئێمەی کورد لە رێگای نوێنەرەکانمان لەناو ئەنجومەنی عێراقی دەبێ بیر لە هاوپەیمانی بکەینەوە لەگەڵ چەند لیستێکی سەرکەوتوو بۆ پێکهێنانی حکومەت، بۆ ئەو مەبەستەش لەپێشەوە دەبێ نوێنەرە کوردەکان بەیەک ریز و بەیەک دەنگ هاوپەیمانییەکی ناوخۆیی کوردانی پێکبهێنن و دۆستی نزیک و دووری کورد لەناو لیستە براوەکان دەستنیشان بکەین".کە تائێستا ئەوەمان نەکردووە"پاش ئەوە دەبێ پرۆژەو پرۆگرامەکانی خۆمان گەڵاڵە بکەین و لەچوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی عێراقی فیدراڵی راستەقینەی بێ کەم و کورتی بخەینە بەردەم لیستەکانەوە بەشێوەیەکی دۆستانەو گەشبینانە، بەڵام پێش هەموو شتێک دەبێ بە وردی و زانیارانە خوێندنەوەی دوور و نزیکمان هەبێت بۆ هەریەک لە لیستەکان، کە رەنگە لەگەڵیان هاوپەیمانی بکەین.

بەپێی کاری سیاسیم لەگەڵ زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی بەغدا بە شیعەو سوونەو دیموکرات و راست و چەپەکان لەساڵانی ١٩٥٨ وەک نوێنەری قوتابیانی کوردستان و لەساڵانی ١٩٦٧ وەک نوێنەری پارتی و لەساڵانی ١٩٩٩ وەک نوێنەری یەکێتی نیشتیمانی تائێستا بۆم دەرکەوتووە نە هەموو کوردێک دیموکرات و نیشتیمانپەرەوە نە هەموو عەرەبیش درەندەو شۆڤێنییە، بۆیە بەتایبەتی کە ئێمە بڕیارمانداوە لە رێگای پەرلەمانی کوردستان بە مانەوەمان لەناو حکومەتێکی عێراقی دیموکراتی فیدراڵی راستەقینە، بۆیە دەبێ لەگەڵ لایەنە سیاسی و دینییەکانی عێراق خۆمان بگونجێنین و حکومەت و دەزگاکانی عێراقی فیدراڵ دروست بکەین بەشێوەیەکی هاوبەشی راستەقینە نەک بەشێوەی بەشداری یا میوانداری، چونکە ئێمەی کورد لە کوردستانی عێراق شەریک و هاوبەشین لە عێراقی فیدراڵی پێکهاتوو لە گەلی عەرەب و کورد و نەتەوەکانی دیکە وەک تورکمان و ئاشووری و سریانی و ..

لێرە بە پێویستی دەزانم کە باسی کورد دەکەین لە کوردستانی عێراق دەبێ بە ناسنامەی گەلی کورد باسی خۆمان بکەین، نەک بە ناسنامەی نەتەوەی کورد لەبەرئەوەی ئێمە لەسەر نیشتیمانی خۆمان دەژین، نەک لەسەر خاکی بێگانە واتا ئەو کوردانەی لە بەغدا و کوت و دیوانیەو عەمارە دەژین ناسنامەیان گەلی کورد نییە، بەڵکو پێیان دەوترێ نەتەوەی کورد لەناو نیشتیمانی عەرەب، کە عێراقی عەرەبییە لەخوارووی جەبەل حەمرینەوە.

جا پێش ئەوەی بڕیار بدەین لەگەڵ کام لیست و لایەنە سیاسییەکان هاوپەیمانی دەبەستین، دەبێ ناسنامەی سیاسی و نەتەوەیی و ئایینی تەواوی ئەو لایەنانە و لیستانە ورد بکەینەوەو هەڵیان بسەنگێنین لەگەڵ مێژووی رابردوویان و ئاستی بیروباوەڕ و هەڵوێستیان بەرامبەر دیموکراسییەتی راستەقینەو مافەکانی گەلی کورد و کەمایەتییەکانی عێراق لەگەڵ دەستنیشانکردنی ئەو پەیوەندی و ئەجێندانەی هەیانە، چونکە لە سیاسەتدا بەتایبەتی لە شوێنێکی وەکو عێراق قسەی نەرم و بەڵێنی خۆش و شیرین و سۆزدار ناچێتە گیرفانی کەسەوە، هەموو کەس و لایەنێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بەڵێنی باش و خۆش دەداتە بەرامبەرەکەی کۆیی دەڵێن:"دەمە لەچیت کەمە"واتا دەبێ بزانین ئەو لایەنانەی بەڵێنی باشمان پێ دەدەن دەتوانن ئەو بەڵێنانە جێبەجێ بکەن یان نا؟ ئایا ئەو لایەنە لە کانگەی دڵ و بیروباوەڕی بە بەڵێنەکانی هەیە یان نا؟ واتا با بە وردی و دووربینی و زانیارانە لیستە سەرکەوتووەکانی مەیدانی هەڵبژاردن هەڵبسەنگێنین:

یەکەم: لیستی عێراقییەی ئەیاد عەللاوی لە میدیاکان بەم جۆرەی خوارەوە باس دەکرێن:

**١- ئەم لیستە پێکهاتووە لە کۆمەڵێک پارت و لایەنی سیاسی و ئایینی و نەتەوەیی عەرەبی شۆڤێنی توندڕەو بەرامبەر بە گەلی کورد و کەماتییەکان لە عێراق.**

**٢- ئەم لیستە کەم یا زۆر باوەڕیان بە دیموکراتییەت و بەرامبەرەکانیان نییە.**

**٣- بەبێ شەرم و سڵەمینەوە بەبێ باکانەو لە خواترسان هەموو کارو کەسێکیان قبووڵە بەشێوەی کاتی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و زەوتکردنی.**

**٤- بەشی زۆری ئەندامانی ئەم لیستە لە هەوادارانی رژێمی سەدام حوسێنی دیکتاتۆرن.**

**٥- بەشی زۆری حکومەتانی عەرەبی پشتگیرییان لێدەکەن، هەریەکە بۆ مەرامی خۆی.**

**٦- ئەمریکاو وڵاتانی ئەوروپی پشتگیرییان لێدەکەن، لە ترسی ئێران و شیعەی عێراق.**

**٧- بەبێ سنوور هەموو لایەنەکانیان دژی کورد و کوردستانن تەعریب و ئەنفال و کیمیاباران لە کوردستان بە رەوا دەزانن و تا ئێستا رەتیان نەکردۆتەوە.**

**٨- ئەیاد عەللاوی کە سەرۆک وەزیران بوو زیاتر لەماوەی ساڵێک نەیتوانی یەکێک لە داخوازییەکانی کورد جێبەجێ بکات لەکاتی سەرۆکایەتی، ئەویش گەندەڵی و تیرۆر زیادی کرد و هەوادارانی سەدام حوسێن خزانە ناو سوپاو پۆلیس و دەزگاکانی دەوڵەت.**

**٩- زۆر لە لایەنەکانی ئەم لیستە باوەڕیان بە یەکڕیزی نییە تەنها لە ترسی ئێران و شیعەو کورد و دیموکراسییەت یەکتریان گرتووە، دووریش نییە لێک بترازێن پاش دەسەڵات وەرگرتن و زەوتکردنی ئەم دەسەڵاتە لەلایەن لایەک یا چەند لایەک.**

**١٠- د. ئەیاد عەللاوی کارێکی باشی نەکرد خۆی کردە سەرۆکی هەوادارانی سەدام حوسێن و دوژمنانی شیعەو کورد و دیموکراسییەت، کە بەلای ئێمەوە ئەم سەرکردایەتییەی تەمەنی زۆر کورت دەبێت.**

دووەم: لیستی ئیتیلافی یاسا لەناو میدیاکان ناسراوە بە:

**١- ئەم لیستە پێکهاتووە لە کۆمەڵێک پارت و لایەن. کەسایەتی سیاسی هەمەجۆر و رەنگاورەنگ و فرە بیروباوەڕ لە شیعەوە بۆ سوونە لە عەلمانییەوە بۆ ئایینی لە چەپەوە بۆ راست و لە عەرەبەوە بۆ کورد..**

**٢- سەرۆکی ئەم لیستە نوری مالیکی، چوار ساڵی رابردوو سەرۆک وەزیران بووە لە عێراق، زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکی عێراق دڵگران و نارەزا بوون لەزۆر لە کردارەکانی، زۆریش تاکڕەوانە کاری کردو دۆستانەش نەبوو لەگەڵ کورد.**

**٣- حزبی دەعوە بە سەرۆکایەتی مالیکی پێکهاتەی گەورەی ئەم لیستەیە، کە ناتوانێ لەگەڵ لایەنە چەپ و دیموکراسی و عەلمانییەکان بەردەوام بێت لە حوکم، چونکە ئەوان بەندن بە دەقەکانی قورئان لەهەموو بوارێک و بانگەشەی ئوممەی ئیسلامی دەکەن و باوەڕیشیان بە چارەکردنی کێشەی گەلان و نەتەوەکان نییە و هەر بەڵێن و پەیمانێک بدەن پێمان لە ئەنجام دەگەڕێنەوە سەر دەقەکانی قورئان و بنەماکانی ئیسلامی پیرۆز، کە ناتوانن بە پێچەوانەیان کار بکەن.**

**٤- دەوڵەتی ئێران رەنگە چاوی لەخاکی عێراق بێت و مێژووی خۆیان لەبیر نەچۆتەوە لەگەڵ عێراق، بۆیە بە هەموو توانایان پشتگیری ئەم لیستە دەکەن بۆ دروستکردنی حکومەت و وەرگرتنی دەسەڵات.**

**٥- ئەم لیستە لەلایەن هیچ حکومەتێکی عەرەبی و ئەمریکاو ئەوروپاو.. قبووڵ و پەسەند نییە.**

**٦- زۆربەی لایەنەکانی ئەم لیستە بەتایبەتی عەلمانی و چەپ و دیموکراتەکان رێککەوتن و بیروبۆچوونی هاوبەشیان هەیە لەگەڵ کورد تا رادەیەکی مام ناوەندی و لە قۆناغە نزیکەکانی ئێستا.**

**٧- ئەم لیستە بەتایبەتی حزبی دەعوەو مالیکی دوژمنی گەورەو سەرسەختی حزبی بەعس و سەدامییەکانن.**

**٨- زۆربەی لایەنەکانی ئەم لیستە میوانی کورد بوون لە کوردستان، لە رۆژانی تەنگانەو هێرشەکانی سەدام حوسێن لەسەریان، کوردیش هەموو پێداویستییەکانیان بۆ جێبەجێکردبوون، هەربۆیە ئاشنایی و دۆستایەتی باشیان لەگەڵ کورد و کوردستان پەیداکردووە ئەگەر لەبیریان نەچێتەوە!**

سێیەم: لیستی ئیتیلافی نیشتیمانی عەمار حەکیم:

**١- ئەم لیستە لە پلەی سێیەم دێت، پاش لیستی عێراقیەو لیستی دەوڵەتی یاسا لایەنە سەرەکییەکانی مجلس أعلاو جەماعەتی موقتەدا سەدرو رێکخراوی بەدر.**

**٢- ئەم لیستە نزیکترە لە دەوڵەتی ئێران لەنێوان لیستە شیعەکان.**

**٣- لەناو ئەم لیستە دوو بیروباوەڕی جیا هەیە لەسەر کورد، مجلس أعلا دۆستانەیەو موقتەدا سەدر نەیاری ئێمەیە.**

**٤- ئەم لیستە داوا دەکات هەر چوار لیست حکومەت دروست بکەن و ناشیانەوێ مالیکی ببێتە سەرۆک وەزیران.**

**٥- لایەنەکانی ئەم لیستە هێزی چەکداری تایبەتی خۆیان هەیە.**

بەکورتی ئەمە پێناسەی لیستە سەرکەوتووەکانە لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستان.

جا بەلای ئێمەوە دانیشتنی پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەت و هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران و سەرۆکی پەرلەمان ئاسان نییەو رەنگە ماوەی زیاد لە پێویست ببات، جا بۆیە دەبێ ئێمە زۆر ژیرو چالاکانە بچینە ناو پرۆسەکەو دووربین و وردبین بین لە دەستنیشانکردنی هاوپەیمانەکانمان. بەلای ئێمەوە لەم هەڵبژاردنە پێگەی کورد بەهێزترە لەجاری پێشوو، هەرچەندە ژمارەی کورسییەکانمان کورتی هێناوە، چونکە هیچ لیستێک ناتوانێ بە تەنها حکومەت دروست بکات، بۆیە هەموو لیستەکان پێویستیان بەکوردە، ئێران و ئەوروپاو ئەمریکاش ناتوانن رۆڵی کورد کەم بکەنەوە لەپێناو مافە رەواکانی، بۆیە باشترین هەنگاو لەلایەن ئێمەوە ئەوەیە کە بەیەک دەنگ بچینە بەغداو بە هێمنی و گەشبینی مەرجەکانی خۆمان بخەینە بەرچاوی لیستەکان، نابێ پەلە بکەین لە بڕیاری کۆتایی بۆ هاوپەیمانی، دەبێ وتوویژ لەگەڵ ئەم لیستانە بکەین، کە تاوانەکانی ئەنفال و تەعریب و کیمیاباران ریسوا بکەن، لەگەڵ ئەم لیستەش هاوپەیمانی بکەین کە بتوانێ بەڵێنەکانی لەگەڵمان جێبەجێبکات، باوەڕیان هەبێ پێیان. دەبێ کورد بەتووندی پێداگری بکات لەسەر چەسپاندن و گەشەپێدانی کۆماری فیدراڵی دیموکراسی عێراق و پەلەکردن لەسەر رەفزکردنی هەموو بڕیارەکانی سەدام حوسێن دەربارەی تەعریبکردنی ناوچەکانی کوردستان و گەڕانەوەی هەموو قەزاو ناحییە دابڕاوەکانی بۆ شارەکانی کوردستان و جێبەجێکردنی ماددەی"١٤٠"و کێشەی ناسنامەو دارایی پێشمەرگەو یاساکانی نەوت و گازو قەرەبووکردنەوەی زەرەرو زیانەکانی خەڵکی کوردستان.

هەموارکردنی دەستووری عێراقی بەجۆرێک، کە ماددەی یەکەم لە"باب الأول المبادئ الأساسیە"بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:"جمهوریة العراق دولة اتحادیة مستقلة ذات سیادة كاملة تتكون من الشعبین العربي والكردي والأقلیات العرقیة والدینیة، نظام الحكم فیها جمهوري نیابي فدرالي دیمقراطي وهذا الدستور ضامن لوحدة العراق الفدرالي الأختیاري"

چونکە دەستووری ئێستای عێراق، کە ١٤٤ ماددەیەو ٦ باب و ١٢ فصل و ١٥ فروع و ٥٨٢٢ وشەیە، تەنانەت بە یەک وشەش ناوی گەلی کوردو نەتەوەی کورد ناهێنی، تەنها لە ماددەی ١١٧بەندی یەکەم دەڵێت:"یقر هذا الدستور عند نفاذه اقلیم كردستان وسلطاته القائمة اقلیما اتحادیا" بەڵام تا ئێستا هەرێمی دووەم، کە هەرێمی عەرەبی دەبێت دروست نەبووە، کەواتە عێراق تائێستا ئیتیحادی نییە، چونکە یەک هەرێم هەیە.

بەهەرحاڵ لەژێر رۆشنایی ئەو بۆچوون و پێویستی ناسنامەی لیستەکان و هەڵوێستی وڵاتانی دراوسێ و هەندەران و مێژووی بیروباوەڕو کرداری هەریەک لە لیستەکان بەلای ئێمەوە نزیکترین لیست لە کورد، کە دژی تەعریب و ئەنفال و کیمیابارانن ئەوا لیستی دەوڵەتی یاسایە، بۆیە رێککەوتن و هاوپەیمانی لەگەڵ ئەم لیستە و هەندێ لایەنی میانڕەوی لیستی عەللاوی باشترین هاوپەیمانییە بۆ دروستکردنی حکومەتێک، کە باوەڕی تەواوی بە دیموکراسییەتی راستەقینە و فیدراڵییەتی کوردستان هەبێت، بەلای کەمەوە بۆ چوار ساڵی داهاتوو.

# هەولێر کوردایەتی کردووە نەک شارچیەتی

**مامۆستای زانکۆو ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق "د. ئیسماعیل شوکر" لە دیدارێکی تایبەتی بەدرخاندا، باس لە هەولێر و چەندین رووداوی گرنگی مێژوویی هەولێر و رۆڵی قارەمانیەتی ئەو شارە دەکا..**

**ئا: حەمید بەدرخان**

*** هەولێر لای تۆ چی دەگەیەنێ؟**

-هەولێر خۆی لەخۆیدا مێژوویێکی کۆنی هەیەو بریتییە لە بەشی زۆری مێژووی نەتەوەی کورد، چونکە یەکێکە لە شارە هەرە کۆنەکانی دنیا، کە بە بەردەوامی ژیانی تێدابووە، لە زۆربەی کاتەکان هەولێر پایتەخت بووە، بۆ نموونە کاتێک کە دەسەڵاتی کۆنی کوردی دروست بووە لە سەردەمی میدییەکان هەولێر بەشێک بووە لە دەسەڵاتەکەیان، دوای ئەوە کە میرنشینەکان لە سەردەمی عەباسییەکان دروست بوون هەولێر پایتەختی میرنشینی هەزبانی یان هۆزەبانی بووە، دوای ئەوە راستە لە هەندێک ماوەی مێژوویی ناوی زۆر دیار نەبووە، لەبەرئەوەی شارێکی کوردی دێرین بووە، بۆ نموونە عوسمانییەکان تا ئەو دواییەش ئەو جۆرە بایەخەیان بە هەولێر نەداوە، هەولێر بەر لە عوسمانییەکان لە سەردەمی سەڵاحەدینی ئەیوبی و دوای هاتنی موزەفەرەدین گۆگبری مەڵبەندی عیلم و زانست بووە، تەنانەت زاناکانی کە لە هەولێر بڕوانامەیان وەرگرتووە توانیویانە بەشی رۆژهەڵات و رۆژئاوای کوردستان لەخۆ بگرن، هەولێر لە سەدەی تازە واتە لەمێژووی نوێ مەڵبەندی نوێی شۆڕش بووە، هەولێر یەکێکە لەو شارە کوردییانەی کە زیاتر کوردایەتی دەکا لەوەی خۆپەرستی بکا، یەکەم حزبی کوردی دامەزرابێ لە هەولێر بووە، لە ساڵی ١٩٣٩ کە پارتی هیوا بووە، یەکەم نەورۆزی کوردی کرابێ و کوردستانی بووبێ لەساڵی ١٩٥٣ لەسەردەستی بەڕێز مام جەلال و چەند برادەرێکی دیکەی ئەو سەردەم بە تایبەتی عەزیز محەمەدو کەسانێکی دیکە توانیویانە یەکەم نەورۆزی کوردستانی لە ساڵی ١٩٥٣ لەهەولێر بکەن، کە نەک هەر لە شارە کوردییەکانەوە خەڵک هاتوون، بەڵام ١٧٦ کەس لە برادەرە کوردە فەیلییەکان لە بەغدا هاتوون، جگە لەوە هەولێر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تا ئێستا جگە لە شێخ مەحمود سەرکردەی بزووتنەوەی شۆڕشەکان هەمووی لە هەولێر بووە، جگە لەوانەش قەڵای هەولێر مەڵبەندی کوردایەتی بووە، سەرکردایەتی جووڵانەوەی کوردی لە "١٩٢٠"ەوە کە لە دژی بەریتانیا سەریهەڵدا تا دەگاتە شۆڕشی کوردی لە ساڵی ١٩٤٣ تا دەگاتە دامەزراندنی یەکەم حزب تەنانەت لەدوای هیواو رزگاری کە زۆر لە سەرکردەکانی هەمووی هەولێری بوونە، بۆ نموونە جەمال حەیدەری و ساڵح حەیدەری و عەبدوڵڵا دڵسۆز و مستەفا حەوزێری و ئۆمەر بەختیار، کە ئەوانە ئەندامی هیوا بوونە، لە سەرەتادا ئەوانە کۆمەڵەی دارکەر بوون و دواتر هیوایان دامەزراندووە، هەروەها لەکاتی دامەزراندنی حزبی رزگاریش دیسان سێ ئەندامی خەڵکی شاری هەولێر بووە، پارتی کە لە ساڵی ١٩٤٦ دامەزرا چواردە ئەندامی سەرکردایەتیان هەبووە، لەناو ئەوانە ٥ی هەولێری بوونە بە سەرۆکەکەشیانەوە کە مەلا مستەفا بووە، کاتێکیش لە کوردستان شۆڕشی ٤٣-٤٥ دەست پێدەکا، لە هەموو کوردستان چوار ئەفسەری پلەدار بەشداری لە شۆڕشەکە دەکەن، دووانیان خەڵکی شاری هەولێرن: یەکیان مستەفا خۆشناو و ئەویتر خەیروڵڵا عەبدولکەریمە، کاتێکیش کە دەچنە ئێران ئەوەی رۆڵی بەرچاوی دەبێ لە شۆڕشەکان جگە لە سەرۆکەکەیان کە بارزانی بووە، ئەو دوو ئەفسەرە لەگەڵ عزەت عەبدولعەزیز و محەمەد قودسی رۆڵی کاریگەریان هەبووە، لەسەر کوردایەتی چوار ئەفسەری پلەدار لەسێدارە دەدرێن دوانیان خەڵکی شاری هەولێرن، جگە لەوە زیاتر لە ٢٨ کەسی فەرمانبەر و مامۆستاو جێگری ئەفسەر لەو شۆڕشە بەشدارییان کردووە، جگە لەهەموو ئەوانە هەموو کاتێک هەولێر شاری کوردایەتی بووە، بەڵگە لەسەر ئەوە زۆرە، دوێنێ کە ساڵی "١٩٨٨"ە کاتێک خەڵکی دەڤەری کانی ماسی و باگوڤە دەرکران، خەڵکی بەردەڕەش کە کانی ماس لەچاو بەردە رەش ئەگەر بەراوردی بکەی وەکو دۆزەخ و بەهەشت وایە قبوڵیان نەکردن و هاتن لێرە لە بەحرکە نیشتەجێ بوون، کە هاتنە بەحرکە لەدژی حکومەتی بەعس ئەو هەولێرە پیتاکی بۆ کۆکردنەوە.

*** یانی دەتوانی بڵێین وەکو کلتوور هەولێر شاری غەریبانە؟**

-شاری کوردایەتییە، چونکە ئەوانە دوو شتی لەیەک جیان، کاتێ کە هەڵەبجەی شەهید راگوێزکرا لە سلێمانی گوتیان نابێ لەسەر شۆستەکەش بخەون پیسایی لێدەکەن، هاتن لە هەولێر جێگیر بوون، بەڵام ئەمڕۆ ئەوان نان و پیازی پێوە دەخۆن، دە ساڵی دیکەش هەولێرییەک بچێتە سلێمانی هەر بە هەولێرییەکە دەناسرێ، لە دهۆک شوێنی نابێتەوە، بەڵام کێ دێتە هەولێر لە هەولێر دەحەوێتەوە و دەشحەسێتەوە.

*** وەکو مێژووناسێک لە مێژووی هەولێر سەیر دەکەین سەردەمی وا هەیە ٣٠٠ ساڵ لەمێژووی هەولێر هیچ نەنووسراوەتەوە، تۆ هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێنییەوە؟**

- بەڵێ وایە، بۆ نموونە لەکاتی فتوحاتی ئیسلامی، ئەگەر مێژووی فتوحات بخوێنینەوە، وەکو تەبەری و یەعقوبی و تا دەگاتە ئیبن خەلدون، کاتێک باسی فتوحات دەکا: سەرەتای دەستپێکردنی هێرشکاری ئیسلام بۆ کوردستان لە ساڵی ١٦ی کۆچییە، لە ساڵی ١٦ کە جەلەولا داگیر دەکەن، خەڵکێکی زۆر دەکوژن و ئەنفال دەکەن و سەروەت و سامانێکی زۆر دەبەن، کاتێ دێنە کەرکووک تەبەری بە نەس باس دەکاو دەڵێ:"دوای داگیرکردنی شاری کەرکووک سوپای ئیسلامی رووەو شاری نەینەوا کەوتەڕێ، لەکاتی رۆیشتن بەرەو نەینەوا تووشی شارێک بوون، ئەو شارە دەکەوێتە نێوان کەرکووک و نەینەوا پێی دەگوترێ "کەفەر عەزە"، کەفەر عەزە ئەمڕۆ دێیەکە لە خوارووی هەولێر بە دووری ١٥ کیلۆمەتر، کە پێی دەگوترێ "عەزەو قونیان"، هەروەها ٥٧ کەنیسەو ئایینی تێدابوو، زۆرینەی دانیشتوانیشی کورد بووە، تەبەری باسی هەولێر ناکا، دەکرێ ئەوکاتە هەولێر بەشێک بووبێ لەو شارە، چونکە زۆرجاری وا هەبووە بۆ کەمکردنەوەی سوقڵی مێژوویی شارەکان دوژمن وایکردووە کە بایەخ بەو شارە نەدا.

*** وەکو مێژوونووسێک لە هەورازە نەفتە بەردێک هەیەو دەڵێن ئەوە بە شیری ئیمامی عەلی وایلێهاتووە، پێتوایە راست بێت؟**

- ئەوە خورافەیە، ئیمامی عەلی بە خەیاڵیش نەهاتۆتە کوردستان.

*** ئەی ئەو گومبەتەی سوڵتان عەولای عارەبی؟**

- ئەوەشیان لەمێژوو زۆر گەڕام تا بزانم سەحابەیە یان نا، بەڵام لەبەرئەوەی کورد موعتەقەداتی دینی ئەوەندە بەهێزەو تا ئێستاش هەروا، هەر شتێکی دروستیان کردبێ مادام ناوی ئایینی پێوەبووبێ ئەو لای پیرۆز بووە، یانی بەڕاستی هەتاکو ئەگەر پیاوێک جلوبەرگی مەلای لەبەرکردبێ و چووبێتە لادێ یان شارێک زیاتر حورمەتیان گرتووە، تا ئێستاش ئەوە باوەو لایەنە ئایینییەکەش زاڵ بووە، بۆیە قەبری ئەسحابەیان کردووە ٣ مەتر درێژەو هی کوردەکەشیان ناولێناوە کافر، شتی وانییە ئیمامی عەلی بە ژیانی نەهاتۆتە کوردستان و چاویشی بە کوردستان نەکەوتووە، ئەوە خەڵک بۆ خۆیان دروستیان کردووە.



**د. ئیسماعیل شوکر، لەدایکبووی: ١٩٥٢/ هەولێر، دکتۆرا لە مێژووی هاوچەرخی کوردی/ کۆلیژی ئاداب/ زانکۆی سەلاحەددین/١٩٩٩.**
**چاپکراوەکانی: (الأماره الشدادیه الکردیه فی بلاد ئاران)، (نەورۆزی هەولێر١٩٣٢- ١٩٥٨)، (اربیل .. دراسة تاریخیة في دورها الفكري والسیاسي ١٩٣٩-١٩٥٨)**

# ڕێبەرێک بۆ ئەوەی ببیتە دیکتاتۆر ... چۆن فەرمانڕەوایی جیهان دەکەیت؟

**نوسینی : ئەندرێ دی گۆڵیام**
**وەرگێڕ : مستەفا ڕابەر - لەندەن**

سەرەتا باس لەفرمانڕەوای نمونەیی وولات دەکاتپەندێکی نیکۆلای میکیاڤیلی دینیتەوەیاد کەدەڵی :( ئەگەر شازادەبیەوی دەستەلاتی خۆی بپارێزی پێویستەئامادەبیت ڕومەت و ناوبانگی خۆی لەدەست بدات)

**کەسایەتی شایستەو نمونەیی بۆ سەرکردە**

ئەم ڕاپرسیەی خوارەوەدەری ئەخات ئایا تۆ شایستەی ببیتەسەرکردەیەکی مەزن:

**١- ئایا دەستت گەرمەلەجێگیری و خۆ چەسپاندن لەسەرکاری تازەت و دەست و برد دەکەیت لە ناسینی کارمەندەکان و سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەیان و دروستکردنی تۆڕیکی سیخوری لەناویان؟..** بەڵێ / نەخێر

**٢- ئایا تۆ ئەرکیگرینگ لەکاتی خۆیدا جێبەجێ دەکەیت تەنانەت ئەگەر لە پێناوی جێبەجێ کردنی ئەرکەکان سەری چەند کەسێکیش لەوناوەبشکێت ؟..**بەلی / نەخێر

**٣ -حەزدەکەیت ڕینمایی بەدەنگی بەرز بدەیت؟..**بەڵێ / نەخێر

**٤- ئایا هەمیشەلە هەل و دەرفەتی ئەوەدای چاڵ بۆ دەستەلاتی کەسی سەروی خۆت هەلکەنی؟ ..** بەڵی/ نەخێر

**٥- تۆ پێت باشەلەگەڵ گروپێکی بچوکی پیلانگێر کۆبونەوەساز کەیت بۆ ئەوەی تێکەلاوی خەلکێکی زۆر بیت و کاریان تێبکەیت ؟..**بەڵی / نەخێر

**٦- ئایا دەتوانی بەر وەستی خۆت بێیت زەدەخەنەت کپ کەیت کاتێ بەگوێرەی دڵی تۆ ئەدوێن؟..** بەڵێ / نەخێر

**٧-پاش بەکۆمەلایەتی کردنی خەڵک و پیادەکردنی دیموکراسی لەولات هەر پێت باشەبەزۆر دەستەلات لەوانی تر داگیر بکرێت؟..** بەڵی / نەخێر

**٨- کاتێ لەکۆبونەوەیەکدا ووتار بۆ خەلکێکی زۆر ئەدەیت هەست دەکەیت بیرکردنەوەت فرەوانترە؟..** بەڵی / نەخێر

**٩- ئایا پێت خۆشەلەناو قەرەباڵغیدا ستایشت بکەن ، ڕێزۆ ، سلاوت بۆ بنێرن ؟..** بەڵی/نەخێر.

**١٠-ئایا تۆ د.ڤ.د فیلمی (هاولاتی کین) تان هەیە؟ .ئەم فیلمەئەمریکیەسەرکەوتوەسالی ١٩٤١.لەلایەن جورج ئورسن وولز لەهولیوۆد بەرهەم هاتوە.؟**بەڵێ / نەخێر.

**ئێستا بابزانین چەند خالت تۆمار کرد؟**

١-٣ بەکەلکی سەرکردەیی نایەیت وازبینە.٤-٧ سۆزت هەیەمام ناوەندیت. ٨-١٠ کەسێکی شیاوی و ئاسابیت.

**مەرجە پێویستەکانی سەرکردە:**

**١-کاریزما:** واتەکەسایەتیەکی وا بتوانی خۆی لەناو کۆمەلانی خەڵک شیرین بکات و هاولاتیان لەخۆی کۆبکاتەوە بۆئەوەی خۆت تاقیکەیتەوەئایا کاریزمایت یان نا پێویستەکۆمەلەئەرکێک بەناسیاوو شوین کەوتو و دۆستەکانت بسپێری بەمەرجێ یەک لەئەویتر قورستر بیت بۆ نمونەداوایان لێبکەپارەت بەقەرز بدەنێ ، پاشان داوایان لێبکەپارەت بۆ قەرز بکەن ، دواتر داوایان لێبکەپارەت بۆ بدزن ئەگەر ئەوان بەردەوام بون لەجێبەجی کردنی ئەرکەکانیان ئەوەبێگومان تۆ کاریزمایت ئەگەر وانەبون پێویستەتاقمەبرادەرێکی تر بدۆزیتەوە..

**٢- پاڕانۆیا:** نەخۆشیەکی دەرو نیە ئەوکەسانەی توش دەبن بەخەیاڵی خۆیان وادەزانن هەندی کەس بەتەمان ئازاریان بدەن گوایەزۆر گرینگن ، بەلام ئەم دیاردەیەلەسەرکردەمانا ی وایەلەڕوی دەرونیەوەساخلەمیت هەست بکەهەموکەس بەدواتا دەگەڕێن وەک چۆن تۆ بەدوایان دەگەڕییت . لەبەر ئەوەئەگەر تۆ بڕوات بەکەس نەبیت دیارەمەیل و ئارەزوت لەدڵرەقیەو کوێرانەبڕوات بەخۆتەهەڵبەت بەمەش چەند هەنگاوێک لەپێش ئەوکەسانەی پێشبڕکێت لەگەڵ دەکەن ، لەگەل ئەوەشدا ئەو ڕاستیەبزانەناحەزەکانت دەیانەوێ دەستت لێ بوەشینن خواردنت ژەهراوی بکەن پاسەوانەکانت تیرۆر بکەن ، سیخوڕیت لەسەر بکەن گەندلیەکانت ئاشکرا بکەن بۆ ئەوەی بەهەر نرخێک بیت دەستەلاتت لێ بسێنن بۆیەپێویستەزۆر زرینگ و وریا بیت بروا بەکەس نەکەیت.

**٣ -بەڵێن مەبەسەر:**

سەرکردەی مەزن ئەوەیەکەللەڕەق بیت بەئارەزوی خۆی چی بکات یان چی نەکات بێ ئەوەی گوێ بداتەبەندو باڵۆرەی ویژدان و ئابرو مرۆڤ دوستی .. ڕەنگەپێویستت بەکەمێک گزی و فێڵ وفەرەج هەبیت بۆ ئەوەی خۆت لەبەڵێنەکانت بدزیەوەپێویستیت بەهەندی مەشق و ڕاهێنان هەیەسوود لەدەستەواژەیەکی بەسوودی میکیاڤیلی وەربگرەکەدەڵێ: لەبەر ئەوەی پیاو بونەوەرێکی بەد ڕەوشتەخاوەنی بەڵێن و پەیمانی خۆی نیە تۆش پیویستەپەیمانەکانت بەجێ نەهێنی.

**٤ -سوربون لەسەر بڕیارەکانت:**

بیرت نەچیت دەستەلات و سەربەرزی پشکی ئەو کەسانەیەکەهەمیشەخەبات دەکەن بەرەو پێشەوەبڕۆن بێ ئەوەی باکیان بەزەرەرو زیانی خەڵک بیت نمونەیەکی زەق لەمێژودا لە٢١٨ بەرلەدایک بونی عیسا دەربازبونی هانیبال (١٨٣ - ٢٤٧ پ.م)بەشاخی ئەلبدا کەهەتا ئیمڕۆش بەئۆپراسیۆنیکی گرینگی سەربازی دائەنرێت و تەنها بڕیارو بیرکردنەوەی خودی ئەو سەرکردەکەللەڕەقەبوو ، هانیبال گوێی نەدایەلەناوچونی بەشێکی زۆری فیل و پیاوەکانی لەو ڕیگەسەخت و دورو درێژەدا لەبەر ئەوەی ئامانجی ئەو بەهەر نرخێک بووگەیشتنەزەو یەتەختایەکانی ئیتالیا بووە بێگومان گەیشتنەئامانج پاساوی هەمو قوربانیەک ئەدات.

**کودەتاکردن:**

وەکو دەزانن کودەتا ڕێگەچارەسەرێکی خێرایە بۆ دەستەلات وەرگرتنئەگەر دلنیا نیت کودەتا چۆن بەرپادەبیت سود لەنمونەی کودەتاچیەکانی تر وەرگرەشێوازی جیا جیا هەیەدەتوانی هەلیان بژێریت وەکو محەمەد سوهارتۆ (١٩٢١- ٢٠٠٨) لەرۆژی یەکەمی ئۆکتۆبەری ١٩٦٥دا دەستەلاتی ئیدونیسیای گرتەدەست و٣٢ ساڵ بەئاگر و ئاسن فرمانڕەوایی ئیندونۆسیای کرد کەفێلی لەهاوڕیی خۆی ژەنرال لەتیف کردو پاشان ڕەوانەی زیندانی کرد.

**١- بەکەمزانینی دوژمن** : لەبەر ئەوەی تۆ لەهەولی جێگرتنەوەی دەستەلاتدایت پێویستەنەگریسی و هەلەو کەم و کوڕیەکانی نەیارەکانت بۆ خەڵک باس بکەیت تا دەتوانی سوک و ڕیسوایان بکەیت بۆئەوەی بەهانەی بەهێزت بەدەستەوەبیت بۆ گۆڕانکاری و بۆ ئەوەی هەرکارێک دژی نەحەزەکانت ئەنجامی بدەی کۆمەلانی خەڵک پەسندی بکات.

بێگومان چوار شت هەیەکەوا لەخەڵک دەکات پشت لەنەیارەکانت بکەن و دژیان بوەستنەوە * گەندەلی * دلڕەقی * ناعەدالەتی * بێ کەفائەتی * هەریەکێک لەم خەوشانەی نەیارەکان هەنجەت و بەهانەیەکی بەهێزەبۆ ئەنجامدانی کودەتا پێویستیش بەبەلگەو مەلگەناکات ، بەلگەهەر بۆدادگا باشەلەکاتی دیموکراتیدا.

**هەڵبژاردنی کاتی گونجاو بۆ کودەتا**

هەر کاتی ڕێگەی کودەتات گرتەبەر دڵنیابەلەوەی نەخشەو پلانەکەت وابی لەرۆژی پشوی هەفتەدا دەست بەکاربیت ، ئەگەر سیاسەتمەدارێک ووتی ڕۆژی هەینی باشترەگوێی مەدەرێ ؛ چونکەرۆژەکانی تر ڕۆژنامەنوس و ڕاپۆرت دەرەکان دەنگ و باسەکانبلاو دەکەنەوەکێ دەزانی هەولەکەت سەردەگری و پاشان چ روئەدات .. بیری لێ بکەوەئەرجەنتین لەپشوی هەفتەدابو لەسالی ١٩٨٢ دورگەی فۆکلاندی داگیر کرد ، جەنەرال بینوشیت لەسالی ١٩٧٣ دەستی بەسەر شیلی داگرت ، دیکتاتۆری عیراق لە٢ ئابی سالی ١٩٩٠ کوێتی داگیر کرد ، سەرت سورِ نەمینێ هیتلەر لە١/ئەیلولی ١٩٣٩ پۆلەندەی داگیرکرد و جەنگی دوەمی جیهان هەلگیرسا و ڕۆژی دووشەممەدەنگو باسەکەلەهەمو شوێنیک خویندراوە

**دۆشینی میدیا**

تۆش بۆچەواشەکردنی خەڵک پیویستیت بەدەستگایەکی توکمەی ڕاگەیاندن هەیە، هەرچەند خەڵکی هۆشیار بڕواو متمانەی بەراگەیاندنی دەستەلاتداری زۆر دار نیە، کەمتر خەڵکی پێ فریو ئەدرێت بۆیەپێویستەژێر بەژێر دەمی نوسەری بەناوبانگ و خاوەن دەزگاکانی راگەیاندن چەور بکەیت تا لابەلا باسی کارامەیی و زیرەکی و هێزو توانات بکەن ئەگەر هەندی ڕۆشنبیر و نوسەری وا هەبیت تانەو تەشەرت لێبدەن و زمان درێژی بکەن ، سەرەتا گەفیان لێبکەبیان ترسێنەپاشان هەوڵ بدەبەهۆی سیخورەکانتەوەدەستیان لێ بوەشێنی ئەگەر هەر سەری نەگرت پێویستەبەپارەو پوڵ دەمکوتیان بکەیت . ئەم شەڕەش درێژەی دەبیت هەتا تۆ لەسەر فرمانڕەوایی بەردەوام بیت.

فیدل کاسترۆ بەتەمەترین سەرۆکی زیندوەلەجیهاندا هەرگیز دەرفەتێکی لەدەست نەداوەبەخەلک بلێ چی لەکوبا دەوێ و بەتەمایەبەرەو کوێی ببات ووتارەکانی بەردەوام لەتەلەفزیۆن و ڕادیو دوو بارەدەکاتەوە، فیدل کاسترۆ بەناوبانگەلەدرێژ دادڕی لەمانگی ئەیاری سالی ١٩٥٣ ووتارێکی شەش سعاتی لەتەلەفزیۆن پێشکەش کرد تۆش دەتوانی ڕێو شوێنی ئەو بگری ئەگەر پارەتەخشان و پەخشان بکەیت دەتوانی هەندی گۆرانی بێژ وەکو مەیمون بۆت هەلپەڕن و گۆرانیت بەسەردا هەڵ بلێن نوسەر و شایەری سوک و ڕیسوا بەکرێ بگریت لەهەمو بوارێکەوەووتارت بۆ ئامادەبکەن.

(نوکتەیەک هەیەدەلێن فیدل کاسترۆ توشی خەوزڕان دەبیت دوکتۆری خۆی بانگ دەکات پێی دەلێ من خەوم لێناکەویت کێشەنیەچ ڕێگەچارەیەکم بۆ بەباش دەزانی پێم بلێ چیبکەم باشە؟

دوکتۆر : ڕێگەچارەی باش هەر ئەوەیەهەوڵ بدەی ووتارەکانی خۆت بخوێنیتەوە)

**هێلانەخۆشکردن**

کەبەتەواوی دەستەلاتت گرتەدەست پێویستەمافەکانی خۆت بەکاربینی لەرێکخستن و دەستدرێژی کردنەسەر هەمو بەهایەک بەتایبەتی ماڵ و مولکی گشتی.. با حەزەکانت وەکو پاشای دوەمی مەراکیش بیت کەحەوت کۆشکی شاهانەی بێ وێنەی هەیە٢٥٠ سەر ئەسپی ڕاگرتوەووشترەکانی لەژمارەنایەن نەعامە و کەرەکێویەکی زۆری هەیە، لای کەمی خاوەنی ١٠٠٠ سەر ئاژەلی ترەئەم لیستەوەک ڕینماییەک بەکار بێنەلە١٠٠ ڕۆژی یەکەمی دەستەلاتتا جێبەجێی بکەشوێنێکی گەورەو فرەوان و دلگیر پاوان بکەشوێنیک کەجێگەی شانازی بیت بۆ ڕابواردن و حەوانەو گەڕان. هیلاسیلاسی لەئیسیۆپیا کۆمەلیک شێری جۆری (جودا) بەخێو دەکات بۆئەوەی بەئارەزوی خۆیان لەدەورو بەری یەکێک لەکۆشکەکانی بخولێنەوەشوێنیکی دلگیر هەلبژێرەبۆ ڕۆژانی پشودان ( بیری لێبکەوەهیتلەر شاخی بێچسگادن ی هەلبژارد بۆ کاتی پشودان کەخۆشترین شوێنی گەشت وگوزارەلەئەلمانیا با دوو فرۆکەی تایبەتت هەبیت ، ٣ ئوتومبێلی ڕۆلزڕایزی گوللەنەبڕ ، یەختێکی گەورە( ئەگەر وولاتەک داخراوە و لەسەر دەریا نیەدەتوانی لەولاتێکی سەردەریا هەلبژێریت یەختەکەت لەبەندەرێکی ئەوێ ڕابگری بۆ نمونەلەکاریبیان.

موبەقێکی پڕ لەچێشتکەری شارەزا ، کەسێک تامی خواردنەکان بکات ژمارەیەکی زۆر لەغولام دەست و پێوەنی کاراماو دڵسۆز.

**دامەزراندی بیرۆکراسی تایبەت بەخودی خۆت:**

دەبی کۆمەڵەکارمەندێکی هۆشیارت هەبی لەبواری بیرۆکراسی و کاری ڕۆتینی بۆپر کردنەوەی پۆستەپف دراوەزلکراوەکانی دەولەتەکەت باشتر وایە خزم و دوستەکانت هیچیان بەدەست نەبی. بیرت نەچیت هەمیشەکارمەندو ئەدمینی خاو خلیسک و کەسانی بێ بەهرە و کۆنەشەرمەزار بۆپۆستی گرینگ دەست نیشان بکەئەگەر چاو پۆشیش لەووردەگ ەندەلیەکانیان بکەی باشترەبەدوای کەسایەتی هەلپەرست و هەڵمەتەکاس یکۆنەتاوانبار بگەڕێ ؛ چونکەئەوەی پیاوی هیچوپۆچ بۆتان دەکات پیاوی مەردو بەویژدان نایکات!.

لینینی مەزن هەستی بەبەرز خوازی ستالین کرد کاتی بەهۆی جەڵتەلێدانە وەلە١٩٢٢ پۆستی سکرتێری گشتی پارتی بۆلشەویکی پێ سپارد پاشان لینین باشتر مەترسی ستالینی بۆئاشکرا بوو ؛ بۆیەبەنامەیەکی نهێنی ئامۆژگاری کۆنگرەی داهاتوی کرد کەستالین هەڵنەبژێرن ، بەلام ستالین بەستنی کۆنگرەی وەقون داخست نەی هیشت نامەکەشی کاریگەری بمینێ بەشتێکی بێ ئەهەمیەتی دانا بێگومان ئەگەر لینین دوچاری جەڵتەنەبوایەکەتوشی شەپلەی کرد ڕەنگەستالین بەدوگمەن ناوی لەپەراوێزی کتێبەمێژویەکان باس بکرایە.

**یەکەلاکردنەوەی تۆلەسەندنەوەو کۆنەقین:**

بەشی زۆری خەلک بەشی خۆی ناحەزی هەیەبەلام کەمیان خەونی تۆلەسەندنەوەیان دیتەدی ، تۆ ئێستا دەتوانی تۆلەلەنەیارەکانت بکەیتەوە و دەست نیشانیان بکەیت:

*** کی بو ویستی پاڵ بەتۆ وەنێت بۆ ئەوەی خۆی بچیتەلووتکە؟**

***کێ بوو دەستەلاتی هەبوو بەلام بەتەواوی هاوکاری نەکردیت؟**

*** ئایا هاورێ و لایەنگیری فەرمانداری پێشوو لەکوێ سەری خۆیان کز کردوە؟**

*** کێ بون ئەوانەی بەشێوەیەکی زیدەڕۆیی و ناسروشتی سوود مەند بون لەحکومەتی لەمەو بەر؟**

***کێ بون ئەوانەی کاتی خۆی زماندرێژیی و بێ ڕێزیان بەرامبەرت دەکرد؟**

***کێن ئەوانەی زۆر شت دەربارەی خۆت دەزانن؟**

**ئێستا بیر لەوەبکەوەچ جۆرەسزایەک بە پەسند دەزانی:**

*** تیرۆر کردن : لەوەداهێنەربەمەلیک ئەدواردی شەشەم شازادەکلارنس ی لەناو شەرابی شیرینی مامزی دا خنکاند!**

*** بەبەرچاوی خەلک جێبەجێ کردنی سزای مەرگ:**

وێنەی کوشتنی تۆماس کرانمەر بەسوتاندنی بەبەرچاوی خەلک ، یان سەر پەڵدان وەکو ماری ئەنتوانیت شاژنی فەرەنسا لە١٦/ئۆکتۆبەری سالی ١٧٩٣ دوای ئەوەی لەسەر گالیسکەیەکی سەرکراوەبەشەقامەک انی پاریسدا گێرایان شرەخورەکان هەرچی شتی پیس بو تێیان گرت و پاشان بەمەقسەلەسەریان پەلدا

***زیندانی کردن** : جاران باوبو نەیارەکانیان بۆ شوێنی دورەدەست نەفی دەکرد .. ناپلیۆن دوو جار لەلایەن هاوپەیمانانی ئەوروپا نەفی کراوە.

**ئەشکەنجەدان:** لەسەدەی ١٦ دا کلیسای کاسۆلیک لەئیسپانیا خەلکی بێ باوڕو گومڕای ئەشکەنجەئەدا بەداهێنانی شێوازێکی لێکۆلینەوە و ئاراستەکردنی زنجیریەک پرسیاری هەست ڕوشێن بەمەبەستی سوکایەتی پێکردن.

**یاسا دانان یان یاسا دروستکردن**

(هەرکەسێک لەمناڵ یان لەکۆیلەی کەسێک بێ شاهێدو ئیسپات شتێک بکرێت بەدز دائەنرێت دەبی سزای مەرگی بەسەردا بسەپێت.

**یاسای حمۆرابی پادشای بابل(١٧٩٥-٥٠ پێش زایین )**

لەوتی یاسای حمۆرابی لەدەوروبەری سالی ١٧٨٠ دا بەرلەدایک بونی عیسا دەرچوەسەرکردەمەزنەکان بەئارەزوی خۆیان یاسا دائەنێن بەلام لەدیموکراسی دا یاسان دانان داب و نەریتی خۆی هەیەپێویست بەمشتومڕ و توێژینەوە و تاوو توێ کردن هەیەبەچەند قوناغ ڕەت دەبی و ئینجا بڕیاری لەسەر ئەدرێت.

لای دیکتاتۆرەکان یاسا وەکو لاستیک وایەچۆنی بوێ ئاوا لێکی دەکێشیتەوە، باشترین ڕێگا ئەوەیەخۆت فەرهەنگێکی یاسایی ئامادەبکەیت هەندێک زاراوەی یاسایی کۆبکەوەبابەتەکان پۆلین بکەبۆ نمونە:

**تانەو تەشەر لێدان وئابرو بردن:** بەڕاستی مانای وایەهەرشتێکی خراپ کەدەربارەی تۆ بووترێ.

**دەستەی دادوەری:** گروپێکەئەو یاسایانەی تۆ پیت باشەپەسندی دەکات.

**دەستەی سوێند خۆرەکان:** لەدوازدەکەس پێک دێت لەدادگا ئامادەدەبن بۆئەوەی ئەگەر بڕیارێک پێویستی بەگۆڕانکاری هەبیت یان شتێک دادوەر فەرامۆشی بکات ڕاستی بکەنەوە.

**یاسا** : سیپارەیەکەنوسراوەتەوەب ۆ ئەوەیشتەکان بەئارەزوی تۆ بەڕێوەبچیت. لەکەش و هەوای دیکتاتۆریدا هیچ کۆسپ و ئالۆزکاری یەک نیەلەبەردەم یاسا تێپەڕاندن و پیادەکردنی.

**پارێزەر** : کەسێکەدەتوانی بەچاکترین شێواز باجی سەرمایەو وەبەر هینان و داپۆشی.

**پارلەمان** : گروپێکی دەست کەمۆ کراوە لەشوێنیکی وەک دیوەخان گشت بڕیارو پێشنیارەکانی تۆ بەپێی پێویست پەسند دەکەن بەردەوامیش لەبەر چاوی کامیرەکانی تەلەڤیزیۆن چەپلەت بۆ لێئەدەن.

**ئەو شتانەی دیکتاتۆر دەتوانی بیکا و لەدیموکراسیدا ناکرێت**

* داخستنی ئیستگەی رادیۆ و تەلەڤیزیۆن و ڕۆژنامەکان سانسور خستنەسەر تۆری تەلەفۆن و یان قەدەغەکردنیان هەر کاتێک ئارەزو بکەیت.

* دەتوانی پارەی فاتۆرەی ئاوو کارەباو تەلەفۆن و گاز هەر نەدیت. دەتوانی لەناوەندی شەقام ئوتومبێل ڕابگری و هەروەها دەتوانی هەندی ڕیگەو بان و شەقامی گشتی بۆ هات و چوی خۆت قۆرخ بکەیت.

* لەسەر پولی پۆستەژێننامەی خۆت بنوسیت. گۆڤارو ڕۆژنامەکانی وولات ناچار بکەیت بەردەوام وێنەی جۆرا و جۆرت بلاوبکەنەوە.

* هیچ دادگایەکی وولات بۆی نیەداوای لیکۆلینەوە یان سزایەک بسەپێنی بەسەر خۆت و کەس و کارت یان ئەوانەی تۆ پشت و پەنایان بیت.

* دەتوانی شەوو ڕۆژ جلی سەربازی (خاکی) بپۆشی لەبەر ئەوەی نیشانەی هێزو دەستەلاتە و مۆدیلیشی ناڕوات

* دەتوانی ناوی هەندێ شار بگۆڕی یان ناوی خۆتی پێوەبلکێنی ئەسکەندەری گەورەلای کەمی حەفتا شاری بەناوی ئەسکەندەریەناو زەد کردوە.

* دەتوانی ئالای وولات بگۆڕی ڕەنگ و سیمبولێک بەکاربینی کەخۆت بەچاکی دەزانی.

**بۆ نەوەی داهاتوو کارێک بکە**

بۆئەوەی مێژوو فەرامۆشت نەکات کارێک دابهێنەبا زۆر کاریگەریش نەبیت ، شێوازێک بدۆزەوەولایەنگری چاکسازی کۆمەلایەتی تیا بیت.

مۆسۆلینی زۆردارێکی دلڕەق و ڕەزا گران بوو بەلام خەڵکی ئیتالیا ئێستاش بیری دەکەنەوەکەرژێمەکەی توانی وابکات شەمەندەفەر لەکاتی خۆی بگات و دوانەکەوی. ئەلمان هیتلەریان هەیەباسی بکەن بۆ ئۆتۆبانەکەی ، زۆرێک لەئێمەئیستاش ڕۆژ ژمێری گریگۆریان بەکاردێنیت کەلەلایەن پاپا گریگۆری سێزدەهەم لەسالی ١٥٨٢ دروستی کردوە ، تۆش شتێک بدۆز ەرەوەبۆنمونەدەتوانی فرمان بدەیت نابی کەس لەوولات سەرو سمێلی ڕەش کاتەوە یان بەپێچەوانەوەبڕیار بدەدەبی هەمو کەس ئەو کارەبکات .

**مەرگی دیکتاتۆر**

بێگومان لێکۆلەرەوەکان سەریان سوڕماوەلەئاشکرا نەبون و لەناو چونی کۆمەلێک زۆردار لەمێژودا.

پاش هەشت ساڵ فەرمانڕەوایی دیکتاتۆری ئۆگەندەعیدی ئەمینی دلڕەق لەپڕ وون بو بەگوێرەی هەندی پڕۆپاگەندەگوایەلەشانشینی عەرەبی سعودیەدالدە دراوە، تا ئێستا ئەم گومانەش ڕون نەبوتەوە، بەلام لەهەلاتن و خۆشارنەوەسەرکەوتو بوو. تا ئەمرۆ تەرمی ئۆدلف هێتلەر نەدۆزراوەتەوەکەلەسالی ١٩٤٥ بەرلین لەلایەن روسیا بوردومان کراو داگیر کرا و ئەویش بەخۆیو ژنەدۆستەکەی سەریان تیا چوو ، ئێستاس هەندی کەس وادەزانن لەژیاندا ماوە و لەرۆخی دەریای ریۆ دی جانیرۆ خۆی ئەداتەبەرتیشکی خۆرەتاو. پێویستیش ناکات تۆ زۆردارێکی سەربازی بیت هەتا دوچاری هەلاتن و خۆشاردنەوەبیت ، هەندی جار سەرکردەی ئاسایی هەیەدوچاری چارەرەشی دەبیت . لەئوستراليا لەسالی ١٩٦٧ سەرۆک وەزیران هارۆلد هۆلت لەکاتی مەلەکردن لەکەناری دەریا وون بوو تەرمەکەشی هەر نەدۆزراوەزۆر لێکدانەوە و مەزەندەی دەربارەی کرا.

وانە و پەند لێرەدا ئەوەیە ئەگەر گۆمانت کرد بارودۆخی دەستەلاتەکەت بەرەو شلەژان و ئالۆزی دەڕوات هەتا بەتەواوەتی کار لەکار نەترازاوەبێریکی قولی لێ بکەوە، شێوازێکی ڕاکردن هەڵبژێرە شوێن پاو پاشەکشەی خۆت داپۆشەو ڕاکەو کەس نەتبینی.

بادەرچونەکەت کتوپڕ بیت ، لێل و تەماوی بیت هیچ نەبی بۆئەوەی لەتۆماری مێژودا ناوو شوێنێک بۆ خۆت دابین بکەیت ، نەکەی چاو لەنمونەی خۆشاردنەوەی ئەندامەکەی پەرلەمانی بەریتانی جۆن ستون هاوس بکەیت کاتی کەوتەژێر قەرز و قوڵەیەکی قورس ڕۆیشت لەسەر لێواری دەریای میامی باوەشێک جل و بەرگی خۆی بەجێهێشت و لەگەل سکرتێرەکەی ڕایان کرد بۆ بەرازیل پاش دوو ساڵ بەقوڵ بەستراوی هێنایانەوەبۆ بەریتانیا و زیندانی کرا.

**دوا ووشەی بەناوبانگی سەرەمەرگی نیکۆلای ماکیاڤیلی**

من حەزدەکەم بچم بۆ دۆزەخ نەک بۆ بەهەشت چونکەلەوەی یەکەمدا دەبمەهاوڕیی قەشەو پاشاو شازادە، لەکاتێدا لەوەی دوەمیان تەنیا سواڵکەرو ڕەبەن و بانگخواز هەیە.

---

# لە تاراوگەوە

## لە( ئیبن مستەوفیی)ەوە بۆ (کۆسرەت ڕەسوڵ)

ناسنامەو شارستانییەت و پێشکەوتوویی هەر نەتەوەو ولاتێک لە ڕێی سەرچاوە مێژووییەکانەوە دەناسرێت، بوونی سەرچاوەی مێژوویی و شوێنەوار پڕ بایەخترین بەلگەن بۆ ڕادەی هۆشیاری و پێشکەوتوویی نەتەوەکان.

نووسراوەکانی ئەرستۆو ئەفلاتون و سوکرات و سۆفۆکلیس و ئەسخیلۆس و یورپیدس و...هتد چەندین سەرچاوەی تر مێژووی پێشکەوتن و شارستانییەتی گەلی یۆنانمان بۆ دەسەلمێنن ،دیموکراتیەت و سیستمی پەرلەمانی لەم لاتە سەری هەڵداوە بەسەدان ساڵ بەر لە زایین، دوای نەمانی یەکەم نوسخەی ئینجیل ، یەکەم نوسخەی(ئینجیل)ی پارێزراو بەزمانی یۆنانی بۆتە سەرچاوەی بڵاوبوونەوەی سەرجەم ئینجیلەکانی دنیا، هەموو ئەم بەڵگانە سەرچاوەی ناساندن و شانازی گەلی یۆنانن، ئێستاش پاشماوەی شوێنەواری شارستانییەتەکەیان بۆتە شوێنی گەشتیاری، لە وڵاتانی جیهانەوە گەشتیاران دێن بۆسەردان و بیبینن. دەزگا چاپەمەنییەکانی ڕۆژئاوا لەپێشبرکێی ئەوەدان کامیان پڕ بایەخترین سەرچاوەی زانیاری وەک : ئینسکلۆپیدیاو لکسیکۆن و فەرهەنگ چاپبکەن .

مێژووی سەرلەبەری کورد لەبەر هۆکاری شەڕی وێرانکاری داگیرکاران شوێنەوارەکان وێرانکراوە مێژووەکەشی یا ئەوەتا شێوێنراوە بەپێ ویست و بەرژەوەندی داگیرکەران نووسراوە یا بەناکاملی نووسراوەتەوە ،زۆر سەرچاوەش سوتێنراوەو فەوتێنراوە یا دەستی ولاتانی ڕۆژئاوا کەوتووە لەڕێی گەڕیدەکانەوەو پارێزراوە ، بۆ نووسینەوەی مێژووی هەر نەتەوەیێک چەند شتێک گرنگە وەک : دەسەلات، توانای دارایی، ڕاستگۆیی، کادری پسپۆڕو شارەزا ، سەرچاوە، شوێنی پاراستنی نوسخەی دەستنووس یا چاپکراو.

لەدەوڵەتی بەکتەکینی سەردەمی سوڵتان مزەفەری گۆگبریدا ، ابوالبرکات شرف الدینی هەولێری ناسراو بە(ئیبن مستەوفی) وەزیری سوڵتان بوو، پرسورای بەم وەزیرە بووە، زۆری خۆشویستووە و باوەڕی پێی هەبووە ، بۆیە سوڵتان هەردەم لای خۆی داناوە ، ئیبن مستەوفی چەندین بەرهەمی بەنرخی نووسیوە وەک:( مێژووی هەولێر ) لە چوار بەرگدا، (کتاب النزام) لێکۆڵینەوەیە لە شعرەکانی ابی تمام و موتەنەبی لە(دە) بەرگدا ، پەرتووکی(اثبات المحصل من نسبة ابیات المفصل) ، پەرتووکی نهێنی ونبووی ، پەرتووکی ئەبی قماش ، شعریشی نووسیوە ، چەندین کتێبی تر ی نووسیوە، بەلام زۆری نەماون . زاناو دانای هەولێری زۆرن، کە کتێبیان نووسیوەتەوە وەک:(ئبن خەلەکان) کتێبی (وفیات الاعیان وابناء الزمان) کە بە نرخترن سەرچاوە دادەنرێ لە مۆزەخانەی بەریتانی پارێزراوە، باسی زانایانی گەورەی ئیسلام دەکات ،بە ئنگلیزی و تورکی و عەرەبی لە چاپدراوە،ئەم زاتەش بەرهەمەکانی لەدنیای ئیسلام ناسیدا کتێبەکانی وەک سەرچاوەی پڕ بایەخ دادەنرێن.

**ئینسکلۆپیدیای هەولێر**

ئەم بەرهەمە دەتوانێ جێگەی خۆی لەنێو سەرجەم ئەو بەرهەمانەی، کە تایبەتن بە مێژوو کولتورو جوگرافیای نەتەوەکانی تری جیهان بکاتەوە،وەک سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوو بایەخداری پڕ لەزانیاری شاری هەولێر سوودی لێوەربگیرێت، لە لایەن زانکۆو پەرتووکخانەکانی جیهان و لێکۆلەرو توێژەرو ڕۆژهەڵاتناسان و ئەوانەی بیانەوێ زانیاری لەسەر ئەم شارە وەدەست بهێنن، ئینسکلۆپیدیای هەولێر بوو بە دەستە خوشکی مێژووی هەولێری ئیبن مستوفی و هاوشانی سەرجەم ئەم سەر چاوە مێژوویی وئینسکلۆپیدیایانەی خزمەت بە مێژووی مرۆڤایەتی دەکەن .ئەم بەرهەمە دوای هەوڵ و ماندووبون و چاوەڕوانییەکی زۆر لەدایک بووە،لە چاپخانەی گرین گالۆری لە لوبنان چاپکراوە، ئەوەش بەهەولی دڵسۆزانەی هەموو ئەو بەرێزانەی بەبەرهەم بەشداریان کردووە ئەوانەی شەونخونیان کرد تا بەرهەمەکەیان بە پەرتوکخانەی کوردی شاد کرد، پێنج ساڵ کارکردنی ئەندامانی لێژنە باڵای ئامادەکردن جێگای سوپاس و دەستخۆشی لێکردنن، کە پێکهاتوون لەبەڕێزان : بەسەرپەرشتی کۆسرەت ڕەسول جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جێگری سکرتێری گشتی (ی.ن.ک ) ،سەرۆکی لێژنە د. عەبدوڵلا عەلیاوەیی، د. مەولود ئیبراهیم حسن مامۆستای زانکۆی سەلاحەددین لە کۆلیژی زمان ئەندام، د. ئومێد ئیبراهیم جوزەلی مامۆستای زانکۆی سەلاحەددین لە کۆلیژی ئەدەبیات بەشی مێژوو ئەندام، فەرید سابیر قادر ( فەرید ئەسەسەرد) بەڕێوەبەری سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی ئەندام، حەمید ئەبوبەکر بەدرخان بەرپرسی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان و ئەندام و سەرپەرشتیاری گشتی چاپ و کارمەندانی دەزگای بەدرخان"محەمەد زادە، عەبدولرەحمان مەعروف، مەسعودی مەلا هەمزە، ئەیوب یوسف، بەدرخان یوسف".



**یوسف مەنتک - ئەڵمانیا**

وەرگێڕان

هونەری بەدرخان Bedirxan

بڵاوکراوەیەکی هونەریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ
بەسەرپەرشتی: مەسعودی مەلا هەمزە
masoud.press@yahoo.com
ژمارە ٤٧ - ١٣٨، ٢٠١٠/٤/٨ی زایینی

## پرۆفیشناڵ



مەسعودی مەلا هەمزە

### زەردەشت راپەر بووەو راپی کردووە

راپ یەکێکە لەو ستایلە هونەرییە نوێیانەی، کە ئەمڕۆ لە دنیادا باوەو خەڵکانێکی زۆر هەن خەریکی ئەو هونەرەن و جەماوەرێکی زۆریشی هەیە، بەڵام ئەوەیان زیاتر لە رۆژئاوا باوە، وەلێ لەو ساڵانەی دواییدا خەریکە ئەو هونەرە پەل دەهاوێتە کوردستان و لێرەش هۆگرگەلێکی بۆ خۆی پەیدا کردووە، کە باس لەو جۆرە هونەرە دەکەم، پێتان وانەبێ پاشکەوتووم و لەگەڵ ئەوەنیم ستایلە نوێکانی هونەر پەل بهاوێتە کوردستان و هونەری کوردیش پێشکەوتن بەخۆیەوە ببینێ، کە بەبڕوای من پێشکەوتنی هونەری کوردی لەوەدا نییە راپ و پۆپ لە کوردستان زۆربێ، بەقەد ئەوەی کە پێویستە هونەرمەندانی کورد کار لە میلۆدی و بەرهەمی فۆلکلۆری کوردی بکەن و لە فەوتان و دزین رزگاری بکەن.

ئەوەی لێرەدا گەرەکمە باسی بکەم، سازکردنی مەراسیم و فێستیڤاڵی نەورۆز بوو، کە خۆشبەختانە ئەمساڵ لە شاری هەولێر پارێزگای هەولێر بەشێوەیەکی جوان و رێکو پێک رێکی خستبوو، کە تێیدا چەندین چالاکی جۆراو جۆری جوانی هونەری پێشکەش کرا، وێڕای هەموو شتە جوانەکان شتێک لام بووە پرسیار و خۆی قووت کردەوە، کە بۆچی دەبێ لە مەراسیمی نەورۆزدا بەرهەمی راپ پێشکەش بکرێ، ئایا دەبێ کاتی خۆی زەردەشت راپەر بووبێ و راپی کردبێ، یان؟

دوای گەڕانێکی زۆر لەناو سەرچاوە مێژوویییە باوەڕپێکراوەکانی کوردی و بیانی و عەرەبی، گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە زەردەشتی مەزن لە سەردەمی خۆیدا یەکێک بووە لە راپەرە هەرە بە تواناکانی جیهان و بەردەوام بۆ ئارامکردنەوەی رۆحی خۆی راپی کردووە، لەوەش گرنگتر ئەوەبوو کە ئەو سەرپەرشتی زیاتر لە ٤٠ تا ٥٠ گروپی راپی کردووەو بە شێوەیەکی راستەوخۆ ئەو گروپانە لەژێر کۆنترۆڵی ئەو بوونە، هەروەکو گەیشتمە ئەو راستییە مێژووییەی کە باوکە گەورەی یەکێک لە ئەندامانی فێستیڤاڵی نەورۆز کە ئێستا لە پارێزگای هەولێر دەوام دەکا، ئەندامێکی چالاکی ئەو گروپە بووەو بۆ وەدیهێنانی خەونی زەردەشت و برەودان و بەردەوامیدان بەو هونەرە کوردییە رەسەنە، ئەمساڵ پارێزگای هەولێر لە فێستیڤاڵی نەورۆز دوو گروپی راپیان داوەت کردبوو، تاکو رۆحی زەردەشتی گەورە پیرۆز رابگرن.

ئیتر هیوادارم نەتەوە یەکگرتووەکانیش بە بڕیارەکەی خۆیدا بچێتەوەو ئەوە بزانێ کە راپ یەکێکە لە خاسیەتەکانی نەورۆز، هەروەک چۆن پارێزگای هەولێر لە فێستیڤاڵی ئەمساڵ بایەخێکی زۆر باشی بەو هونەرەدا بوو، بەڵام هەڵەیەکی بچووکیان کرد ئەویش چەند بەرهەمێکی کوردیان نمایشکرد، ئەگینا زۆر راستە راپ دینگەی سەرەکی نەورۆزەو پێویستە لە ساڵانی داهاتوو پارێزگای هەولێر بیکاتە بڕیار، کە لەهەر شوێنێک ئاگری نەورۆز کرایەوە دەبێ چەند بەرهەمێکی راپیش پێشکەش بکرێ.



شێروان بێرکۆتی

# شێروان بێرکۆتی: حەسەن سیساوەیی داستانە



**هونەرمەندی گۆرانیبێژ و حەیرانبێژی سەرکەوتوو شێروان بێرکۆتی لە ساڵانی هەشتاوە خەریکی گۆرانی گوتنە، ئەو ماوەی چەند ساڵێکە لە ئەوروپا دەژی، دەربارەی بەرهەمەکانی و بەشێک لە ژیانی تایبەتی دواندمان...**

## ئا: هونەری بەدرخان

*** وەکو یەکەم کاری هونەری کە بڵاوتکردبێتەوە، چی و کەی بوو، بۆ ئاواز و هۆنراوە سوودت لەکوێ وەرگرت؟**

- من لەزۆر ئاهەنگ بەشداریم کردووە لەگەڵ گۆرانیبێژان، بۆ نموونە خوالێخۆشبوو کاک ئەردەلان بەکری جوانەمەرگ لە ٨٩ ئاهەنگمان بەیەکەوە کردووە، لەگەڵ ئەمجەد بێچارەو جەلال سەعید و نیزام شوکرو فەرهاد زیرەک و زۆر هونەرمەندی دیکە بەشداریم کردووە لە ساڵانی ١٩٨٩ و ١٩٨٨، لە ساڵی ١٩٨٧ ئەوکات هیمداد نوری، عەبدولخاق خەتات و کچک عیماد و کچک شێروان و کچک عەبدولخالق هەبوون، لەگەڵ ئەوانە من ئاهەنگم کردووە، وەکو بەرهەمیش ئەوکات نەمتوانی بەرهەم تۆمار بکەم، تاکو دوای ڕاپەڕین، لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ یەکەم کاسێتم بڵاوکردەوە بەناوی "لێ لێ خانم" یەکەم گۆرانیش کە خەڵک منی پێ ناسی گۆرانی هونەرمەندی گەورەی جوانەمەرگ "قادر زیرەک" بوو لە "دوگمەی سینەت دوێنێ نوێژی شێوان" بوو، کە کلیپ و بڵاوم کردەوە، ئەوکات من بەو بەرهەمە ناسرام.

*** وەکو هونەرمەندێک کە لەبواری حەیران شارەزای، چەندە لەگەڵ ئەوەی دەقی حەیران لەگەڵ سەردەمی ئەمڕۆ بگونجێندرێ؟**

- حەیران ئەگەر بەتەواوی لێی بکۆڵییەوە، حەیران پێناسەی کلتوورێکی رەسەنە، حەیران پێناسەی قەومێکە، حەیران پێناسەی وڵاتێکە، کە تۆ لەهەر چوار پارچەی کوردستان گوێت لە حەیران بێ دەبێ وشەکان رەسەن بن، تۆ ناتوانی ئەمڕۆ حەیران وەکو مقامێک پێناسە بکەی، کە گوتت حەیران یانی فۆلکلۆری کوردی، دەتوانی گۆڕانکاری لە حەیران بکەی، بەڵام بە وشە کۆنەکان، بۆ نموونە تۆ دەتوانی خۆت حەیرانێک دروست بکەی لەسەر خۆشەویستییەک، بەڵام بە وشەی خۆی، نەوەک تەعبیر لە خۆشەویستییەکەی خۆت بکەی بەو وشە سەردەمیانە، ئەوە نابێتە حەیران مەقامێک بڵێ باشترە، ناکرێ وشەی "sms" بخەیە ناو حەیران و بڵێی شەوێ "sms"م بۆ بنێرە، ئەوە ناکرێ و شێواندنی حەیرانە.

*** تا ئێستا بەشی زۆری ئەو حەیرانانەی گوتووتە، حەیرانی دەشتی هەولێرە، چۆنە خۆت لە قەرەی حەیرانی ناوچەی موکریان نەداوە؟**

- من دەتوانم بەهەموو شێوازێک لاوک و حەیران بڵێم، بەڵام هەرکەسەو بە شارەزایی خۆی، ئێستا من شارەزای دەشتی هەولێرو باشووری کوردستانم، من نازانم لە رۆژهەڵاتی کوردستان چی هەیەو چی نییە، موکریان رۆژهەڵاتە، بۆ نموونە لە موکریان دەڵێن "حەیران دەڵێم، کیژۆڵە" من ناتوانم لەناو حەیران بڵێم:"حەیران دەڵێم کیژۆڵە" کەواتا من خۆم جیا کردەوە لە کوردستانی خۆم، خۆی هەر چوار پارچەکەی کوردستان کوردستانە، بەڵام کوردستانی عێراق شێوازی گوتن و قسەکردنیشی جیاوازە، من کە دەڵێم "حەیران دەرێم" پێناسەی دەشتی هەولێرە.

*** دەگوترێ حەیران لە هەولێر سەریهەڵنەداوە، بەڵکو لە ناوچەی موکریان سەری هەڵداوە؟**

- راستە وا دەڵێن من جارێک لە تەلەفزیۆن گوێم لێبوو برادەرانی ناوچەی موکریان دەیانگوت حەیران لە ناوچەی موکریان سەریهەڵداوە، کەچی هەر لە حەیرانی خۆیاندا لە کۆتاییەکەی دەڵێ "کاولە قەراج"ی خۆمان، کەواتا دێتەوە دەشتی هەولێرێ و لەوێوە دێتەوە، کەواتا سەرچاوەکەی لە دەشتی هەولێر هەڵقوڵاوە.

*** کە ئەوەندە زانیارییەت لەسەر حەیران هەیە بۆچی هەوڵنادەی لە لێکۆڵینەوەیەکدا ئەو زانیارییانەی خۆت بنووسییەوەو بیخەیەڕوو؟**

- لێکۆڵینەوە لەسەر حەیران ناتوانم تەنها لە ماڵی خۆم بیکەم، لە ماڵی خۆم وەرە من پێناسەی حەیرانت بۆ دەکەم بەپێی ئەو توانایەی هەمە، بەڵام ئەگەر تۆ بتەوێ پێناسەی حەیران بکەی و لەڕێگای لێکۆڵینەوە بە جیهانی بناسێنی تەنها بەمن ناکرێ.

*** بەڵام خۆ دەکرێ بناغەیەک دابنێی؟**

- دەکرێ، بەڵام ئێستا پێموانییە چاپی کتێبێک ئاسان بێ، بە ڕاستی پاڵپشتی و ئیمکانیەتی دەوێ، لێرە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی هەیە لەسەر حەیران، لەناو بەرنامەکە تەماشا دەکەم جیاوازی هەیە، لەوێش جیاوازی هەیە، من زۆر ڕاشکاوانە دەڵێم گلەییم لە هەموو کەناڵەکان هەیە، شتی سەردەمیانە دەکەن، ئەوە من پێی دەڵێم تیرۆر و تیرۆریستی هونەری.

*** لەمڕۆی گۆرانی و مۆسیقای کوردی چەند هونەرمەندێک هەن بەناوی ستایلی نوێ ئاوازی کۆن بە گوێگری کورد دەفرۆشنەوە، تۆ قسەت لەسەر ئەوە چییە؟**

- من هەزار ساڵی دیکەش بمێنم، رۆژێک لە رۆژان خۆم لە گۆرانییەکی راپ نادەم، چونکە ئەوە شێواز و کلتووری من نییە، هونەرمەندەکان گلەیی دەکەن دەڵێن ئەوە ئاوازی تورکییە یان عەرەبی یان فارسییە، ئیهانەی دەکەن و رەخنەی لێ دەگرن، کەچی بەرنامەیەکی تایبەت هەیە کە بەرگری لە راپ دەکا، وەرە بزانم راپ کوێی کوردی تێدایە، با باش باش بزانن زۆربەی هونەرمەندە گەورەکانی خۆمان گریانیان دێ و دەگرین، بەڵام بەداخەوە هیچیان پێ ناکرێ، ئێستا تەماشا دەکەم دەڵێ دەتەوێ میللەتێک بەرەو پێش ببەی، بەوە میللەت بەرەو پێش ناچێ، تۆ کە بچی ریکلام و پروپاگەندە بکەی بۆ کلتوورێکی جیا لەخۆت.

*** پێتوانییە ئەگەر غیابی هونەرمەندانی کوردی رەسەن نەبێ، ئەوا ئەو هونەرمەندانەی لەو ستایلانە کاردەکەن ناتوانن ئاوا کاربکەن و بەرهەمەکانیان بەسەر خەڵک ساغ بکەنەوە؟**

- کاکە گیان لێرە بەرنامە هەیە بە ئاشکراو کابرا پشتیشی بەقوەتەو زۆر زۆر پشتگیریشی کرایە هاتییە پەیرەو و پرۆگرامی وڵات و نەتەوەیەکی دی پێشکەش دەکا لەسەر حیسابی تۆ، بەڵام ئێمە فەقیرحاڵین، گۆرانییە عەرەبییەکان زۆر بە ئاشکرا دیارە عەرەبییە، بەڵام وشەی کوردییە، ستایلی کوردی نییە، ئەوەی باسی ستایلی کوردی دەکا پشتی نییە، ئەمڕۆ کەسانێک هەن لە تەلەفزیۆن باسی ئەو شتانە دەکەن گەنجێک لەوانە فێری چی دەبێ؟ کاتی خۆی لە هەشتاکان لە تەلەفزیۆنی کەرکووک و بەغدا من هیچ فێرنەبووم، دەمکردەوە سەدام حوسێن بوو، دەمگوڕی "صور محرکە" بوو، کەواتا لێرە من چی فێربم، تەنها ئەو شتانە فێردەبم کە نیشان دەدرێ، بەڵام تۆ کە لە تەلەفزیۆنێک بەرپرسەکان و بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنەکان بە زەبر نەچەسپێنن بەسەر میللەتی کورد، ئەوە کلتووری میللەتی کوردە، تۆ ئێستا گوێت کردۆتەوە راپ و ستایلی عەرەبیت گوێ لێبووە، بۆیە هەر ئەو شتانە فێردەبی، ئاخر من چی لە ئەرەبێسک بکەم، من کابرایەکی کوردم، تۆ بڕۆ لە هەموو دنیا وڵاتێک بە هونەرەکەی پێناسە دەکرێ، بەداخەوە هی خۆمان نازانن، ئێمە لە ئەوروپاین دەبینین سەتەلایت چوار کەس دێنێ دەڵێی بۆ دەیانهێنێ؟ دەڵێ کاکە ئیمکانیاتمان نەبوو، کاکە ئەوە سەتەلایتە دنیا دەتبینێ، کوا خۆ کلتوورێکی پێوە دیار نییە، ئەگەر لە سەتەلایت و تەلەفزیۆنە ناوخۆییەکان و لە رادیۆو راگەیاندنەکان هەموو باس لە پێناسەی کلتووری کوردی بکەن بڕوام نییە کورد لەبیر بکرێ، بەڵام تاکو ئاوا بڕوا ماوەیەکی دیکە کلتووری کوردی بە تەواوی لەناودەچێ.

*** ئەی قسەت چییە لەسەر دزینی ئاوازە فۆلکلۆرییە کوردییەکان و تەعریب و تەفریس و تەتریککردنیان؟**

-ئێمە لەناوەخۆمان باوکێکمان نییە، لەو وڵاتە هونەرمەند بێ کەسە، بڕۆ لە تورکیا هونەرمەندێکی تورک دەتوانی هونەری تۆ بڵێتەوە، بەڵام ناتوانێ بەرهەمی هونەرمەندێکی دیکەی تورک بڵێتەوە، بۆ نموونە ئیبراهیم تاتلیساس گەورەترین هونەرمەندە، بەبڕوای من ئیمپراتۆری هونەرمەندانە، بۆی نییە بچێ گۆرانییەکی بلند ئارسۆی بڵێتەوە تاکو پرسی پێنەکا، بەڵام بۆی هەیە بێ گۆرانی کوردەکی بەستەزمانی وەکو مامۆستا تاهیر تۆفیق بڵێتەوە، لەبەرئەوەی دەزانێ بێ ساحێبە، بەڵام ئێمە لەناوخۆمان گۆرانی تاهیر تۆفیقی دەگۆڕم و بەناوی خۆشم بڵاوی دەکەمەوە کەسیش نییە رێگام لێبگری.

*** پێتوانییە نەبوونی یاسای پاراستنی مافی هونەرمەندان یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکییانەی ئەو کێشەیەی دروست کردووە؟**

- من کە دەڵێم باوکمان نییە مەبەستم لەو یاسایەیە کە لێرە نییە، حەزدەکەم دەنگی هونەرمەندان هەموو ببن بە یەک، بۆ شتی دیکە رێپێوان دەکرێ، بەڵام بۆ هونەر ناکرێ.

*** بەڵام لێرەشدا هونەرمەندان کەمتەرخەمن؟**

- من پێموایە ئەگەر شوێنێک هەبێ وەکو رەقابەیەک بەبێ جیاوازی، کە من بتوانم لەژووری دابنیشم و کەس پێم نەڵێ جەنابت لەکوێ هاتی و فلان کەس لێرە نییە، وەکو ماڵی خۆم حیسابی بکەم و لەوێ بەرپرسێک هەبێ بتوانین ئێمەی هونەرمەندان هەموومان کۆک بین لەسەر یەک قسەو بتوانین بەرگری لەخۆمان بکەین، بەڵام زۆر بەداخەوە هونەرمەندانی ئێمە ئەمڕۆ دەچمە جێگایەک "١٠" وەرەقەیەک وەردەگرم بێ دەنگ دەبم، دەڵێم با ئەمڕۆ بەڕکم گەرم بێ خواکەریمە بۆ بەیانی، ئەوەیە وای لێهاتووە، بەڵام ئەوەش دەگەڕێنمەوە سەر بەرپرسەکانی خۆمان، تا ئێستاش نازانن پێشکەوتنی هونەر پێشکەوتنی وڵاتێکە، کەسانێک هاندەدەن تەنها بۆ بەرژەوەندی خۆیان، بیر لەوە ناکەنەوە لە داهاتوودا تۆ کلتوورێک لەدەست دەدەی، ئێستا تیرۆرێکی زۆر گەورە لەناو هونەرمەندان هەیە، بەڵام خۆمان لەخۆمان ناگەین و تاکو ئینقیرازمان نەکرد نازانین ئەوە چییە.

*** ئەو هونەرمەندانەی کار لەو ستایلانە دەکەن دەڵێن ئێمە دەتوانین لەرێگای ئەو ستایلانەوە کورد بە دنیا بناسێنین؟**

- نەخێر ئەوە کوشتنی میللەتێکە.

*** کەوایا چ رێگایەک باشە بۆ ئەوەی هونەری کوردی بەدنیا بناسێنین؟**

- بۆ نموونە گۆرانییەکانی مامۆستا حەسەن زیرەک و مامۆستا تاهیر تۆفیق و عەلی مەردان هەرکاتێکی لێی دەدەی وادەزانی تازە تۆمار کراوە، بۆ؟ شتەکان رەسەنن، کەچی ئێستا چەندین گۆرانیبێژ هەن لەدوای ٢٠٠٠ گۆرانییەکان تەمەنیان ٢-٣ مانگ زیاتر نییە و لەبیر دەکرێ، بۆ؟ لەبەرئەوەی بناغەکەی پووچە، من چی لەوە بکەم ئەورۆ گۆرانی وای لێهاتووە بەزەبری کچ بە خەڵکی بناسێنی، بڕۆ بە تەنیا گۆرانییەک تۆماربکە کەس گوێی لێ ناگرێ، بەڵام ئەگەر ٤ کچت لەپشت بوو تەماشات دەکەن، ئەوە گۆرانی سەردەمی و ماوەیی و هەفتەییە.

*** دوای ساڵی ١٩٩٧ کە سەفەرت کرد یەکەمجار دوای چەند ساڵ گەڕایەوە هەولێر؟**

- دوای ٨ ساڵ دابڕان هاتمەوە کوردستان.

*** دوای ٨ ساڵ کە هاتییەوە یەکەم شوێن کوێ بوو کە سەردانت کرد؟**

- لە ساڵی ١٩٩٠ ماوەیەک سەرباز بووم، ئەو شوێنەی کە لێی هاتمە خوارەوەو ئێستا فڕۆکەخانەیە لەوێ تەعزیب دەدراین، وەکو گیانلەبەر مامەڵەیان لەگەڵ دەکردین، نزیکەی ١٠٠٠٠ کەس لەوێ تەعزیب دەدراین و لێمان دەدراو سەرمان سفر دەکرا، پاش چەند ساڵێک کە گەڕامەوە بە فڕۆکەی کوردی لەناو فڕۆکەخانە لەو شوێنە دابەزیم کە لێی تەعزیب درابووم، لەوێ گریانم هات لە خۆشیان، ئەوە خۆشترین شت بووە لەهەموو ژیانم، کە هاتمەوەش دوای دوو رۆژ حەزمکردو چوومە کۆڵانەکانی تەیراوەو بەپێ لە کۆڵانەکانی سووڕامەوە.

*** سیحری ئەوە چییە تەیراوە کەسی رۆشنبیر و هونەری زۆری لێ هەڵکەوتووە؟**

- تەیراوە گەڕەکێکی کۆن و عەشایرە، بەڵام چەندین ڕۆشنبیر و مۆسیقاژەن و هونەرمەندی گەورە لە تەیراوە دەرکەوتووە، تەیراوە بەجێگایەکی زۆر زۆر رەسەنی خۆم دەزانم و شانازیشی پێوە دەکەم، هەموو یاد و یادەوەرییەکانم لەوێیە و ناشتوانم لەبیری بکەم.

*** قسەت چییە لەسەر حەسەن سیساوە، کە ئەو تۆی وەکو حەیرانبێژێک زۆر پێ سەرکەوتووە؟**

- تاکو لە ساڵی ٢٠٠٥ من نەهاتمەوە کەس حەسەن سیساوەی لەیاد نەمابوو، من حەسەن سیساوەم هێناوە ناو خەڵکی، چونکە من حەسەن سیساوە بە باوکی خۆم دادەنێم، حەسەن سیساوە رەمزێکی کوردە، بەڵام بەداخەوە قەدری نازانین، من کە باسمکرد داوای سەرۆکی حکومەتم کرد و لەلای ئەویش باسمکرد، کە حەسەن سیساوە چییە، دوای ئەوە شتی بۆ کراو خانووشی بۆ کرا، لەناو کلیپەکەشم خانوویێک کراوە ئەوە جەنابی سەرۆک بۆی کردووە، هەتا کە چوومە ماڵیشی وامزانی خەونە، لەژیانم نەمدیبوو یەکەمجارم بوو چوومە لای، ئەوکات گریانم هات، کە لە ژوورێک بوو، زۆر بەداخەوە تەنها جێگای مرۆڤ نەبوو، ئەو لەوێ دەژیا، کۆنە بەتانییەکی بەخۆی دادابوو، ئینسانی زۆر بێ ویژدان گریانی بۆ دەهات، گوناه نییە هونەرمەندێکی ئاوا گەورە وابێ، ئەوجا باسکرا وایەو وایە، هەرچی بۆم کردووە لەخێر دەرنەچێ، ئامادەشم چی بووێ بۆی بکەم بەپێی توانای خۆم، حەسەن سیساوەیی رەمز و کلتووری کوردە، ئەگەر گوێ لە بەرهەمەکانی ساڵانی حەفتای حەسەن سیساوەیی بگری هەر کەسێک گۆرانیبێژیش نەبێ دەبێتە حەیرانبێژ، شتەکانی زۆر زۆر بە رەسەنانە گوتووە، دەنگەکی زۆر و ئەدایەکی پڕ، یەکەم شت حەسەن سیساوەیی وای لێکردم بێمە ناو حەیران و دووەمیش غەریبی خۆم، چونکە من زۆر غەریب بووم و غوربەتم زۆر بینی.

*** کێشەی تۆمارکردنی بەرهەم لە ئەوروپا چەندە هونەرمەندانی کوردی لەکاری هونەری دوورخستۆتەوە؟**

- ئەوە کاریگەریی زۆرە، من ١٣ ساڵە لە دەرەوەم، ئەم ١٣ ساڵەی لە کوردستان بوومایە لەوانەیە نزیکەی ١٠ سیدیم هەبووایە، بەڵام ١٣ ساڵە لەوێم یەک سیدیم لەساڵی ٢٠٠٢ دەستمپێکرد و ٢٠٠٥ تەواوم کرد، ٣ ساڵ پێیەوە خەریک بووم، لەبەرئەوەی لەوێ شتێک هەیە زۆر زۆر گرنگە ئەویش هەر هونەرمەندێک ئەگەر بێتوو هونەرەکەی بە تەواوی بکا دەبێ کارێکی دیکەی لەپاڵ بکا، ئەگەرنا ناتوانێ هونەرەکەی بەرەو پێش ببا، لەوێ زۆربەی هونەرمەندەکان کاردەکەن، من باسی نەرویج دەکەم نەک سوید، لەسوید زۆربەی هونەرمەندەکان بێ ئیشن و تەنها ئیشی هونەری دەکەن، من لەوێ تەنها ئیشی هونەری ناکەم، من کە بمەوێ بەرهەمێک دابنێم لەوانەیە ئەگەر بمەوێ بە ٥ خولەک تۆماری بکەم بەلانی کەم دەبێ ساڵێکی بۆ دابنێم، چونکە دەبێ بچمە سوید، ژەنیارێکی کەمان هەیە دایبنێم دەڵێ ئیشم هەیە و ئەو هەفتەیە ناتوانم، بەدەستە خۆشی نییە لەوێ کارەکان بە تەکلیفی برادەرایەتی و شت ناکرێ، کاری هونەری لە ئەوروپا زۆر زۆر سەختە.

*** لە بەرامبەر ئەوەدا بەتایبەتی لەهەولێر چەند ستۆدیۆیەکی پێشکەوتوو کراوەتەوە، کەچی بەشێک لە هونەرمەندان لێرەوە دەچنە تورکیاو میسر بەرهەمەکە تۆمار دەکەن، تۆ دەڵێی چی؟**

- ئێمە ئەوەمان هەڵەیە چاولێکەریمان هەیە، بۆ نموونە فێربووینە تەنها بۆ ناوەکەیە تا بڵێ سیدییەکەم لە تورکیا تۆمار کردووە، بڕوام پێ بکە من کە لەوێ سەیری بەرنامەی "کام تراک"م دەکرد، دەمگوت بێمەوە کوردستان پەنجەیان ماچ دەکەم، هیچ جیاوازییەکیان نییە لەگەڵ ئەوانەی تورکیا، بەڵکو لەوانیش باشترن، بەڵام ئێمە بێ خاوەنین، ستۆدیۆیەکی زۆر زۆر گەورە نییە بەبێ جیاوازی کاربکا، ئەو هونەرمەندانەی لەکوردستان بەگشتی و هەولێر بەتایبەتی هەن هیچیان کەمتر نییە لەوانەی دەرەوە، بەڵکو زۆر زۆریش زیاترن، تاکو پێشمبکرێ من لێرە شت تۆمار دەکەم لە تورکیا نایکەم، چونکە ئەوەی تورکیا بە دڵی من نایکا، چونکە نازانی چ لەناو دڵی من هەیە، بەڵام ئەوە کوردی خۆمە و لێم تێدەگاو زۆر بە سەرکەوتووانەش دەیکەن.

# ڕۆژی جیهانی شانۆ لە نمایشەوە بۆ ئاهەنگ و هەڵپەڕکێ و ڕێزلێنان

## جودی دینیش: دەکرێت لە گوندێکی بچووکی ناو جەرگەی تاریکستانی ئەفریقیاش شانۆ نمایش بکرێت



چالاکییەکی تیپی شانۆی سالار



دیمەنێک لە ئاهەنگی بەڕێوەبەرایەتی شانۆی هەولێر

### شیکاری: هونەری بەدرخان

٣/٢٧ جیاواز لە هەموو ڕۆژەکانی دیکە بۆ شانۆکاران وەکو ڕۆژێکی گرنگی جیهانی و مێژوویی بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، لەم ڕۆژەدا لە سەرانسەری جیهان یادی ئەو ڕۆژە بەرز و پیرۆز رادەگیرێ و بە جۆرەها نمایشی شانۆیی پێشوازی لە ڕۆژێکی ئاوەها گرنگدا دەکرێ، وەلێ لەو کوردستانەی خۆماندا خەریکە ساڵ لەدوای ساڵ ئەو ڕۆژە لە نمایشی شانۆییەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئاهەنگی هەڵپەڕکێ و ڕێزنان لە کەسانی ماندوو، لێرەدا بە وردی تیشک دەخەینە سەر خاڵە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی ئەو جۆرە چالاکییانە لە ڕۆژی جیهانی شانۆدا...

**شانۆ و قەیران لە کوردستان**

لەم چەند ساڵەی دواییدا هەر کە باس لە شانۆ بکەین، ناکرێ تیشک نەخەینە سەر ئەو قەیرانە شانۆییەی کە باسی لێوە دەکرێ، جا ئەو قەیرانە چۆن و کێ دروستی کردووە ئەوە رای جیاوازی لەسەرە، بەڵام زۆرینەی رایەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە بەشی هەرە زۆری هۆی دروستبوونی ئەو قەیرانە خودی هونەرمەندان خۆیانن، کەوایا بەپێی ئەو رایە بێ بینەر لەو قەیرانەدا بێ گوناهەو گوناهی نییە، چۆن دەکرێ بینەرێک بێتە ناو هۆڵی شانۆ و سەیری شانۆییەک بکا، کەچی دەقی شانۆییەکە تەعبیر نەبێ لە ئێش و ئازارەکانی ئەو، کەوایا ئەو ڕۆژەی کە پێی دەگوترێ ڕۆژی جیهانی شانۆ ڕێگایەکە بۆ ئاشتکردنەوەی بینەر بە شانۆ.

**٣/٢٧ لە کوردستان**

ئەمساڵ جیا لە هەموو ساڵانی دیکە لەرووی یادکردنەوەی ئەو ڕۆژەدا کوردستان و هونەرمەندانی کورد وەکو پێویست و بەیەک دەنگی پێشوازییان لەو ڕۆژە پیرۆزە نەکرد، لەوانەیە بگوترێ کە لە کوردستان کۆمەڵێک چالاکی هونەری بەڕێوەچوون، بەڵام دیسانەوە هونەرمەندان سەلماندیانەوە کە ئەوان نەک لە ڕۆژانی ئاسایی، بگرە لەو ڕۆژەی کە جەژنی هەمووشیانە یەک دەنگ و کۆدەنگ نین لەسەر ئەوەی هەموویان لەسەر یەک خوانی شانۆییدا ئەو ڕۆژە بەرز رابگرن، لێرەدا هەوڵدەدەین بەوردی تیشک بخەینە سەر چالاکییەکان لە شارە جیا جیاکانی کوردستان.

**هەولێر و ٣/٢٧**

بۆ ئەمساڵ لە ٣/٢٧ لە شاری هەولێر هیچ چالاکییەکی شانۆیی وەکو نمایشی شانۆیی بەڕێوەنەچوو، دیارە لەوەشدا تیپ و گروپە شانۆییەکان و بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ بەرپرسیارن، بەڵام بەڕێوەبەرایەتی شانۆ لە فەراغی ئەوەدا لە ئێوارەی هەمان ڕۆژ بەشی زۆری هونەرمەندانی هەولێری لەسەر یەک خوانی شانۆیی کۆکردەوەو هەر لەوێدا هونەرمەند سەفوەت جەراح و کۆمەڵێک ژنە هونەرمەندی خەڵاتکردو بڕوانامەی ڕێزلێنانی پێ بەخشین، کە بریتی بوون لە: "خەرمان هیرانی، ئازادە جەلال، جیهان ئەحمەد، ڕووپاک عەبدولقادر، شیرین سابیر، سوهام حەسەن، گەلاوێژ تاهیر، مژدە جەلال، شلێر ئەحمەد کۆیی، ئاواز مەحمود"، هەروەها لەپاڵ ئەواندا وەکو ڕۆژنامەنووسێکی چالاک دیارییەکی بەخشییە ڕۆژنامەنووسی هونەری "عەبدولغەفار عەبدوڵلا"، خۆی لە خۆیدا ئەو جۆرە چالاکییانە کاری چاکن، وەلێ ناکرێ ڕۆژێکی ئاوا گرنگ بەبێ نمایشی شانۆیی بەڕێوەبچێ، دیارە هەر لە شاری هەولێر بڕیاربوو ئەمساڵ پرۆژەی شار و شانۆی گروپی گەنج بۆ شانۆ بەڕێوەبچێ، بەڵام لەبەرئەوەی پرۆژەکە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە دواخرا، بۆیە ئەو گروپە لەو ڕۆژەدا پرۆژەکەیان بەڕێوەنەبرد، بەڵام دەکرا ئەو گروپە بە قەبارەیەکی بچووکتر ئەو پرۆژەیە بەڕێوەبەرن و هیچ پێویستیشیان بە وەزارەتی ڕۆشنبیری نەبێ، لەبەرئەوەی ئەوان مانگانە بڕی ٣ ملیۆن دینار وەکو بودجە وەردەگرن، دەکرا بە بودجەی چەند مانگێک بەشێکی کەم لەو کارانە بکرابووایە، نەک هیچ کارێک نەکرێ و وەزارەت لەوەدا خەتابار بکرێ، هەر چۆنێک بێ ئەمساڵ ئەو ڕۆژە لە شاری هەولێر وەکو پێویست هەقی خۆی نەدرایێ و کاری پێویستی بۆ نەکرا.

**سلێمانی و ٣/٢٧**

لە شاری سلێمانیش بۆ ئەو ڕۆژە پیرۆزە کۆمەڵێک چالاکی بەڕێوەچوو، کە کەمترینیان خۆی لە نمایشی شانۆیی دەبینییەوە، لەو شارەدا هەریەک لە "تیپی شانۆی سالار، ستۆدیۆی ئەکتەر، کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد، بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ.. هتد" کۆمەڵێک چالاکیان هەبوو، وەلێ زۆربەیان خۆی لە ڕێزلێنان و ئاهەنگ دەبینییەوە، تەنها ئەوەی ستۆدیۆی ئەکتەر نەبێ کە بە چەند نمایشێک پێشوازیان لەو ڕۆژە کرد. تیپی شانۆی سالاریش لەو ڕۆژەدا چەند چالاکییەکیان ئەنجامدا، کە خۆی دەبینییەوە لە: "(کەڤاڵی بەخشش)ی شانۆی سالار بەخشرا بە هونەرمەند (تەها بابان)، شانۆی سالار (کەڤاڵی بەخشش)ی بەخشییە (شەفیق محەمەدو یونس حەمە کاکەو فەریدە ئەحمەد) وەکو ئەکتەری بەشدار لە شانۆگەری کوێر ئۆغڵی، هەر لەو کەرنەڤاڵەدا چوار کتێبی شانۆیی لە چاپکراوەکانی گۆڤاری (شانۆ) بە دیاری بڵاوکرایەوە کە بریتی بوون لە کتێبەکانی : (نصوص مسرحیە_بەزمانی عەرەبی) لە نووسینی (محییەدین زەنگەنە) و(سیمیا لەشانۆدا) نووسینی (سەلاح جەلال) و دوو کتێبی نوێی هونەرمەند و نووسەری دوورە وڵات(دانا ڕەووف) سەبارەت بە (هارۆڵدپنتەر) و (شانۆی سوێدی).

هەروەها لەو ڕۆژەدا، پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی مانیان گرت، لەوەی کە پاڵپشتی بۆ کاری شانۆیی نییە.

بەو پێیە بێ ئەگەرچی سلێمانیش وەکو پێویست هەقی بەو ڕۆژە نەدا، وەلێ لەچاو شارەکانی دیکە باشتر بوو، دیارە ئەوەش هیمەتی گروپ و تیپە هونەرییەکانە، ئەگینا بەڕێوەبەرایەتی شانۆی سلێمانیش وەک هی هەولێر ئاهەنگێکی سازکرد، وەلێ چالاکییەکانی دیکە ئەوە تیپ و گروپەکان بوون کە ئەنجامیان دا.

**کەرکووک و ٣/٢٧**

وێڕای ئەوەی باری ئەمنی شاری کەرکووک زۆر هاریکار نییە بۆ کاری هونەری، وەلێ جیاواز لە شارەکانی دیکە، لە شاری کەرکووک بە بۆنەی "٣/٢٧" دوو شانۆگەری نمایش کرا، کە ئەوە خۆی لە خۆیدا سەلمێنەری ئەو راستییەیە کە لەهەر شوێنێکی سەر ئەم زەمینە گەر هونەرمەند مەبەستی کارکردن بێ دەتوانێ کاربکا.

**نەبوونی بودجە**

هەروەکو لەدەمی بەشی هەرەزۆری لێپرسراوان و کاربەدەستانی حکومەت گوێمان لێ دەبوو هۆکاری هەرە سەرەکی لەوەی، کە ئەمساڵ وەکو پێویست یادی ئەو ڕۆژە نەکراوەتەوە بریتییە لەوەی، کە بودجە نییەو تا ئێستا بودجە پەسەند نەکراوە، بەڵام ئایا دەکرێ لەبەر نەبوونی بودجە چالاکی شانۆیی وەکو پێویست ئەنجام نەدرێ، کەوایا دەبێ بۆ ساڵانی داهاتوو لایەنە بەرپرسیەکان بیر لەوە بکەنەوە، چۆن ئامادەباشی بکەن بۆ سازکردن و یادکردنەوەیەکی سەرتاسەری شانۆیی لە کوردستان، نەک هەر کەسەو لەماڵی خۆی.

---



# ئەزموونگەریەت لە شانۆ ( ١ )

**هیوا سوعاد**

پیشەی دەرهێنەر هەر چۆنێک بێت دەکرێ بڵێین سەرهەڵدانی دەرهێنەر گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بوو لە بینای نمایشی شانۆیی، چونکە نمایش هەر نواندنی دەقەکە نەبوو، بەڵکو بووە هونەرێکی تێکڕاو یاسای ڕێکخراوی هەبوو. گومانی تێدا نییە ستانسلافسکی یەکێکە لەو گەورە دەرهێنەرانەی کە توانی یاساو ڕێسای نمایش و دەرهێنانی شانۆیی دابنێ و هونەری نمایش پێش بخات.

مایر هۆڵد لە یەکێک لە کۆڕەکانی کە لە ساڵی ١٩٣٩ سازی کردبوو وتی: ئێمە ئەو ڕێبورتوارە واتە ریبورتواری ستانسلافسکی بەتاکە ڕێبوتوار دادەنێین. لەبەرئەوە تاکە ڕێبورتوارە باس لەو کێشانە دەکات کە هزرمان پێوەی مژوولە. ئەمەش هەر بە تەنها بۆ خۆی داهێنەری نەبووە، بەڵکو سوودی لە گەورە پیاوانی شانۆ و ئێمەمانان وەرگرتووە، لەوانەش "دانشنکۆ و فاختانگۆف". ستانسلافسکی لە ڕێبوارتوارەکەی هەوڵی دا توخمە پەرش و بڵاوەکانی هونەری شانۆ ڕێک بخات و لە بۆتەی بنکەیەکی سەقامگیر یەکی بخات و گۆشەکانی نمایشی شانۆیی بە یەکسانی دابەش بکات. بەمەش ستانسلافسکی بۆ یەکەمجار بنکەی نمایشی شانۆیی دا، کە تا ئێستا نەتوانراوە کەس خۆی لێ لابدات و لە گرنگی کەم بکاتەوە. ئێستاشی لەگەڵدابێت هەر گۆڕانکارییەک و نوێکارییەک کە لە نمایشی شانۆ دەکرێت چ بە ناوی نوێخوازی یان ئەزموونگەری نەیتوانیوە بێ سوود وەرگرتن لە شێواز و قوتابخانە کۆنەکان بێتە ئاراوە بە تایبەتی ڕێبورتوارەکەی ستانسلافسکی. ئەگەر ئاوڕێک لە هەندێ لە ئەزموونەکان بدەینەوە سەیر دەکەین هەریەکەیان بایەخیان بە لایەنێک لە لایەنەکان داوە ئەو لایەنانەی کە ستانسلافسکی ڕێکیانی خست لە بۆتەی نمایشی شانۆیی، بۆ نموونە "مایرهۆڵد" هەڵدەستا بە چارەکردنی توخمەکانی دەرهێنانی بێ ئەوەی گرنگیەکی زۆر بە لایەنی نواندن بدات بایەخی بە دەرئەنجامەکە دەدا بێ ئەوەی بایەخ بە هونەری نواندن بدات. کە دەڵێین بایەخی پێ نەدەدا مەبەستمان ئەو بایەخەیە کە بە هونەری دەرهێنانی دەدا. مایرهۆڵد هەوڵی ئەوەی دەدا شانۆی لاسایی تێک بشکێنێ و ئەمەش وای لێکرد بەدوای هۆیەکانی گوزارشتی جۆراوجۆر بگەڕێ ئەو هۆیانەی بەکارنەهاتوون. وەک بەکارهێنانی سینەماو رادیۆو ئامێری جۆراوجۆر. هەروەها دەرهێنەری پۆڵەندی "کانتۆر" بایەخی سینۆگرافیا دەدا و ناوی لە ئەزموونەکەی نابوو "شانۆی دوارۆژ" کە زۆر بایەخی بە بنکەو ڕێساکانی شانۆ نەدەداو هەوڵی دەدا شوێنی نمایش بگوازێتەوە بۆ ئەو شوێنانەی کە لەگەڵ بابەتەکەی دەگونجێ.

برێختیش یەکێک لە گۆشەکانی شێوازەکەی ستانسلافسکی تێکشکاند ئەویش زنجیرەی ڕووداوی درامی بوو. ئەو دیاردە ئەزموونگەرییانەی کە لە کۆتایی سەدەی بیستەم سەریان هەڵدا گرنگترین دیاردە بوون کە توانیان زۆر لە یاساو ڕێساکان تێک بشکێنن و گۆڕانکاری بەسەر هونەری نواندن و نمایشی شانۆیی بێنن. بەمەش شۆڕشێک بوو بەسەر گشت توخمەکانی ڕێبوارتواری ستانسلافسکی نەک یەکێکیان. واتە گرنگی ئەو دیاردە ئەزموونگەرییانەی کە لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا سەریان هەڵدا لەوەیە کە شۆڕشێکیان دژی گشت توخمەکانی ڕێبورتواری ستانسلافسکی کرد نەک تەنها توخمێک لە توخمەکانی، لە هەمان کاتیشدا گوزارشتێکی تەواوی لەو واقیعە کۆمەڵایەتی و رامیاری و مرۆڤایەتییە کرد، کە مرۆڤایەتی پێی گەیشت لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم. لێرەوە دەڵێن شانۆی ئەزموونگەری واتە "گەڕان بەدوای هۆکار و شێواز و هۆی نوێ دوور لە شێوازە هونەرییە باوەکان بە مەبەستی پێشکەش کردنی دیدو بۆچوونێکی نوێ بۆ جیهان".

لە فێستیڤاڵی قاهیرەی ئەزموونگەری بەهەر سێ خولەکی هەروەک "فەرحان بلبل" دەڵێ: چەندین پێناسە بۆ شانۆی ئەزموونگەری کراوە، کە دەکرێ بەم شێوەیەی خوارەوە دایڕێژین.

- ئەزموونگەری هەڵگەڕانەوەیە لە بنکە جێگیرەکان.
- ئەزموونگەری بەندە بە دیموکراسیەت و ئازادی ڕادەربڕین.
- ئەزموونگەری بە کۆمەڵگاوە بەندە.
- ئەزموونگەری تێکەڵی ئێستاو رابردووە.
- هەموو شانۆگەرییەک جۆرێک لە ئەزموونگەرییەتی تێدایە.
- هیچ پێناسەیەکی دیاریکراوی نییە بۆ ئەزموونگەریەت.
- ئەزموونگەری کرانەوە بە ڕووی ڕۆشنبیری ئەوانی تر.
- ئەزموونگەری داهێنانە.
- ئەزموونگەری بە تەکنیکی نمایشەوە بەندە.
- ئەزموونگەری پرۆسەیەکی کارگەریە.
- ئەزموونگەری هونەری نوخبەو جەماوەری ڕۆشنبیرە.
- ئەزموونگەری بە ئەزموونەوە بەندە لە بواری شانۆدا.
- ئەزموونگەری شۆڕشە.
- ئەزموونگەری تێپەڕاندنی شتە گردبووەکانە.

---

# وۆرک شۆپێکی ٣ ڕۆژە بۆ دیکۆمێنتارانی کورد



وانەبێژانی وۆرک شۆپەکە

### تایبەت بە هونەری بەدرخان

لە ماوەی ٣ ڕۆژدا سەنتەری ڕۆشنبیری فەرەنسی وۆرک شۆپێکی بۆ زیاتر لە "٣٠" دەرهێنەری بواری دیکۆمێنت و خوێندکارانی بەشی سینەمای کۆلێژی هونەرەجوانەکان کردەوەو لەو وۆرک شۆپەدا بە شێوەیەکی زانستی باس لە چۆنیەتی دروستکردنی فیلمی دیکۆمێنتی کرا.

ستار محەمەد ئەمین وەکو دەرهێنەرێکی بواری دیکۆمێنتی یەکێک بوو لە بەشداربووانی ئەو وۆرک شۆپە، ئەو دەربارەی وۆرک شۆپەکە گوتی: "وۆرک شۆپی دیکۆمێنتی لە سەنتەری ڕۆشنبیری فەرەنسی، کە ماوەی ٣ ڕۆژی خایاندو ڕۆژانە بە دوو تایم و کاتی جیاواز وۆرک شۆپەکە بەڕێوەدەچوو، لە ڕۆژی یەکەمدا ڕاهێنەران باسیان لە دروستکردنی فیلمی دیکۆمێنتی کردو لە ڕۆژی دووەمیشدا کەسە بەشداربووەکانی وۆرک شۆپەکە ئەو بەرهەمانەیان نمایشکرد، کە خۆیان بەرهەمیان هێنابوو، منیش فیلمی دیکۆمێنتی "جەمیل پاشا"م نمایش کرد، کە دەبووا نمایشەکان لە ٧ خولەک نمایش دەکراو ماوەی ٨ خولەکەکەی دیکەش گفتوگۆ لەسەر فیلمەکە دەکرا، لە ڕۆژی سێیەم و کۆتایی وۆرک شۆپەکەدا رای ئامادەبووانی وۆرک شۆپەکە وەرگیرا لەڕێگای فۆڕمێکەوە بۆ کارکردنی دیکۆمێنتی لەنێوان خاوەن بیرۆکەو بەڕێوەبەرانی وۆرک شۆپەکە بەو شێوەیەی کە لە وۆرک شۆپەکە باس لە دیکۆمێنت کرا، بە شێوەیەکی گشتیش وۆرک شۆپەکە سوودێکی زۆر باشی بۆ ئێمەی بەشداربوو هەبوو".

هەروەها لە ڕاگەیاندراوی سەنتەری ڕۆشنبیری فەرەنسی هاتووە، کە"ئەم فیلمە دیکۆمێنتیانەی کە نمایش دەکرێن ئامادەکراون لەلایەن ڕێکخراوی ناحکومی ئەلتەردۆک لە کوردستانی عێراق لە چوارچێوەی پرۆژەکانی دۆکو، بەم بۆنەیەش ڕاهێنانێک پێشکەش دەکرێت بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆجیاکانی فیلمی دیکۆمێنتی لەڕێکەوتی ١ تا ٣ی نیسان".

شیاوی گوتنە زیاتر لە ٣٠ هونەرمەند و خوێندکار بەشداربوون لەو وۆرک شۆپەدا، وانەکانیش لەلایەن پسپۆڕانی بواری دیکۆمێنتی فەرەنسی بەڕێوەبردرا.



دیمەنێک وۆرک شۆپەکە

---

# وازهێنان لەگۆرانی گوتن وازهێنانە لەعەشق ؟



**قەهار شێخانی**

Shexani80@yahoo.com

دەنگ خۆشی بەهرەیەکە و خوا بەمرۆڤی دەبەخشێ، بەڵام لەپشت ئەم بەهرەیەوە دەبێ عەشقێکی مەزن هەبێ تاکو بەهرەمەندەکە بتوانێ لەڕێگەی بەهرەکەیەوە بەردێک بخاتە سەر ئەو بناغەیەی کە خەڵکانی پێش خۆی لە بوارەکە دایانناوە، ئێستاش ئەگەر سەیربکەین گوێگرتن لە گۆرانی بۆتە پێداویستییەکی ڕۆژانەی هەموومان، وەک چۆن جەستە پێویستی بەخۆراکە بۆ گەشەسەندن، مێشک و روحیش بە هەمان شێوە پێویستیان بەگوێگرتن لە مۆسیقاو گۆرانی هەیە، ئێمەی میللەتی کوردیش وەک تەواوی میللەتانی دیکە خاوەن چەندین کەڵە هونەرمەندی گەورەین و تا مردنیش شانازییان پێوە دەکەین، بەڵام زۆر بەداخەوە لەنێو کوردان تاکو هونەرمەندێک کۆچی دوایی نەکات هەست بە گەورەیی ئەم هونەرمەندە ناکەین، با واز لەوە بێنین ئەوە بابەتێکی ترەو پێویستی بەوەیە لە شوێنێکی تر زیاتر قسەی لەسەر بکرێت، بەڵام ئەوەی کە مەبەستمە لێرەدا باسی بکەم، وازهێنانی هونەرمەندانی گۆرانیبێژە لە گۆرانی گوتن.

لە ماوەی رابردوودا لە ڕووپەڕی ڕۆژنامەو گۆڤار و ماڵپەڕە هونەرییەکان وازهێنانی هەر سێ هونەرمەندی گۆرانیبێژ (میکائیل و عوسمان عەبدوڵلا و ئاشنا زرار)مان خوێندەوە، هەرسێکیان وازهێنانیان لە گۆرانی گوتن بۆ ئەو پاشاگەردانییەو ئەو ناعەدالەتییەی کە ئەمرۆ کەوتۆتە نێو دنیای هونەری گۆرانی و میوزیکی کوردی و هاوکاری نەکردنیان لەلایەن لایەنی پەیوەندیدار و نەبوونی توانای دارایی بۆ ڕایی کردنی کارەکانیان و نەبوونی یاسایەکی تۆکمە و پێویست بۆ پاراستنی مافی هونەرمەندان، بۆیە بەناچاری بڕیارییاندا واز لە گۆرانی گوتن بهێنن و نەتوانن لەمەودوا وەک پێویست درێژە بەکارەکانیان بدەن، لەو بڕوایەدام ئەم جۆرە بڕیاردانە بڕیاردانێکی زۆر قورسە، چونکە ئەستەمە کەسێک بتوانێ واز لەعەشقێک بێنێ کە چەندین ساڵە هەوڵی بۆ دەدات و شەونخوونی بۆ دەکات، گومانی تێدا نییە ئەگەر وا بڕوات لەوانەیە چەندین هونەرمەندی تریش واز لەگۆرانی گوتن بهێنن، جا گرنگ نییە رایدەگەیەنن یان نا؟ نە من و نەهیچ کەسێکی تر بڕواناکەم ناهەقی ئەم هونەرمەندانە بگرن، چونکە لەم وڵاتەی ئێمەدا وەک پێویست ڕێز بۆ هونەرەکەیان دانانرێت و هەوڵی دەستەبەرکردنی مافەکانیان نەدراوە لەڕووی یاساییشەوە بڕیارێکی وانییە، کە هونەرمەندان پشتی پێ ببەستن بۆ پاراستنی مافەکانیان وەکو زۆربەی وڵاتانی جیهان، بەهەرحاڵ وازهێنانی ئەم سێ هونەرمەندەی، کە ناومان هێنان بڕیاریان داوە واز لە گۆرانی گوتن بهێنن، هەریەک لەم هونەرمەندانەش خاوەن جەماوەری خۆیانن و هونەرەکەشیان هونەرێکی پاک و بێگەرد بووە بەپێی توانای خۆشیان توانییان خزمەت بە هونەری گۆرانی و میوزیکی کوردی بکەن و جێ پەنجەشیان دیارە لەبوارەکەدا، چەندین هونەرمەندی تریش لەدیمانەکانیاندا ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە وازهێنان لە گۆرانی گوتن دەکەن، یاخود بڕیاری ئەوەیان داوە، کە چیتر ئەلبووم بەرهەم نەهێنن، بەڵکو کار لە گۆرانی سینگڵ بکەن، کەواتا ئەمەش خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە وازهێنانی ناڕاستەوخۆ، دیارە ژمارەی ئەو هونەرمەندانەش زۆر زیاترە لەو هونەرمەندانەی کە بە یەکجاری وازیان هێناوە.

لەکۆتایی دەڵێم: لەگەڵ ڕێزم بۆ هونەرمەندانی گۆرانیبێژ دەبووایە هونەرمەندێک ئەم بابەتەی بنووسیبا، چونکە بێگومان هونەرمەندان دەتوانن باشتر باس لەکێشەکانی خۆیان بکەن، زۆرم چاوەڕوان کرد لەهیچ شوێنێ بابەتێکم بەرچاوم نەکەوت، کە باس لە وازهێنانی ئەم سێ هونەرمەندە بکات بۆیە ناچاربووم ئەم بابەتەم نووسی و هەر هیچ نەبێ لەڕێی ئەم نووسینەم وەفایەک بنوێنم بۆ هەوڵ و ماندوبوونی ئەم سێ هونەرمەندە، هێشتا زووە درەنگ نییە پێویستە هونەرمەندانیش هەڵوێستیان هەبێ هەر هیچ نەبێ بەیاننامەیەک بڵاوبکەنەوە و سنوورێک بۆ ئەم پاشاگەردانییەو ناعەدالەتییەی نێو هونەری گۆرانی کوردی دابنێن یاخود لەڕێگای ڕێکخراوی هونەرمەندانەوە ڕێگاچارەیەکی گونجاو بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی چیتر هونەرمەندان نەڕەنجێن و دڵ شکاو نەبن و واز لەم عەشقە پاک و پیرۆزەشیان نەهێنن.

## رەباس



جەوهەر کرمانج

### فڕینی رۆحێکی بێ باڵ..!

لە کەندارەقەڵەوە رۆحێک جووقەی کردو چاوی بە دنیا هەڵهێنا، دنیایەک پڕ لە بەرائەت و راستگۆیی مشتومال کراو بە قسەی نەستەق و هەماهەنگی یەکتر خۆش ویستن. دنیایەک پڕو مشت لە دەنگی جیاوازی مەل و مەلاو وەڕین و زەڕین، بارە بارو باعە باع و چرپە چرپی دڵۆپەی بنمیچ و سیرە سیری سیوسیوەی دەرگاو گاڵتەوگەپی بن دیواری مزگەوت و دیوەخان و دەنگی ڕەسەنی حەیرانبێژان..

لەوێوە. لە کەندارە قەڵەوە بە بنپیل و بن شاقەڵی مەلایەک و بە سەرپشتی گوێدرێژێکەوە هەڵکوت بەرەو شاری قەڵات و منارە باری کرد. لە ئەلف سەرئا عەین واو عو زاڵ بەرزووەوە دەستی بەخوێندن کرد و سیپارەو جزوعەممەی تەواوکرد و جزداشەکەی فڕێداو کورتەک و شەرواڵی لەبەرکرد. بووە مەکتەبلی و هێدی هێدی بە قادرمەکاندا سەرکەوت و قۆناغەکانی خوێندنی بڕی، هەولێری بەجێ هێشت و بەرەو عارەبستانێ رۆیی و لە بەغدا تێکەڵ بە دنیای ئەدەب و نووسەران بوو. لەوێوە شیعر لە ناخ و دەروونی "خالید جووتیار"دا چەکەرەی کردو بۆ یەکەمجار چرۆی دەرکرد. ساڵ هات و ساڵ ڕۆیی جووتیار بەرۆح گەڕایەوە گوندی کەندارەقەڵ و حەیران و فۆلکلۆر قدیلانەیان کردەوەو بەیادی جاران ئاورێکی لێدایەوەو نەرم نەرم کەوتە شەنەباکردن و لەسەرەندو بێژینگدانی تێکستەکان و بەرگ و پۆشتەی کردنەوە. هەر زوو ڕووبووە جلەوی کەرەکەی مەحموود زامدارو قەوچەو قەڕاسەی لەسەریدا کەلاندو لغاووسندمی کردو قەبارەی هەر چوار پەلی تراشین و ناڵی کردن..!

جووتیار شانێکی هەگبەی ئەدەب و فۆلکلۆری پێوە شۆڕ ببۆوەو شانەکەی دیکەشی هەگبەی کوردایەتی. لە مەعبێنی هەردوو هەگبەدا کوردایەتی باری قورس کرد، بۆیێ تاوێک هەگبەی ئەدەبی داناو پەمپەکەی گیرفانی دەرهێناو بۆ ئەوەی تەنگەنەفەس نەبێ پەمپێکی لێدا، لە هاوینی ١٩٨٢دا پێکەوە هەورازە ڕێ و بزنەڕێی خەباتی شاخ و پێشمەرگایەتیمان گرتە بەرو بەرەو چارەنووسێکی نادیار ملمان پێوەنا. وەلێ دیسان لە ناو سەنگەرەکاندا چاوێک لە ئاسمانی فرۆکەی بۆ مبهاوێژو چاوێک لە دەست و قەڵەم، ئەدەب و نووسین بۆوە خولیایی رۆژانەی و لاپەڕەکانی "نووسەری کوردستان" و "نووسەری نوێ" بوونە مەیدانی جلیتانێ و تەڕادانێی هزری جووتیار. ناوە ناوەش بیری ژن و منداڵەکەی کسپەیەکی دەخستە دڵ و دەچووە سەر گابەردێک و بەدەم وردە فرمێسکانەوە حەیرانێکی نەرمی دەچڕی. ئەگەرچی ئەمرۆ لە ناوماندا نەماوە و سیمای نابینین، بەڵام ئاکارو رەفتارو دەنگ و سەدای حەیرانەکانی هەمیشە لە عەمباری مێشک و ناخماندا رەنگ و دەنگ دەدەنەوە..!

# سوپاسنامەکەی گیوی موکریانی بۆ من گەوهەرێکی گرانبەها بوو

**جەلال سنجاوی**

یادکردنەوەی نووسەرو هونەرمەندە پێشەنگەکان و رێزلێنان لەکارو بەرهەمەکانییان، ئەرکێکی پیرۆزی سەرشانی هەموومانەو پێویستە ئەم یادانە بەهەند هەڵگرین و کۆڕو فیستیڤاڵی شایانییان بۆ ئەنجام بدەین و بەرهەمەکانییان لە تەپوتۆزی رۆژگار رزگار بکەین و پەیکەری نایابیان لە شوێنی گونجاو دابنێین خۆش بەختانە وەزارەتی رۆشنبیری هەڵێکی زێڕینی بۆ ئەم یادانە رەخساندووەو یەکێتی نووسەرانی کوردو دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخانیش پشکی شێری بەردەکەوێ لەو خزمەتگوزارییەدا، بە تایبەتی فیستیڤاڵی ساڵانەی جەژنی رۆژنامەگەری کوردی لە ئەڵمانیاو وڵاتانی دیکەی ئەوروپا و بایەخدان بە نەورۆزو پاراستنی گەنجینەی دەوڵەمەندی فۆلکلۆری کوردی و فەرهەنگی نەتەوەیی و زمانی پاکی باون.

ماوەیەک بەر لە ئێستا لە ژێر قەڵاتی دێرینی پیرە هەولێر، بە بەردەوام شوێنە پیرۆزەکەی چاپخانەی کوردستانی مام گیوی موکریانی تێپەڕیم، کە لە ژێر سایەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بایەخی پێدراوەو بە وێنەی گیوی موکریانی و چاپخانەی کوردستان و هەندێ کتێبی دیکە، رازاوەتەوەو هەولێری پایتەخت هەردەم پێی سەربەرزە.

ئەم دیمەنە دڵگیرە زنجیرەی خەیاڵمی گەڕاندەوە بۆ "٣٦ "ساڵ لەمەوبەر، واتە ساڵی ١٩٧٤ کە ئەوکات تەمەنم بیست ساڵ دەبوو، قوتابی بووم لە کۆلێژی پەروەردەیی زانکۆی بەغدا و جارجاریش لە گۆڤاری بەیان و رۆژنامەی هاوکاری بابەتی لێکۆڵینەوەو یادەوەری و وەرگێڕدراوم بڵاودەکردەوە، بەتایبەتی لە یادی شاعیرو نووسەرە کۆچکردووەکانی کورد.

ئەوە بوو لە "٢٧"ەمین ساڵیادی مێژوونووسی ناوداری کورد "حوسێن حوزنی موکریانی" بابەتێکم لە ژمارە "٢٣٥"ی ١٩٧٤/٩/٢٠ بۆ هەمان مەبەست ماموستا "جەمال بابان"یش بابەتێکی بە دوو ئەڵقە بەناوی "لەیادی رۆژنامەنووسی حوزنی موکریانی"دا بڵاوکردەوە.

هێندەی نەبرد ماموستا گیوی موکریانی سوپاسنامەیەکی بۆ ئێمە لە هەمان رۆژنامە بڵاوکردەوە کە فەرموو بووی:.

"سوپاسنامە

بەناوی خۆم و بنەماڵەی موکریانەوە، پڕ بەدڵ سوپاسی هەستی بەرزی ماموستا "جەلال بابان و جەلال سنجاوی" دەکەم کە لەرووی نمەک و رووحی کوردانەوە لە یادی "داماو"ی برامدا بە دەست و خامە رەنگینەکانیان ئەم یادە مەزنەیان بە سەرکردەوە.

لە ئاهورامزدەی گەورە داواکارم هەر سەرکەوتوو بن".

گیوی موکریانی- هەولێر- ١٩٧٤.

من پێشتر "مام گیو"م دەناسی، چونکە کەسایەتی ناوداری هەولێرو هەموو کوردستان بوو، مرۆڤێکی خۆڕاگرو بەهەڵوێست و تاسەر ئێسقان کورد بوو. زۆرجار لەگەڵ هاورێکانم لەبەردەم جامخانەی چاپخانەی کوردستان رادەوەستام و سەیری کتێبەکانی "فڕی فڕی قەل فڕی و مەلا مەشهورو حەکایەتی دزو قازی و یوسف و زولێخاو کۆلکە زێرینە"م دەکردو جار بەجاریش بەشەرمەوە سەرم هەڵدەبڕی و سەیری "مام گیو"م دەکرد کە سۆزێکی باوکانەی بۆ هەموومان هەبوو، بەڵام چونکە ئێمە بە تەمەن بچووک بووین بۆیە شەرممان دەکرد قسەی لەگەڵدا بکەین.



گیوی موکریانی

پاش بڵاوکردنەوەی سو پاسنامەکە لە هاوکاری، ئیدی بڕیارماندا ئەگەر ئەمجارە بگەڕێمەوە هەولێر یەکسەر دەچمە چاپخانەی کوردستان و خۆمی پێ دەناسێنم.

ئەوە بوو گەڕامەوە هەولێرو بەدڵنیایی و هێمنەوە خۆم کرد بە چاپخانەی کوردستان و لەگەڵ مام "گیوی موکریانی" وەک باب و کوڕ دەستمان لەملی یەکتر کردو زۆر دڵشادو ئاسوودە بوو بە ناسینی من و توند لە ئامێزی خۆی گرتم و فەرمووی:

"ئافەرین کورم، حوزنی تەنها برای من نەبوو، ئەو موڵکی ئەم میللەتە خێر نەدیتوەیە، یادکردنەوەی ئەم مرۆڤە مەزنانە کە ژیانی خۆیان بۆ خزمەت کردنی میللەتەکەیان تەرخان کرد، ئەرکی سەرشانی هەموو کوردێکی بەشەرەفە".

لە دیەنییەکی خێرادا، مام گیو بە هێمنی لەگەڵم دەدواو ئامۆژگاری دەکردم، هەندێک یادەوەری تاڵی خۆی و سەربردەی چاپخانەی کوردستانی بۆ گێڕامەوە، هەروەها گووتی:

"نووسەرو شاعیرانمان زۆر ئەزیەت دراون بە دەستی پیاوانی رژێمی پاشایەتی ریسوا دەکران، جارێکیان "بورهان جاهید"ی شاعیر پاش بڵاوبوونەوەی شیعرێکی نیشتمانی لەلایەن پۆلیسەوە گیراو دەست و پێیان توند بەستابووەوەو لەسەر عارەبانەیەکیان دانا بوو بە بەردەوام چاپخانەی کوردستان بەرەو سەریان دەبرد و پۆلیسەکە بەجوێن و قسەی ناشیرین لەسەری هاوار دەکرد کە جارێکی دیکە شیعری وا دژ بە حکومەتی خاوەن شکۆ بڵاونەکاتەوەو واز لەم رەفتارانە بهێنێ.

بەڵام "بورهان جاهید" ئازایانە دەیگوت:

تا روح لە جەستە لاوازەکەم مابێ واز لە شیعرەکانم ناهێنم بە داخەوە خەریکبوو مام گیو بەسەر هاتەکە تەواو بکات، لەم کاتەدا دوو ئەفەندی هاتنە چاپخانەکەو لەگەڵ مام گیو کەوتنە قسەکردن، منیش بە شەرمەوە هەڵسام و خواحافیزیم لێی کرد، ئەمەش دوایین دیدارم بوو لەگەڵ ماموستا گیوی موکریانی مەزندا.

## نۆڤلێت (٢٧)



### خەرەندەکانی سنوور

**کاروان عەبدوڵڵا**

هێندەی نەبرد کۆمەڵێک هاورێ گەیشتنە لامان، خێرا رێشمەی ئەو ئەسپەیان گرت، کە (سوارە)مان لە سەر پشتیدا بەستبۆوە، ئەوان لە ئێمە بە پەلەتر دەڕۆیشتن، من و جەعفەر بە کاوەخۆ هەنگاومان هەڵدەهێنا، ئەو رێگایەی پێیدا دەچووینە خوارێ بەردەلان و تەسک بوو، لە گەڵ ئەوەی زۆریش ماندوو بووین، کەچی بڕیارمان دا هەر بە پێ برۆین، ئەسپەکەشمان لە رۆیشتندا زۆر چوست و چالاک خۆی دەنواند، هەر خۆیشی وەک سەرقافلە بە پێشمان کەوتبوو، ئێمە دەبوایە گوێڕایەڵی هەنگاوەکانی ئەو بین . من بە رێگاوە بیرم لەوە دەکردەوە "ئەگەر ئەو ئەسپانە نەبوونایە چۆن وا بە خێرایی ئەو رێگا عاسێ و ئەو کێوە بەستەڵەکەمان دەبڕی ؟"لە پشتەوە دیقەتم لە هەنگاونانەکانی ئەسپ گرتبوو، لە ریتمی جولانەوەی قاچەکانیدا غرورێکی گەورەم دەبینی، هەر لە کەسێک دەچوو کارێکی وا گەورەی کردبێ ئاسان نەبێ ئەوانی دیکە بیکەن، ئاخر ئەگەر ئەو نەبوایە (سوارە) بەچی دەهێنرایەوە ؟ ئێستا بە مردوویش بێ ئەو کوڕەمان لە نێو دەمی ئاژەڵە درندەکان دەرهێنا، ئەگەر ئەسپەکانمان بغەزریبان لە دواییدا چی روویدەدا ؟ئەسپ لە نێو ئەو شاخانەدا وەکو مرۆڤ مێژوویەکی سەیروسەمەرەی هەیە، تۆ ناتوانی ئەسپ لە ژیان و مێژووی تاقە گوندێک دابڕی، سەیرکە ئێمە لەو گوندەی کە بۆخۆمانمان دروست کردووە، ئەگەر ئەسپێک یا ئاژەڵێکمان لە نەوعی ئەسپ نەبوایە چۆن دەمانتوانی لێرە بژین ؟ ئەسپەکانمان نەک قورسایی ژیانمان کەمدەکەنەوە، بەڵکو لە سای سەری ئەوان دەتوانین بەردەوام کۆمەڵێک خانوو قیت بکەینەوە، ئەگەر ئەوان نەبن چۆن دەتوانین ئەو هەموو دارە زلو زەبەللاحانە لەو دۆڵ و عاسێیانە دابگرین ؟ ئێمە زستانە ساردو سڕەکانی ناوچە شاخاوییەکان بە شانوشەوکەتی وڵاخەکانمان گەرم دەکەینەوە . تارا گیان خۆزیا هەنگاوە بە هەیبەتەکانی ئەو ئەسپەی پێشمانت دەبینی، ئەو کات لەوە تێدەگەیشتی، کە بەشێکی زۆری ئازایەتی ئێمە، لە نێوچاوانی ئەسپ و هاوەڵەکانی دایە، من لەو باوەڕە دام لێرە ئەوینیش بەبێ هەبوونی ئەسپ ناکرێ !لێرە ئەوە ئاژەڵە کێوییەکانن خێرایی بە ژیان دەبەخشن . تارا گیان دوای کەمێکی دیکە بە چاوی خۆت گەورەیی و پاساوی هەبوونی ئەسپەکانت بۆ دەردەکەوێ . دەزانم لە بینینی ئەو ئەسپەی کە (سوارە)ی هێناوەتەوە، بێئۆقرەیی هەموو گیانت دادەگرێ، لە یەکەم ساتدا لەعنەت بۆ ئەو ئەسپە دەنێری، کە هەواڵی مەرگی کەسێکی بۆت هێناوەتەوە، لەوەش ناخۆشتر لەوانەبێ دوای ئەوەی ئەو کۆمەڵە هاورێیە دەبینی، کە تەنیا بە یەک ئەسپ گەڕاونەتەوە و من و جەعفەریان لەگەڵ نییە، حەتمەن تووشی شۆک و حەپەسان دەبی و خۆت پێڕاناگیرێ و پڕ بە دەم هاوار دەکەی " ئەی سەران و جەعفەر لە کوێن هاورێیان ؟!"هێندە نابا دڵت بە هاتنەوەی ئێمە خۆش دەکەن، دواتر یەکجێ خۆت لە نێو حەشاماتی هاورێیان دەدزیتەوەو بە ئاراستەی ئێمە هەنگاو دەنێی، من دەزانم هاتنەوەم بۆ تۆ لە هەموو هەواڵێک خۆشترە، من لەوە تێدەگەم، کە تۆ ناتوانی چاوەڕێی گەڕانەوەی لە سەرخۆی ئێمە بکەی، لەوە دڵنییام لە دووری بنکەکەمانەوە بە دەروونێکی پڕ لە ئەوین و شانازییەوە بۆم دەوەستی، بێئەوەی لە هاورێ جەعفەر بترسی، توند باوەشم تێوەردێنی، منیش وەها بە خۆمەوە دەتگوشم تا ئەو شوێنەی، کە لە نێوتدا ون دەبم، ئەو کات من و تۆ بە نێو بارەگاکەمان و بە بەر چاوی هاورێیانەوە ماچی گەڕانەوەو سەرکەوتنمان لە یەکتر دەکەین، کە گەڕاینەوە لە سەر بانی بەرزترین خانوی بارەگا، لەبەر دەم و چاوی زەق و نیگا سەرسامەکانی هاورێیان ئەو شیعرە دەخوێنمەوە، کە تۆ حەزت نەدەکرد بۆ کەس بیخوێنمەوەو بیدەم بە هیچ کەسێکیش، بە هەموویان دەڵێم بوەستن، هەواڵێکی خۆشم پێیە، ئەوان نازانن من چیان پێدەڵێم، لە پڕ ئەو کاغەزە قەدکراوەی نێو گیرفانم دەردەهێنم، لە جیاتی هەواڵەکانی شەڕو پێکدادانی چەکدارانی شاخ، دەڵێم :

-- من شوون هەڵگری تیشکی نیگاکانی تۆم
من لەتۆدا بۆنی روناکی دەکەم
لەنێو تۆدا گوێ لە تاریکی دەگرم
من بزەکانت وەک تینوەتی دەخۆمەوە
لەنێو تورەیی تۆدا سەما دەکەم
بە حەرفەکانی وشەی ئەوین
پەیکەری ماچێک دەتاشم
لە فێنکی چاوەکانتدا
تەلارێک لە هەوا ساز دەکەم

کە شیعرەکە دەخوێنمەوە هەموویان چاویان بە ئەبڵەقی رادەوەستێ، ئەو کات لە نهێنی پەیوەندی من و تۆ تێدەگەن . من هەر لە خەیاڵی ئەوەدا بووم کە تارا بە چ شێوەیەک پێشوازیم لێدەکا، چیم پێدەڵێ. زۆرمان نەمابوو بگەینەوە بنکەکەمان، هێدی هێدی دیمەنەکانی بەر چاومان رووناکترو سافتر دەبوونەوە . لە نێوان قەدی داربەڕووەکانی بەر دەمی گوندەکەمان، کەسێک بەدەردەکەوێ، ترپەکانی دڵم خێراتر لێدەدەن، جەستەیەک دەبینم بە خێرایی دێتە پێش، لەوە دەچێ ئەویش ئێمە ببینێ، لە پڕ ئەو دەوەستێ و ئێمەش بە دوایدا لە شوێن خۆمان دەچەقین، من و جەعفەر نیگاکانمان بەریەک دەکەون، هەردووکمان لە یەکدی تێدەگەین، جەعفەر بزەیەکم بۆ فڕێدەدا، بە ئیشارەت تێمدەگەیێنێ، کە خێراتر هەنگاو هەڵێنم بۆ ئەوەی زووتر بگەمە تارا، من نازانم بۆچی ئەو کاتەی ئەو دەبینم هیچ شتێک بە بەر چاومەوە وەک خۆی نامێنێ ؟ هەستم دەکرد پێیەکانم لە زەوی دادەبڕێن، شتێک دەبینم لە بۆشاییدا هەنگاو هەڵدەهێنێ، منیش بەنێو قەدو گەڵای دارەکاندا رووەو ئاسمان هەڵدەگەڕێم، جەستەیەک زۆر بە تین و تاو دێتە نێو باوەشم، روومەتێک نەرم، سارد بە شنەبای بەیانی، خوێنی جەستەم بە گەڕ دەخەن و مەودای بینینم لێدەسێننەوە، لەو دەمە هیچم پێنییە بیدەم بە تارا، تەنیا ملپێچەکەی خۆی و بڕێک شەرمی نێو حەزەکان ! :

-- سوپاس بۆ ئەم ملپێچەت، لە چوون و هاتنەوەمدا باوەشی گەرمی تۆی پێبەخشیم !

تارا ملپێچەکە دەکاتەوە ملم و لەسەرخۆ بە گوێما دەچرپێنێ و دەڵێ :

-- بۆ ئەوەی هەمیشە لە باوەشت بم، پێشکەشی تۆ بێ !

ئێمە چەند هەنگاوێکمان دەمێنێ بگەینە نێو بارەگاکەمان، لە هیکرا لە سەر بانی چێشتخانەکەمان، چەند چەکدارێک رووی لوولەی تفەنگەکانیان لە ئاسمان دەکەن و پێکەوە پەلاپیتکەی تفەنگەکانیان رادەکێشن، ئێمە بە تەقەکانیان وڕو کاس دەبین، بۆ چەند چرکەیەک ترس بەگیانمان هەڵدەگەڕێ، ئەسپەکەمان ستۆپێکی بە پەلە دەکاو لە گەڵیدا ملی بۆ ئاسمان بەرز رادەگرێ و دەحیلێنێ، دواتر هەرکەسەو تفەنگەکانیان لە شان دەهێننە خوار و لوولەکانیان لە ئاسمان دەکەن و چەند گوللەیەک دەتەقێنن، من و تاراو جەعفەر لە شوێن خۆمان دەوەستین، ئەسپەکەشمان لە ترس و تۆقین نازانێ بۆ کوێ رابکا، ئەو دەبوایە لەوێ هەڵبێ و خۆی لەنێو شریقەی گوللەکاندا قورتار بکا، یەکێ لە چەکدارەکان لە ئێمە نزیک دەبێتەوە، بە زەردەخەنەیەکەوە بۆمان دێتە پێش، هەر لە دوورەوە دەستخۆشی لە من و جەعفەر دەکاو ئاماژەش بۆ شوێنێک دەکا، کە سوارەی تیا بوو، بە دەمی پڕ لە قسەو حەپەسانەوە پێمان دەڵێ :

-- سوارە زیندوو بۆتەوە !!

# هەولێر لەسەردەمی ئەتابەگییاندا

**تایبەت بە بەدرخان**

د. موحسین موحەمەد حوسێن: هەر پاژێکی ئەم کتێبە هەولێر بەو هەموو تەمەن و لاپەڕەی پڕ شکۆمەندی و سەروەری مێژووەکەی و ئەو هەموو شارستانی و رابردووەی، بەو هەموو شەڕو شۆڕو خوێن لەبەر رۆیشتن و. بوژانەوەو سەرهەڵێنانەی. هەڵبەتە دنیایەک کتێب و نووسین و ئاورلێدانەوە هەڵدەگرێت، کە رەنگە تائێستا بەشێکی زۆر کەمی و بەقەد ئەو هەموو گەورەیی و بەرزی منارەو رووسووری قەڵا لای لێ نەکرابێتەوە، هەندێک جاریش ئەوانەی لاپەڕەکانی مێژووی ئەم شارەیان نووسیوەتەوە، جا بۆ چەواشەو بەدەستی ئەنقەست بێت یان لەڕووی نەشارەزایی و بێ ئاگاییەوە زووی هەولێر و خەڵک و دانیشتوانەکەیان ناشیرین کردووە، بەڵام لەبەرامبەر ئەوانەش قەڵەم بە برشت و ئەکادیمی و بوێر و کوڕی ئەم شارەش هەن، کەوا زۆر دڵسۆزانە ئەوەی لەتوانایاندابێت و دەستیان پێی راگەیەشتبێت و لێرەو لەوێ بەدوایدا وێڵ و شەونخوونیان بۆ کێشاوە، تا ئەرکی سەر شانیان وەدی بێنن و ویژدانیان ئاسوودە بکەن، یەکێک لەو قەڵەم و ماموستاو دکتۆرە ئەکادیمیانەی زانکۆ دکتۆر"موحسین محەمەد حوسێن"ە، کە تائێستا خزمەتێکی بەرچاوی بە شارو زێدەکەی خۆی کردووەو تائێستاش هەر کۆڵی نەداوەو زۆر بە ئەمەکەوە قەڵەمە زانستییەکەی لە برەودایە.

دوا کتێبی چاپکراوی دکتۆر موحسین:"هەولێر لەسەردەمی ئەتابەگییاندا" یە، کە عوسمان عەلی قادر لە عەرەبییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، کە لە بنەڕەوە نامەی نامەی ماستەرەکەیەتی، لەساڵی ١٩٧٦ لە چاپخانەی ئەسعەد لە بەغدا بەناونیشانی"أربیل فی العهد الاتابکی" لە دوو توێی ٤٣٦ لاپەڕە چاپ و بڵاوبۆتەوە.

لەم رۆژانە ئەکادیمیای کوردی لەهەولێر ئەم چاپی کوردییەی خستە بەردەستی خوێنەرانی کورد و کتێبخانەی کوردییەوە.

سەبارەت بە کتێبەکەش د. موحسین لە پەیوەندییەکدا پێی راگەیاندین: کە ئەو زۆر خۆشحاڵە، ئەم کتێبەکەی لەلایەن وەرگێڕێکی بەتواناو پڕۆفیشناڵ کراوەتە کوردی و زۆر بە ئەمانەتەوە کارەکەی خۆی ئەنجامداوە، ئەکادیمیاش لە بەرگێکی قەشەنگ و زۆر جوان و هونەییانە چاپیکردووە، هەوڵ و ماندووبوونەکەیان جێگای سوپاس و پێزانینە.

ماوەتەوە بڵێین: ئەم کتێبە کۆمەڵێک زانیاری تازەو زیادەی تێدایە، کە دوای چاپە عەرەبییەکەی دەستی کەوتوون و خستوویەتییە دوو توێی ئەم چاپەو سوپاسی هەموو ئەوانەش دەکات، کە باری گرانی سەرشانیان سووک کردووەو تێبینی و رێنمایی وردیان پێداوە، لەوانەش:"پڕۆفیسۆر دکتۆر جەعفەر حوسێن خەصباک" و "پڕۆفیسۆر دکتۆر ساڵح ئەحمەد ئەلعلی" و "پڕۆفیسۆر دکتۆر فەیسەڵ ئەلسامر".

دواخاڵ دکتۆر موحسین پەنجەی بۆ راکێشا ئەوەبوو: هەر پاژو فەسڵێکی کتێبەکەی بەجیا بۆتە چەند نامەیەکی ئەکادیمی لە زانکۆکانی کوردستان و عێراق، ئەوەش بەپێزی و چڕی و گەورەیی" هەولێر لەسەردەمی ئەتابەگییاندا"دەردەخات.



پ. د. موحسین محەمەد حوسێن، لەدایکبووی: ١٩٤١/ هەولێر دکتۆرا لە مێژووی ناوەڕاست بە ناونیشنی "سوپای ئەییوبیان لەسەردەمی سەلاحەددیندا"/کۆلیژی ئاداب/ زانکۆی بەغداد/١٩٨١.



# بۆ بەڕێز جەنابی کاک نێچیرڤان بارزانی



عەلی عەبدوڵلاو خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی

**سڵاوێکی گەرم:**
**هەمیشە بە ئاواتی تەندروستی باش و سەرکەوتنتانم**
**هەڵوێست و ڕێزگرتنە گەورەو جوامێرییەکەتانم بەرامبەر کاک عەلی عەبدوڵڵای خاڵم لە هەفتەنامەی "بارزان" خوێندەوە.**

لە دیدارەکەتان لەگەڵ "هەفتەنامەی بارزان" لەناو چەند دێرێکی کورتدا حەوت جار ناوی کاک عەلی عەبدوڵلاتان هێناوە بەڕێزو ستایشەوە وتوتانە: "کاک عەلی عەبدوڵلا بە نیسبەت ئێمەوە ڕەمزی خەبات و خزمەت و ماندووبوونەو خزمەتێکی زۆری حزبی کردووە، هەتا کاک عەلی عەبدوڵلا بمێنێ ئەو پرینسیپە ئەخلاقیەی هەمانە بۆ کاک عەلی عەبدوڵلا دەمێنێت، تا کۆنگرە، کە ئێمە هەتا کۆنگرە هەر بەم شێوەیە بەردەوام دەبین و ناوی جێگر بەکار ناهێنم، تەنها لەبەر کاک عەلی عەبدوڵلا"، زۆر سوپاس بۆ بەڕێزتان و هەڵوێستەکەی جەنابتان زۆر ڕاست و دروستە، چونکە کاک عەلی عەبدوڵلا جگە لەوەی کە لە کۆنگرەی یەکەمی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٤٦/٨/١٦ بووە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، مەعلومی جەنابیشتانە کە کاک عەلی عەبدوڵلا لە کۆنگرەی "٩" نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان بەتێکڕای دەنگی ئەندامان لە ڕۆژی ١٩٧٩/١١/١٠ بوو بە سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر پێشنیاری بەڕێز کاک مەسعود بارزانی، بەڵام لە کۆنگرەی دەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژی ١٩٨٩/١٢/١٢ سکرتارییەت هەڵگیراو لەسەر پێشنیاری کاک مەسعود بارزانی کاک عەلی عەبدوڵلا بەتێکڕای دەنگ هەڵبژێردرا بە جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، دیسان لە کۆنگرەی ١١و ١٢ لە ڕۆژی ١٩٩٣/٨/٢٦ و ١٩٩٩/١٠/٦ بەکۆی دەنگ کاک عەلی عەبدوڵلا مایەوە بە جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە "کاک مەسعود بارزانی" سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، تا ئێستاش بە فەرمی ئەم پۆستە دەستکاری نەکراوە، چونکە لە دەستەڵاتی کۆنگرەیە جگە لەوەش کاک عەلی عەبدوڵلا خۆشەویست و جێگای متمانەی سەرۆک بارزانی نەمرو کاک ئیدریسی هەمیشە زیندوو بووە، ئێستاش خۆشەویست و باوەڕپێکراوی کاک مەسعودو ئێوەو هەموو کادرو ئەندامانی پارتی و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و حزبە کوردستانییەکانە.

ئەوەی جێگای دڵخۆشی و سەربەرزییە بۆ کاک عەلی عەبدوڵلا و کەسوکارەکانی ئەو هەڵوێستە بەرزو جوامێرییەی جەنابتانە بەرامبەر کاک عەلی عەبدوڵلا و وەڵامێکیشە بۆ ئەو کەسانەی تووشی نائومێدی و دڵە ڕاوکەو بێ باوەڕی بوونە بەرامبەر هەندێ لەسەرکردەکانی جوڵانەوەی کوردایەتی بەبیانوی نەمانی وەفاداری و ڕێزگرتن و پێزانین بۆ هەڤاڵە چالاک و دڵسۆزو زاناو گیان لەسەردەستەکانیان، بۆیە بەو پەڕی ڕێزو توانامانەوە سوپاسی بێ پایانی جەنابتان دەکەین و ئومێدەوارین تەمەن درێژو سەرکەوتوو بن لەخوای گەورەش داواکارین وێنەتان زۆربێت لەناو جوڵانەوەی ئازادی و کامەرانی گەلی کورد، گومانیشم نییە کە بەڕێز کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بە گەورەیی خۆی و خۆشەویستی بۆ کاک عەلی عەبدوڵلا پاش کۆنگرەی پارتی لە هەڵومەرجێکی گونجاو لە بۆنەیەکی شکۆدارو فەرمی دەست لە کارکێشانەوەی کاک عەلی عەبدوڵلا لە پۆستی جێگری سەرۆک و دانانی بەڕێزتان لە جێگاکەی ڕابگەیەنێت بەبڕیاری کۆنگرەی داهاتووی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەگەر بخوازێت.

**دیسان زۆر سوپاس**

**پارێزەر**
**کەمال محێدین ئەسعەد**
**٢٠١٠/٤/٥ هەولێر**

# نەشارەزایانە هەڵسەنگاندن بۆ کابینەی شەشەم دەکەن!!

**کازم دەباغ**

لەدوا ژمارەی گۆڤاری (گوڵان) (٧٧٤) ڕۆژی (٢٩/ئازار/٢٠١٠) بەناونیشانی (هەڵسەنگاندنی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان) ڕاپۆرتێکی بێ ئاگایی بڵاوکردۆتەوە، کە ناهەقی پێوە دیارە بەرانبەر کابینەی شەشەم، ئەو کابینەی ئومێدو ئاسۆیەکی گەشی بۆ گەلەکەمان تێدا بەدی دەکرێت.

ئەم نووسینە جگە لەوەی کە بۆتە مایەی توورەیی و هەڵچوونی جەماوەر لەهەمان کاتیشدا بەهەستکردن بە لێپرسراویەتی مێژوویی و ڕەواندنەوەی دڵەڕاوکێ دوو ڕوونکردنەوە لە نووسینگەی بەڕێز کاک (نێچیرڤان) و بەڕێز (م.س) پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بەبێ ئاگایی لەم بڵاوکراوەیە دەرچووە.

من دڵنیام هەموو ئەوانەی کە کوردیش نین گەواهی ئەوە دەدەن، کە بەڕێز د. بەرهەم هەر لەوکاتەی کە لێپرسراویەتی گرتۆتە دەست چ وەک جێگری سەرۆک وەزیرانی حکومەتی فیدرالی عێراق و چ وەک سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەکابینەی شەشەم بە ئەمانەتەوە دوور لە بیرو بۆچوونی تەسکی حیزبایەتی و نەتەوەیی و مەزهەبی کاری کردووە، بەوپەڕی دڵسۆزی و بوێرانە بۆ سەرخستنی پرۆسەی دیموکراتی و دروستکردنەوەی عێراقی نوێ و لێک نزیک کردنەوەی پێکهاتەو بیرو بۆچوونە جیاوازەکان. پیاوێک ئەمە هەڵوێستی بێت دەبێت، چەندین جار زیاتر بەپەرۆشی سەرخستنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەدەستهێنانی مافەکانی میللەتەکەمان بێت.

بۆیە پێویستە بە شانازییەوە باس لەم پێشمەرگە ماندوونەناسە قەڵەم بەدەستە بکەین، نابێت بێ ئاگایانەو نەشارەزایانە هەڵسەنگاندن بۆ کابینەی شەشەم بکەین بەمیزاجی نەخۆشیان بۆ مەرامی دەستکەوت و ئافەرین !!!

هەردوو ڕوونکردنەوەی کە بڵاوکرایەوە لەبری ئەوەی نووسەر چاوەڕێی پاداشت بێت وایکرد بکەونە بەر سەرزەنشت و لێپرسینەوە !! پێشینان ڕاستیان گوتووە:(بۆ ردێن چوو سمێلیشی لەسەر دانا).

شتێکی دیکەش هەیە ناکرێت لێرەدا باسی نەکەین (بەری ڕۆژ بەبێژینگ ناگیرێت) .

نووسەر دەبێت قەڵەم بازێک بێت ڕاستییەکان بخاتە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان بۆ ئەوەی متمانە لەدەست نەدا . دەبوو هەستی بەوە بکرابایە کە بەڕێز د. بەرهەم یەکێک بووە لەم بەرپرسە باڵایانەی حکومەتی هەرێم، هەمیشە خوازیاری ئەوە بووە، کە حیزب نابێت دەست بخاتە ناو کاروباری دەوڵەت، باشە پیاوێک ئەمە هەڵوێستی بێت بۆ لەکەدار بکرێت، کە بۆ بەرژەوەندی حیزب کاردەکات !!

لەماوەی دەست بەکاربوونی سەردانی شارو شارۆچکەکانی کوردستانی کردووە، لەنزیکەوە گوێی لە داخوازییەکانیان گرتووە و بەڵێنی جێبەجێکردنی پێداون، هەندێک لە داخوازییەکانیش کە تا ئێستا نەکەوتوونەتە بواری جێبەجێکردن هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بودجەو تێنەپەڕاندنی لەپەرلەمانی کوردستان، کە کاریگەریی کردۆتە سەر هەموو بوارەکانی ژیان، بۆیە هەڵسەنگاندنێکی بەهەڵە و نادادپەروەرانەی کابینەی شەشەم ناهەقییە دەرهەقی دەکرێت، جەماوەریش باشترین سەرچاوەیە بۆ بەدرۆخستنەوەی ئەم هەڵسەنگاندنانە!!

# لەساڵیادی کۆڕەوە ملیۆنییەکەی گەلی کورد

**باوکی دابان**

نۆزدە ساڵ لەمەوبەر سەرەتای بەهار بوو لەجیاتی ئەوەی خەڵکی خەریکی خۆ سازکردن و ئامادە باشی بن بۆ ئەوەی ڕوو لە سەیرانگاو شوێنە دڵرفێنەکانی کوردستان بکەن بۆ هەڵکێشانی هەناسەیەکی ئازادی، کەچی بەپێچەوانەوە لە (١٩٩١/٣/٣١) لەسەرتاسەری کوردستان لەسەرجەم شارو شارۆچکەکان و دێهاتەکان جەماوەری ستەمدیدەی کورد کۆڕەوە ملیۆنەکەی دەست پێکرد، بەژن و منداڵ بەپیرو لاو خەڵکی ڕێگای هات و نەهاتیان گرتە بەرو ڕوو لە سنوورەکانی ئێران و تورکیا سەری خۆیان هەڵگرت بێ گوێدانە مەترسی ڕێگاو برسیەتی لە پێناو خۆ ڕزگار کردن لەمەرگ لەدەست دڕندەترین ڕژێمی سەردەم ڕووداوی تراجیدیای کۆڕەو لە مێژوو کەم وێنەیە، کە تا ئێستا ڕووی دابێت هەموو میللەتانی دنیای هەژاند، وای کرد کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بێتە جووڵە، دوای ئەوەی چەندین ساڵ بوو بێ دەنگیان هەڵبژاردبوو بەرامبەر قڕکردن و جینۆسایدکردنی میللەتی کورد.

گەلەکەمان چ پشت و پەنایەکیان شک نەدەبرد، کە بەرگری لێ بکات جگە لە شاخە سەر سەختەکانی نەبێت !!!

کاریگەریی کۆڕەو سۆزی (un) بزواند و لە ئەنجامدا بڕیاری (٦٨٨) ی لەبەرژەوەندی گەلی کورد دەرکرد، بۆ ئەوەی سنوورێک دابندرێت بۆ ئەم زولم و زۆرداربییەی ڕژێمی لەناوچوو دەی کرد دژ بەکوردو گەڕانەوەی ئەم ژمارە زۆرەی ئاوارە بۆ سەر شوێنی خۆیان، هیچ کاتێکی ئەم میللەتە نییە، کە بەشداری کۆڕەو نەکردبێت و نەبووبێت بە ئەکتەر .

ڕووداوی کۆڕەو میللەتێک ئەنجامی دا، کە متمانەی بەڕژێمی بەعسی زۆردار نەبوو، ڕابوردوویێکی تاڵی خوێناوی وەک ئەنفال و کیمیاباران و بە عەرەب کردن و جینۆسایدی لەگەڵدا هەبوو .

کۆڕەو ئەگەرچی ڕووداوێکی تاڵ و کەم وێنە بوو لە مێژووی گەلەکەمان، بەڵام لەهەمان کاتدا توانی دیواری بێدەنگی برمێنێ و دەنگی مەزلومیەتی کوردی خستە بەر دیدەی جیهان، بۆیە پێویستە لێپرسراوانی حکومەتی هەرێم بەرێزەوە یادی کۆڕەوەکە بکاتەوە و بیکات بەبۆنەیەکی گرنگ، چونکە کاریگەریی کەمتر نییە لە ڕووداوەکانی دیکەی سەر گۆڕەپانی سیاسی، لەهەمان کاتدا پێویستە بەرنامەیەک دابڕێژرێت بۆ ئەوەی ئەم ڕووداوە پێشکەش بە دادگای باڵای تاوانەکان بکرێت و کێسێکی بۆ دەست نیشان بکرێت بۆ قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتووان و شەهیدانی ئەم ڕووداوە.

# کەرتی گەشتوگوزار سەرچاوەیەکی دیکەی داهاتە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان

**باوکی لێزان**

کوردستان ئەم شوێنە جوان و دڵگیرەیە کە خودای مەزن لەهەر جوانییەک کە لەسروشتدا هەیە بەشێکی باشی پێ بەخشیوە هەر لە شاخی ڕەنگاوڕەنگی بەفرین و هەردوتەلان و پێدەشت و سەوزایی و میوەی هەمەچەشن تادەگاتە هەموو جۆرە کانزایەکی بەنرخی ژێر زەوی و سەر زەوی .

وڵاتێک بەم شێوە جوانە نەخشابێت، کە بووەتە مایەی ئەوەی هەموو دنیا چاوی تەماحی تێبڕیبێت لە دێرزەمانەوە تا ئە م سات و کاتە. ئێمە دەبێت بەچاوی ڕێزەوە سەیری بکەین و بەبێ ڕێزی بەسەری ڕانەبورین و وەک بیلبیلەی چاومان بیپارێزین ئەمەش بەوە دەکرێت بایەخ بەسەیرانگا دڵرفێن و هاوینەهەوارەکانمان بدەین.

بۆ ئەوەی زیاتر سەیرانکەران بۆ گەشت و گوزار ڕوو لەکوردستان بکەن بۆ ئەوەی ژێرخانی ئابووری هەرێم ببوژێتەوە، هاتنی سەیرانکەران داهاتێکی گەورە دەبێت بۆ حکومەتی هەرێم، زۆر وڵات هەیە لەجیهاندا داهاتی سەرەکیان لە گەشتوگوزار دەست دەکەوێت، با ئێمەش بەدوای ئەم سەرچاوانە بگەڕێین، کە ئابووری هەرێم دەبوژێنێتەوە با بەرهەم هێنەربین نەک هەر بەکارهێنەر، ئەمەش بەوەدەکرێت کە لێپرسراوانی حکومەتی هەرێم بایەخ بەسەیرانگاو شوێنە گەشتیارییەکان بدەن، بەدابینکردنی خزمەتگوزاری گەشتیاری هەر لە دروستکردنی شوێنی حەوانەوەو میوانخانەو شوێنی تەندروستی و چاککردنی ڕێگاو بانەکان، بایەخدان بەپاک ڕاگرتنی لەلایەن سەیرانکەران بۆ پاراستنی ژینگەی ئەم شوێنە گەشتیارانە ئاستی پێشکەوتن و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ئەم میللەتە دەخاتە بەرچاوی میوانانی گەشتیار، ئەمەی جێگای داخە لەجەژنی نەورۆزی ئەمساڵی (٢٧١٠) کوردی بەدەیەها هەزار گەشتیار لەدەرەوەی هەرێم سەردانی کوردستانیان کرد، بەخۆیان و ماشێنەکانیان بۆ بەسەربردنی جەژنی نەورۆز، هاتنی ئەم ژمارە زۆرەی گەشتیار کاریگەریی ڕاستەوخۆ و گەورەی هەیە لەسەر بوژاندنەوەی ئابووری و جولاندنی بازاڕی ناوەوە، بەڵام ئەوەی جێگای داخە لە هەندێک شوێنی گەشتیاری وەک دوکان و کۆیە و نازەنین و هیران و هەندێک شوێنی دیکەی خزمەتگوزارییەکان لەئاست پێویست نەبوون، بەتایبەتی لەڕووی خراپی ڕێگاو بان و نەبوونی شوێنی حەوانەوە . ئەمەی گرنگە ئاماژەی پێ بکرێت لەشارێکی جوان و بەناوبانگی وەک کۆیە، میوانخانەیەک نەبوو گەشتیاران تێیدا بحەوێنەوەو پشووی تێدا بدەن، بەڕاستی ئەمە کارەساتە بەشارێکی دێرینی ئەوها بێ بەش بێت لە سەرەتاترین خزمەتگوزاری، لەکاتێکدا ئەم شارە دەوڵەمەندە بەبیرە نەوتەکانی شیواشۆک و دێگەڵە و زانکۆ و سەرۆک کۆماری هەیە !!

بۆیە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان چاوێک بەم شوێنە گەشتیارانەدا بخشێنێتەوەو خزمەتگوزرای پێویست پێشکەش بکات، بۆ ئەوەی گەشتیاران زیاتر ڕوو لە کوردستان بکەن و ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگی دەرامەت بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

# جیهان و خەڵکی کوردستان لە جەژنی نەورۆزدا هەموو تەبابوون



**خالید جەمیل**

لەمێژووی گشت میللەتێکدا لاپەڕەی پڕشنگدار و زێڕینی ئەوتۆ هەیە کە جگە لە جوامێری پیاوان، بیری نەتەوەیی و تێکۆشانی ئافرەتیش ڕازاندوویەتییەوەو شانازی پێبەخشیوە، هەروەها بە تاکەکانی سەردەمی خۆی و نەوەکانی دوای خۆشی بەتایبەت بە هاوڕەگەزەکانی بۆ ناساندنی و بەرجەستەکردنی زیاتر ناساندنی جەژنی نەتەوەیی نەورۆز.

پێویستە بزانین وشەی نەورۆز لە نۆ ڕۆژەوە هاتووە، کە وشەیەکی پەهلەوی ئاوێستایی کۆنە، نۆ بە واتای نوێ و ڕۆژ بە واتای ڕۆژ هاتووە. لە ٢٧١٠/١/١ی کوردی بە نووسینی ئاوێستا واتە ٢٠١٠/٣/٢١ واتەی جەژنێکی نەتەوایەتی و مێژوویی کوردە، کە تێیدا کورد لە مێژووی خۆیدا دەوڵەتێکی بۆ دروست دەبێت. ئەمەش شێوەی جیاواز و داب و نەریتی پەیوەست بەخۆی هەیە، کە جێی بایەخ و گرنگیدانە بە ڕۆژی نوێی کوردی واتە ساڵی کوردی لە هەموو ساڵێک دەست پێدەکات.

کەواتە جەژنی نەورۆز سەری ساڵی تازەی کوردی لەلای خۆمان لە کۆنەوە بە شکۆو هەیبەتەوە چاولێکراوە، ئەگەرچی دوژمنانی گەلی کورد بە تایبەتی لەم بەشەی کوردستاندا لە نرخ و بایەخی ئەم بۆنەیان کەمکردبووەوە، بەرادەیەک کە تەنانەت ئاگرکردنەوەی ئێوارانی سەرقەڵای هەولێر و گەڕەکەکانی ناوشار نەورۆزیشیان قەدەغە کردبوو، بەڵام دوای ڕوخانی ڕژێمە چەوتەکەی بەعس ساڵانە ئەو ڕێورەسمە زیندوو کراوەتەوە چ بە نوێکردنەوەی جلوبەرگ و یان چوونە دەرەوە، لە زۆر شوێندا داب و نەریتانە یان نوقڵ و شیرینی و مێوژ و گوێز لە ماڵاندا دەبەخشرێتەوە. هەروەها نوێکردنەوەی ماڵ تەکاندن و کەلوپەلەکانی ناوماڵ یەکێکە لە کارە سەرەکییەکان.

لەم ڕۆژە پیرۆزەدا واتە ڕۆژی ١٣ی خاکەلێوە ٢٧١٠ کوردی، کەواتە نەورۆز جەژنی نەتەوەیی و نوێبوونەوەی ساڵی کوردییە. جێی وەبیرهێنانەوەیە هەموو ساڵێک زۆربەی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتی گەلی کورد ئەم بۆنەیە یاد دەکەنەوە، ئەوەی گەلی کورد لە نەتەوەکانی تری هاوسۆز بۆ ئەم ڕۆژە جیادەکاتەوە. ئەوەیە کە گەلی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان وەک جەژنێکی تایبەت بە کورد لێیدەڕوانن و یادی دەکەنەوە، بەڵام ئێمەی گەلی کورد پێویستە زیاتر لەڕووی واقیعەکەیەوە یادی ئەو ڕۆژە بکەینەوە ئەویش یادی دامەزراندنی یەکەم دەوڵەتی کوردییە. تا ئەمڕۆ ئێمەی کورد بە هەڵە یادی ئەو ڕۆژە دەکەینەوەو وەک هەر لەو ڕووەوە کە کاوەی ئاسنگەرمان کردووەتە ڕەمزێکی گەورەی کورد، بەڵکو لەو ڕووەشەوە کە ئێمە لەم ڕۆژەدا بە مێژووی خۆماندا بچینەوە.

دەبێت بە قەوارەی سیاسی خۆمان بگەڕێینەوە، نەورۆزیش پێویستە ئامادەکاری بۆ بکرێت و ئەگینا لەم زەمانەدا دەرفەتی ئەوەمان نابێتەوە، کە ڕووبەڕووی ئاستەنگەکانی زەمانە ببینەوە.

زۆربەی گەڕیدەکان و مێژوناسەکان کۆکن لە سەردەمی مادەکانیش کۆنترەو لە سەردەمی نوح پێغەمبەرەوە هەیە بەپێی تەورات و قورئانی پیرۆز کاتێک کەشتییەکەی نوح لەسەر چیای جودی دەنیشێتەوە ئەو ڕۆژە ٢١ی ئازار بووە سەرمایان بووە، بۆیە دار و پەرووی کەشتییەکەیان سووتاندووەو خۆیان پێی گەرمکردووتەوە و ئیتر ئاگربووە بە ڕەمزێک ئەوەش بەڵگەنامەیەکی گرنگ و مێژووییە.

پیرەمێردی نەمر جگە لەوەی کە ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی گێڕاوە لە زیندووکردنەوەو یادکردنەوەی نەورۆز لە سەردەمی خۆیدا شیعرەکەی لە سەرجەم شیعری شاعیرانی تر ناسراوترە، کە هەر لە سەرەتای شیعرەکەیەوە بە"جەژنێکی کۆنی کورد" دەست پێدەکات.

لە لایەکی تریشەوە ئاگر بۆ ڕووناکییەو ئارییەکانیش ئاگرپەرست نەبوون، بەڵکو بۆ خۆشی بووە، کە ئاگریان کردۆتەوە و نەورۆز کۆنترین جەژنی جیهانییە مانای نەورۆز بە واتای گوڵ بە "E"، کەواتە گەر نەتەوەکانی تر یادیش بکەنەوە هیچ سروودێکیان نییە لەبارەی نەورۆز تەنیا گەلی کورد سروودیان هەیە، ئەمەش بەڵگەیەکی زۆر ئاشکرایە.

ئێمەی میللەتی کورد دانەبڕاوین لە نەورۆز وەکو خۆی یادەکەمان هێشتووەتەوەو زیاتر پیرۆزی دەکەین.

نەورۆز وەک جەژنێکی نەتەوایەتی دەورێکی گەورە دەبینێ لە بەهێزکردنی هەستی نەتەوەیی لەناو چین و توێژەکانی کورددا. بە تایبەتی لەناو گەنجاندا جەژنی نەتەوەیی و سەرفرازین گەلی کوردەو تێکشکاندنی سنوورە دەستکردەکانی داگیرکەرانە.

ژمارە (١٢٨١) نیسانی ٢٠١٠/٤/٨ زایینی
نەورۆزی ٢٧١٠ی کوردی

پەیڤی ئازاد

فۆتۆستۆری

# بەهاتنی بەهار، خواست لەسەر شاڵ و کڵاشی کوردی زۆر بووە










**فۆتۆ: هێمن جەمیل**

بەهۆی هاتنی وەرزی بەهار و دەستپێکی ساڵی نوێی کوردی، هاووڵاتیانی کوردستان بەگشتی و چینی گەنجان بەتایبەت، لەگەڵ ئەو کوردانەی لە هەندەران دەژین و بۆ بەسەربردنی ئەم بەهارە لەگەڵ کەسە نزیکەکانیان گەڕاونەتەوە کوردستان، خواستیان لەسەر کڕینی جلوبەرگی کوردی بەتایبەت شاڵ و کڵاش زۆر بووە، کە هەردووکیان دوو میراتی کەلەپووری کوردین و تایبەتن بە کورد و تایبەتتر بە ناوچەی هەورامان، لەئێستاشدا کە بەرەو وەرزی بەهار دەچین زۆرێک لە کوردانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات سەرقاڵی کڕینی شاڵ و کڵاشن و خۆیان ئامادە دەکەن بۆ بەسەر بردنی بەهارێکی کوردانە.

# بەکارهێنانی ساڵنامەی کوردی لەدامودەزگا فەرمییەکان ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە!

**دەباغ**

دوابەدوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی (٥/ ئازاری/١٩٩١) بۆ ماوەیەک بەرەی کوردستانی کاروباری کوردستانی بەڕێوەدەبرد، بەتایبەتی دوای کشانەوەی دامودەزگاکانی حکومەت لەلایەن دەسەڵاتی لەناوچووی بەعس تا ئەو کاتەی بوار ڕەخساو هەڵبژاردن لەسەرتاسەری شارو شارۆچکەکانی کوردستان لە (١٩٩٢/٥/١٩) لەکەش و هەوایەکی دیموکراتیانە بە ئەنجام گەیەندرا، ئەوەبوو حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (١٩٩٢/٧/٣)دامەزرا.

ئەمەی گرنگە ئاماژەی پێ بکەین وا (١٨ ساڵ) بەسەر دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان تێدەپەڕێت، لەسایەی خودا لەم دەنگۆیانە ڕزگاری بوو، کە دەیان گوت حکومەتەکەمان ساوایە بۆ پاساو هێنانەوەو بەرگری کردن لەم کەموکوڕیانەی، کە ڕۆژانە بەرچاو دەکەوتن بۆ باوەڕهێنان و خەڵەتاندنی و ئەو کەسانەی کە ئاستی ڕۆشنبیریان وەک پێویست نەبوو دەستەواژەی (ساوایان ) بەکار دەهێنا.

ئەمڕۆ حکومەتی هەرێم لە هیچ ڕوویێکەوە کەموکوڕی نییە هەر کەمییەکی هەبێت ئۆباڵەکەی لە ئەستۆی لێپرسراوانەی ئاشکرایە لە دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵ ئاماژە بەوە کراوە کە دەبێت زمانی کوردی و عەرەبی بەکاربێت لەتەک یەک لەسەر هەموو بەڵگە فەرمییەکانی وەک پارەو پەساپۆرت و بەڵگە فەرمییەکانی دیکە .....هتد.

ئەمەی جێگای داخە تا ئێستا لە هەندێک دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڵگەنامەکان بەزمانی عەرەبی دەنووسرێت، بەتایبەتی لە قوتابخانەو خوێندنگاکان هەندێک لە تۆمارەکان وەک تۆماری گشتی و تۆماری مامۆستایان و تۆماری نمرەکان، لەمەش گرنگتر تا ئێستا لێپرسراوان مامۆستایان ساڵی کوردی لە بەڵگە فەرمییەکان بەکار ناهێنن لەتەک ساڵی زاینی و کۆچی تارادەیەک بەشی زۆری مامۆستایان ئاشنایەتیان لەگەڵ ڕۆژو مانگ و ساڵی کوردی نییە !!

نەزانینی ساڵی کوردی سوکایەتی کردنە بە مێژووی پڕ لە قارەمانی و سەروەری میللەتەکەمان .

بۆیە دەبێت سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەدواچوون بکات بۆ چارەسەرکردنی ئەم کەموکوڕیانە پێش ئەوەی گلەیی لە حکومەتی عێراقی فیدراڵ بکەین لەوەی زمانی کوردی لەسەر بەڵگە فەرمییەکان بەکار ناهێنێت وەک ماددەیەکی دەستوری .

# هەیاسە دەزانی لەبەردەم خوێندنگای (الأخوة) چ باسە!!

**باوکی داستان**

دوا بەدوای کۆنفراسی پەروەردەیی، کە لەمانگی ئەیاری (٢٠٠٧) بەسترا سیستەمی نوێی پەروەردەو فێرکردن کەوتە بواری جێبەجێکردن .

یەکێک لەبەرچاوترین ڕێنمایی و ڕاسپاردەکانی کۆنفراسی دوورکەوتنەوەی مامۆستایان بوو لەبەکارهێنانی توندوتیژی و دەستەواژەی ناشیرین دژ بە قوتابیان و خوێندکاران .

ئەمەی گرنگە ئاماژەی پێبکەین هەندێک لەمامۆستایان و بەڕێوەبەرەکان تا ئەم سات و کاتە وەک پێویست سیستەمی نوێی پەروەردەو فێرکردن جێبەجێناکەن . زەبرو زەنگ و دەستەواژەی ناپەروەردەیی بەکاردێنن بەرانبەر خوێندکاران ئەمەی جێگای سەرنجە ڕۆژی (٢٠١٠/٢/١٣) دوابەدوای ڕوودانی کێشەیەکی ئاسایی لەنێوان دوو خوێندکار لە خوێندنگای (الاخوە).

جەنابی بەڕێوەبەری خوێندنگا لەبری چارەسەرکردنی کێشەکە بەشێوەیەکی پەروەردەیی و زانستیانە، هەڵدەکوتێتە سەر هەردوو خوێندکارەکە لە ئەنجامدا خوێندکارێک بەناوی (مەحموود ڕامز شوکری)، کە لە پۆلی پێنجەمی زانستییەو کوردێکی ئاوارەی شاری موسڵە تووشی نەخۆشی نەفسی دەبێت و دەخرێتە نەخۆشخانەی کۆماری هەولێر، بەهۆی کاریگەری لێدانەکە بەسەرییەوە . لەسەر ئەم ڕووداوەش هەر زوو دادوەری لێکۆڵەرەوە بڕیاری دەستگیرکردنی بەڕێوەبەر دەدات بەپێی وتەکانی پووری خوێندکار (مەحموود ڕامز) بەکەفالەت ئازاد کراوە .

بەڕاستی سەیرە بەهۆی هەست نەکردن بەلێپرسراویەتی هەندێک لە بەڕێوەبەرەکان بە پێچەوانەی سیستەمی نوێی پەروەردەیی هەڵسوکەوت دەکەن، وەک ئەوەی کەسێک نەبێت لێپرسینەوە یان لەگەڵ بکات .

دەبێت وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدواداچوون بکات لەم جۆرە کێشانەو سنوورێک دابنێت بۆ هەموو ئەم بەڕێوەبەرانەی، کە دوور لە ڕێنماییەکانی پەروەردە کاردەکەن بۆ ئەوەی کاری ناشایستەی ئەوها دووبارە نەبێتەوە .

# سووکایەتی بە بواری نیشتیمانپەروەری سەرپەرشتیاران سووکایەتی کردنە بە شۆڕشەکانی کورد

**کازم عومەر دەباغ**

پرۆسەی ئازادی عێراق کە لە (٢٠٠٣/٤/٩) دەستی پێکرد وەچەرخانێکی گرنگ بوو لە مێژووی عێراق و ناوچەکە هاتنە کایەی ئەم بارودۆخە دوابەدوای ئەوە هات، کە فەرمانڕەوایە یەک لە دوا یەکەکانی عێراق بە زەبری ئاگرو ئاسن مامەڵەیەن لەگەڵ خەڵکی چەوساوە دەکرد تا کار گەیشتە ئەوەی ئەنفالیان دژ بە گەلی کورد ئەنجام دا، ئەم بارودۆخەیە کاتێک هاتە دی زەمینەی خۆش کرد بۆ سەرهەڵدان و پەیدا بوونی چەندین حیزب و قەوارەی سیاسی نوێ لەسەر گۆڕەپانی سیاسی بۆ چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی.

دوا بەدوای ڕزگاربوونمان لەدەست دڕندەترین دەسەڵات، ڕۆژی ئازادی هەڵات بە هیوای ئەوە بووین بحەسێینەوە.

ئەمەی جێگای ئاماژەیە لەم بارودۆخەدا کەسانێک هەن دوور لە هەست کردن بە لێپرسراویەتی هەوڵی پچڕانی شیرازەی یەکیەتی میللەتەکەمان دەدەن لە ڕوانگەی تەسکی حیزبایەتی پۆستەکانیان لەدامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەکاردەهێنن.

ڕێز لەبیرو باوەڕی بەرامبەر ناگرن و سووکایەتی بە بواری نیشتیمانپەروەری و خەبات و تێکۆشانی دەیان ساڵی شارو شاخ دەدەن، هاوشێوەی بەعسییەکان هەڵسەنگاندن بۆ تێکۆشەران دەکەن. بەکەم زانینی خەبات و ماندووبوونی تێکۆشەران تەنها سووکایەتی کردن نییە بەئەوان، بەڵکو سووکایەتی کردنە بە شۆڕش و سەرکردایەتییەکەی هەروەک بەم دواییە سووکایەتی بەرانبەر بواری نیشتیمانپەروەری سەرپەرشتیارانی پەروەردەی هەولێر لەکاتی هەڵسەنگاندنیان کرا، دەبێت بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەدواداچوون بکات بۆ ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە نامۆیە، بۆ ئەوەی هیچ کەسێک جورئەت نەکا سووکایەتی بە شۆڕشگێڕان و شۆڕشە ڕەوایەکەی بکات، ئەمەش بەڵگەیەکی زیندووی چەند پێشمەرگەیەکی شۆڕشی ساڵی (١٩٧٤)ە، کە لەلایەن یەکەی سەرپەرشتی پەروەردەیی هەولێر سووکایەتی بە بواری نیشتیمانپەروەریان کراوە لەلایەن کەسانی دوور لەهەست کردن بە لێپرسینەوە !!!

# ئاورێک بۆ گۆڕستانی حوسێنی غازی

**م. قادر محەمەد ئەبوبەکر**

ئەگەر هەست بەدڵخۆشی و ئاوەدانی دەکەی، دوور لە تاک و تەنیایی. ئێرە، شوێنێکی سەرنج ڕاکێشە. وەکو بازاڕێکی گەورەو هەزار بەهەزار، پڕوچڕە لە گۆڕی ئادەمیزادو پیاوی چاک و مرۆڤی ناوداری ناوچەکە، ئەلێرە بە خاک سپێردراون. ڕەنگە بە هەژمارتن خۆی لەیەک ملیۆن گۆڕی کۆن و نوێ بدات.

دەگێڕنەوە دەڵێن: پیرۆزییەکەی لەوەیە، ئەوەی سەردانی ئێرە بکات ترس و خۆفی لا نامێنێ و هەرگیز ناترسێت.

ئەم گۆڕستانە هەرچەندە سەرچاوەی مێژووی ڕۆژگاری دروستبوونی زۆر کۆنەو دیارنییە، بەڵام پێدەچێ بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هاتنی سوپای موسڵمانەکان بۆ کوردستان و لە پاش بڵاوبوونەوەی ئەم ئاینە، کە بوو بەئاینی کوردیش. جا ئەوکاتە پەیدابووبێت. حوسێنی غازی دەکەوێتە پارێزگای هەولێرو "٤کم" لە قەزای مەخموردوورە. کەوتۆتە ناوەندی نزمایی زنجیرە چیای قەرەچووغ و لە دەربەندی کەلی دەرگەی بازگەی بازارگەیە، بەلای چەپدا. لە دۆڵێکی قووڵ و گەورەو بەرفراوانە، پێی دەڵێن "گەلی بەشەواشنگ". جاران ئەم گەلییە پڕ بووە لە داری قەزوان و دارەبەن و شەواشنگ. بەڵام ئێستا ڕووت و بێ داروبارەو گرنگی پێ نادرێ و پشتگوێ خراوە. ئێرە دەرگای هاتوچۆی کاروان سەرای نێوان قەراج و کەندیناوەیە تاکو دەگاتە هەولێر. شوێنی پشوودان و نیشتەجێبوون و سەردەمی ڕابردووی مرۆڤە. بە تایبەت، لەو ناوچەیە. خەڵک هەموو دەم سەردانی گۆڕەکان و ئەم شوێنە دەکەن. ناوی حوسێنی غازی، لە زۆر بەیت و هۆنراوەدا هاتووە. لە ناو زاری حەیران بێژان، لە مەقام لاوکی کوردیدا، ناوی دەهێنن و بەشوێنێکی دڵگیرو خۆش و پیرۆز باسی دەکەن. لەکاتی ڕژێمی ڕووخاوی بەعس خەڵکی ناوچەکە لە هەولێرو دەوروبەری، بەنهێنی و بەقاچاغ دەهاتن تەرمی مردووەکانییان لێرە دەناشت. ئێستاش زۆر لە خەڵکی ناوشارو دەشتی هەولێر، بەتایبەتی قەراج و کەندیناوە لە باوەشی پیرۆزی حوسێنی غازی تەرمی مردووەکانییان دەنێژن. شوێنێکی گشتییە بۆ هەموو کەس وەکو یەکە. ئەوەی شایانی باسە، ئێستا ئەم گۆڕستانە ڕووبەڕووی شاڵاوی تێکدان و خراپ بوون و لە ناوچوون بۆتەوە بە دەست هەندێ لە خاوەن کارگەی گەچەکان، "کورەچی"یەکان شاخەکان بەهۆی تۆپی باروت و دەنەمێت هەڵدەتەکێنن و دەتەقێننەوە، ئەمەش بۆ دەرهێنان و کۆکردنەوەی بەردی گەچ "کلس" بە دەنگ و ڕمان و لە ڕزینی شاخەکان. یان بە دەرچوونی پارچە بەردی زل زل بۆتە هۆی شکاندن و پەڕینی زۆربەی کێلەکان. یان تەقیون، وەکو خۆیان نەماون. جگە لەمەش بەهۆی کاری شۆفەڵەکان، هەندێک لە گۆڕەکان تێک چووینەو فڕێ دراون. شوێنەکانییان کردووە بە ڕێگاو مەیدانی خۆڵ فڕێ دان و بەردبردن بە قەللاب.

ئەم بێ بەرپرسیاریەتی و لێ نەپرسینەوەی هەرێم، بووەتە هۆی نیگەرانی و گازاندەی زۆرێک لە خەڵکی ناوچەکە.

ئەوە ئەو چیایە گەورەیە خۆ شوێنی دیکەی باشترو شیاوتری گەلێک زۆرە، ببکەن بە کارگە بۆ دەرهێنانی بەردی گەچ "بەردی کلس". هیوادارین خاوەن کوورەو کارگەی گەچەکان لەبەر بەرژەوەندی گشتی و بوونی ئەم گۆڕستانە. چیتر لەناو ئەم گەلییە کار نەکەن و تێکی نەدەن بادیمەنی ئەم شوێنەوارە کۆنە نەشێوێ و ناشرین نەبێت.

ئەوە خەڵکی خێرخوازیش، ئێستا بایەخی پێ دەدەن و وا دوو بیری ئیرتیوازیان لەناو ئەم گەلییە لێداوە، بۆ ئەم گۆڕستانە. کانییەکیش لەسەرەوەی گەلییەکە هەیە. بەڵام ئاوەکەی زۆر کەمەو تاڵە. چەند خۆشە ئێرە بایەخی پێ بدرێ و ئاوەدان بێ و بکرێتە شوێنێکی گەشتوگوزار، بۆ ئەم دەڤەرەو بۆ هەموو خەڵکی کوردستان. داوا لە حکومەتی هەرێم و کاربەدەستان و بەتایبەت بەڕێز جەنابی پارێزگاری هەولێر دەکەین لەبەر هەست کردن بە بەرپرسیارییەتی شوێنەواری مێژوویی و نەتەوەیی پێویستە ئاوڕێک لەم شوێنە بدەنەوە، کە گۆڕستانێکی لەمێژینەی کوردەوارییە، بۆیە پێویستە بە فەرمی فەرمانی پاراستن و پەرژین کردنی بۆ دەربچێت. تاکو لە نەمان و سڕینەوە بەدووربێت و شوێن و نەخشەیەکی دیاریکراوی خۆی لەم ناوچەیە هەبێت.

بۆ زیاتر ئاشنابوون بەم بابەتە سەرنجی وێنەکان بدەن.

وێنەی یەکەم: گۆڕی حوسێنی غازییە. بەکەڵەکە بەردی گەورە گەورە بڵندکراوەو دەورە دراوە، چەندین پارچە قوماش لە دار هەڵواسراوەو لەناوی بەرزکراوەتەوە.

وێنەی دووەم: غەری شێخ مستەفای دارەخورمایە بە بەردی زل زل دروست کراوە. لەگەڵ گۆڕی مەلا عەولای کەنداری لەناو غەرەکەدان.

وێنەی سێیەم: گومەتێکی زۆر کۆنە، کۆمەڵێک کێلی بەرز دەوریان داوە، لەناو گومەتەکەش تەرمی نێژراو هەیە.

دەگێڕنەوە دەڵێن: ئەم گومەتە بە گەچ و شیری حوشتر دروست کراوە. تاکو ئێستا نەڕووخاوەو قایمە.

وێنەی چوارەم: بڕوانە کۆمەڵێک گۆڕی کێل بەرز لەگەڵ وێنەی نووسەری بابەتەکە. لەتەک هەندێ لە کێڵەکان، درێژیان لە بەژنی زەلام زیاترن.

وێنەی پێنجەم: گومبەتی برایماغای مەخموورییە لە بناری چیایە لەسەر گردێکە لە کۆتایی گۆڕستانەکەیە، لە ساڵی ١٩١٩ کۆچی دوایی کردووە. پیاوێکی ئازاو ناودار بووە لەسەردەمی خۆی.



گۆڕی حوسێنی غازی

# چوارهەزارساڵ لەمەوبەر ژنێک پیاوەکەی تەڵاقدا !

دڵشاد عەزیز زاموا*

شوێنەوارناسان دەقێکی یاساییان لە وڵاتی بابل دۆزییەوە، کە بە خەتی بزماری و زمانی بابلی نووسرابوو لە کاتی فەرمانڕەوایی (ئەشمی دەگان)پاشای شاری ئیسن لە سەردەمی بابلی کۆندا، ژنێک بە ناوی (ئەشتار ئومی) سکاڵایەکی بۆ قازییەکانی شار دژی مێردەکەی بەرزکردەوە، تێیدا شکات لە مێردەکەی دەکات، کە کاری نێربازی ئەنجامداوە، قازییەکانیش داواکەیان بینی و ژنە و مێردەکەیان بانگکردن بۆ دادگا، داوای شایەتیدانیان لە ژنەکرد، ژنەکەش توانی لەبەردەم قازییەکاندا بیسەلمێنێت و شایەتی دا، کە مێردەکەی بینیوە لەکاتی سێکسکردن لەگەڵ پیاوێکی دیکەدا، بەم شێوەیە قازییەکانیش بەناوی پاشاوە ڕێگەیان بە ژنەکەدا، کە هەر لەوێدا مێردەکەی تەڵاق بدات و بڕیاریشدرا کە سەری مێردی ژنەکە بتاشن و لوتی کون بکەن و بە ناو خەڵکی شاردا بیگێڕن بۆ ئەوەی ببێتە پەند بۆ پیاوانی دیکە...!.

جا لێرەدا بزانین لە دوای چوار هەزار ساڵ بە سەر تێپەڕبوونی ئەم ڕووداوەدا لە میسۆپۆتامیا و کوردستانی ئێستا چ باسە؟ مەبەست لە ئامادەکردنی ئەم بابەتە بە کوردی بۆ ئەوەی دەریبخەم، کە میسۆپۆتامیای کۆن چوار هەزار ساڵ پێش ئێستا لە هەندێک لایەنی وەک ئەم دۆسییەیەی کە باسمانکرد زۆر پێشکەوتووتربوو لە ئێستا، چونکە لەم ڕۆژگارەی ئێستاماندا کە بە هەزاران نموونەی وەک ئەو ڕووداوە کۆنە هەیە و جیاوازتریش لەوە لەم سەردەمەدا پیاوان نەک هەر نێربازی، بەڵکو لەگەڵ چەندان لەشفرۆش ڕادەبوێرن و هەر پێیان بگاتە ئەوروپا یان وڵاتانی دەوروبەر، ئەوا ڕاستەوخۆ داوای کۆندۆم و ڤیاگرا دەکەن. تەنانەت هەندێکیان لە ئاژەڵیش ناگەڕێنەوە. لە هەموو ئەم بارانەشدا کاتێک کە ژنەکانیان پێیان بزانن، ئەوا یان دەبێت ماڵ بۆ مێردەکانیان بەجێ بهێڵن یان دەبێت فزە نەکەن و بێدەنگبن، پیاوان لە هەموو بارێکدا وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن و ئەگەر بشگیرێن و سزاش بدرێن، ئەوا دیوەخانی حیزب(مەکتەبی کۆمەڵایەتی)ەکان دەگەنە فریایان ئەگەر بێت و تاوانباریش بن بە فڕاندن و بەزۆر سێکسکردن و کوشتنی کچێک لەیەک کاتدا وەک دۆسییەی(س.م)، هەرچەندە بە پێی یاسا و شەرع ژن و پیاوی خیانەتکار لەیەکتر یەک سزایان هەیە، بەڵام زۆر کەم یان هەر ڕێکناکەوێت کە پیاوان سزای ڕاستەقینەی خۆیان بدرێن و بێگومانیش حاڵمان لەمەی ئێستا باشتر نابێت و دەبێت ژنانیشمان خۆزگە بە چوار هەزار ساڵ پێش ئێستا بخوازن، لە ژێر سێبەری یەکێتی و ڕێکخراوەکانی بەناو ژنان و بەکردەوە تەنها ڕێکخراوی ژنی بەرپرس و کچی گەنج و جوان و مەکتەبی کۆمەڵایەتی حیزبەکان هەر چاوەڕێی کوشت و بڕ و تەڵاقدانی ژنان بن.

بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی نووسینە بزمارییەکە بگەڕێرەوە بۆ ئەم سەرچاوەیە: فوزی رشید، ((الشرائع))، العراق فی موکب الحضارة الاصالة والتأثیر، ج١.

dlshadazamua@gmail.com

* مامۆستا لە بەشی شوێنەوار- زانکۆی سەلاحەدین



ژن و مێردێکی سۆمەری یەکتریان لە ئامێزگرتووە

# شار لەنێوان نۆڕم و نوێبوونەوەدا



فەرهاد خدر

Ferhad.du@gmail.com

شار پێکهاتەیەکی مرۆیی-کۆمەڵییە لەجوگرافیایەکی دیاریکراو و روو لەزیادبوودا، ئەم زیادبوونەش لەشێوەی زیادبوونێکی ئاسۆیی، هەم لەرووی ڕێژەی زیادبوونی مرۆڤەکان و هەمیش لەرووی رووبەری ئەو پانتاییەی کەپێویستە بۆ حەوانەوە، زیاد دەبێت. هەڵبژاردنی جۆگرافیایەک بۆشار بەپێی چەندین بنەماو پێوەر دەبێت کە پەیڕەویکردن لەو بنەماو پەیڕەوانە لەدانانی بناغەی شارەوە دەستپێدەکات¬ تا دەگات بە تەکنۆ-شارەکان کە لێکەوتەی دایکە-شارن، یان لێکەوتەی کۆنە-شارن.

شار یەکێکە لەو بەرکارانەی دەکەوێتە بەر زۆرێک لەکردە جیاجیاکانی مرۆڤ، خۆسەپێنی مرۆڤ - کە خۆسەپێنیی و سەروەریەتێکی وەهمییە بەسەر گەردووندا- وادەکات کۆی هەبووەکانی تر و شارەکانیش هەروەها لەسنووری خواستەکانیدا فۆرمەلە ببن، ئەم خواستانەش بەپێی قۆناغە بەدوایەکداهاتووەکانی شار ئاراستەی جوداو ڕەهەندو ماناو کردەی جودا هەڵدەگرن. بەم پێودانگە بێت دەبێت ئەوە بڵێین: شار دەستنووس و نیگاری ڕوانگەو مۆراڵی شارسازەکانە، هەر ئەوانیش سەنتراڵ و ناوەندێتی دەبەخشنە شارەکان، ئەمە وێڕای پێشنیارو دیدی هاوشارییەکان بۆ ڕەنگڕێژکردنی بەشێک لەو نیگارەی کەخۆیان تیایدا ژیاندەکەن -کە شارە.

**شار لەمێژوودا:**

زۆربەی کۆمەڵگاو نشینگە شارستانییەکانی دنیا لەدوای کۆچەکانەوە دروستبوون، هەر وەک شۆپنهاوەر فەیلەسوفی ئەڵمانی دەڵێ: "قۆناغی کۆچەری نیشانەی سەرەتاییترین پلەی شارستانیەتییە، لەبەرزترین پلەشدا سەر هەڵدەداتەوە"، ئەم قسەیەی شۆپنهاوەر دەکرێ بەبەر شاری هەولێردا بکەین و بۆی ببێت..

شڵەقین و پەرتەوازەبوونی گەلان بەدوو پەیداکردنی بژێوی و ئاسایش بۆ ژیانی باشتر لەشوێنانی تر وایکردووە هەرێمە جیاجیاکانی ئەم سەرزەمینە بەدرێژایی چەرخەکان کۆچی گەل و نەتەوەو تا ئەوەی کۆچی نەوەکانیش بەخۆیەوە ببینێت. کۆچ وێڕای ئەوەی یەکێکە لە ڕەکیزەکانی بنیادی کۆمەڵگای تازە لەشێوێنی تر، هاوکات پێکهێنەرو سازێنی بنەمای پەیوەندی تازەیشە لەنێوان کەسانی ناو ئەو جوگرافیا تازەیە، کە لەمیانەی کۆچێکی لەهەمەلاییەوە دروست بووە. کۆبوونەوەی کەس، هۆزو نەتەوەی جیاواز سەرەتایە بۆ کۆبەندکردنی ڕوانگەو نۆرمە جیاوازەکان لەبۆتەی کلتوورێکی تازە بۆ ژیانکردنێکی بەیەکەوەیی، بۆیە مێژووی دروستبوونی شارەکان بەشێکە لەگەشەکردنی زهنییەتی مرۆڤەکان بۆ گۆڕینی شێوازی ئەوسای ژیان بۆ باشترو دۆزینەوەی سوکنایەکی لەبارتر بۆ نیشتەجێبوون. واتا ئاستی گەشەی هۆشمەندی مرۆڤەکان هێزی ناوەکی و جەوهەری شارەکانن و ئەم هێزە ناوەکییەش خۆی لەڕووکاری شارەکان دەنوێنێت.

بۆ ئەمەش دەکرێ لە ڕێگەی بینینی قۆناغەکانی گەشەو گۆڕانی ڕواڵەت و ئایکۆنی شار، بەرەوپێشچوون و گەشەی هاوکاتی هۆشمەندی و بیری خەڵکی شارەکان بخوێنینەوە. بۆ وێنە: وێنەی دروستبوون و گەشەی شارەکانی وڵاتی میسری کۆن، عێراقی دێرین، ئوور و بابل و لاگاش و مەنفیس، هاراپا و ئەسیناو قوستەنتینە،...تاد پاشخانی فیکری و ڕۆشنگەری زهنی هاوشاریانی ئەو سەردەمەن، وێنەی گەشەی بەسیستەماتیکبووی شاری نیویۆرکیش لەدوای کۆتاییهاتنی شۆڕش و جەنگە ناوخۆییەکان (١٦٨٩-١٧٦٣) تا دەگات بە سەرەتای سەدەی بیست و یەک هەروەها. خوێندنەوەی تیۆریانە بۆ ئەم باسە هێندەی خوێندنەوەیە بۆگەشەی شارەکان لەڕووی کردەیی و بنیادی ژێرخانی مادییەوە، هێندەش خوێندنەوەیە بۆ گەشەی زهنی و ستاتیکی خەڵکی شار، ڕوانگەی گەشەی شارەکان لەسایەی ئاستی ڕۆشنگەری و بیری هاوشاریان ڕوانگەیەکە زیاتر بۆ شارە پیشەسازی و دوای ئەوانیش شارە مۆدێرن و تەکنۆ-شارەکان شیاوە -کە دەبێتە ئامانجی باسەکەشمان..

بەڵام ئەگەر مەبەستمان بێت بەقووڵایی مێژوودا شۆڕببینەوە، ئەوا ڕوانگەیەکی تر هەیە کە: شوێنی کارکردن و دەستهاتەکانی مرۆڤ خۆی دەسەپێنێت بەسەر دیاریکردنی جۆگرافیاو شێوازو پێناسە بۆ شارەکان. بۆ ئەمەش پێناسەی یەکەم شار پێناسەیەکی کشتکاری بەبەردا دەکرێت، لەبەرئەوەی شار بەمانای جێگیری و نیشتەجێبوون دوابەدوای قۆناغەکانی ڕاووشکارو قۆناغی کۆکردنەوەی سەرەتایی لەشێوەی «شاری کشتکارەکان» سەرهەڵدەدات. چەند سەد ساڵێک بەر لەزایین دوای خۆگوێزانەوەی مرۆڤایەتی لە قۆناغەکانی ڕاووشکارو کۆکردنەوەی سەرەتایی بۆ قۆناغی کشتوکاڵی، ماڵە-شار سەرهەڵدەدات، ئەم ناوە«ماڵە-شار»پێوانەیشە بۆ ڕێژەیەکی گریمانەیی دانیشتوانی ئەوسای شارەکان، دانیشتوانی ماڵە-شار ئەوانەبوونە، کە ڕایەڵێکی زایەندی-خێزانی، یاخود تیرەیی بەیەکەوە دەیبەستنەوە، لەم ڕوانگەیەوە دەردەکەوێت، کە ماڵە-شار شاری خێزانێک یان تیرەیەکی دیاریکراو بووەو هەم خۆیان وەک مرۆڤ هەمیش نۆڕم و شێوازی ژیانی خۆیان لەوانی تر جوداکردۆتەوە، ئەم خۆجوداکردنەوەیە بۆتە چەپەرێک لەبەردەم کەسانی دەرەوەی خێزان و هۆزی خۆیان گەر خوازیاربووبێتن ببنە هاوشارییان، هەروەها جوداکردنەوەی نۆڕم و شێوازی ژیانیشان جۆرێک لە لاقرتێیی و پیلانسازی تێدابووە بەوەی کە: جیاوازی نۆڕمەکان لەیەکترییەوە وایکردووە ئەوانی تر بۆ هاوشارییوونیان پێویستیان بەڕاهاتن و پەیڕەوی لێکردن لەم نۆرمانە هەبووە، بۆ ئەمەش سازشکردن لەڕەمەکی خۆیان لەئارادابووە، فزوڵیەتی پاراستنی ڕەمەکیش لە مرۆڤدا باڵاتربووە لەخواستی هاوبەشیکردن لەشارێک، کە هی ئەوانی ترە، بۆیە کەمتر وابووە ماڵە-شار هەمەناوی تیرەو خێزانەکان لەخۆبگرێت. بەڵام لەگەڵ بەردەوامبوونی ڕەوتی مێژوو و زیادبوونی خواست و پێویستی مرۆڤەکان بەو شمەک و بەروبوومانەی، کە لای خۆیان دەگمەنییەکی ڕێژەییان هەبووەو گۆڕینەوەیان بەو شمەک و کەلوپەلانەی کە زیادەیەکی ڕێژەییان هەبووە ئەم چەپەرسازی و کەنارگیرییەی شکاندووەو سەرەتای گۆڕینەوەی ئابووریانەی شمەک و کارگوزاری بۆتە بنەمای سەرەتایی بۆ گۆڕینەوەی شێوازی عەقڵی و ژیان و نەریت و بنەما هۆشەکییەکان.

**سەرهەڵدانی کۆمەڵگای شار:**

بنەمای سەرەکی سەرهەڵدانی کۆمەڵگای شاری، یاخود کۆمەڵگای بەشارییبوو بریتیبووە لەپێویستی بوون بەوانی تر، هۆز-خێزانی ماڵە-شارەکان بێ ویستی خۆیان لەڕێگەی پەیوەندیگرتن بە مرۆڤەکانی دەرەوەی خێڵ و خێزان بناغەی کۆمەڵگای شارەکان دادەنێن و بەرەوپێشی دەبەن، تاکە ڕەهەندێکیش، کە ئەوکات لەئارادابووە بریتی بووە لەڕەهەندی ئابووری، پێویستی مرۆڤە سەرەتاییەکان بەئاڵشتکاری وایکردووە مرۆڤی ماڵە-شارەکان لەجوغزو کەنارگیری قوتار بکات و پەیوەندی بەمرۆڤی تر و هۆزگەلی ترەوە بگرێت، بەم هۆیەشەوە ڕەهەندەکانی تر لەشێوەی ڕەهەندی کولتووری و ڕەهەندی بیری فەلسەفی و هونەری و ستاتیکی..تاد، دێنە ئاراوە. بۆیە: ئاڵشتکردی شمەک و خۆراک و پێویستی ژیانی ڕۆژانە بۆتە بنەمای بنچینەیی گۆڕینەوەی نۆڕم و ڕەهەندە جیاوازەکانی تێگەیشتن لەژیان، گۆڕینەوەی کولتوورو ئاشنابوون بە پیرۆزی و چۆنییەتی ماناداران بە گشت پێکهاتە گەردوونییەکان.

ئەوەی لەڕوانگەی منەوە بایەخدارە و دەمەوێت لەناو کۆی کایە و پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگای شاری تلۆنی بکەم، ڕەهەندی کلتووری ستاتیکی و هۆشمەندی کۆمەڵگای شارییە، ئەو ڕەهەندەی پێویستە پاشخان و جەوهەری کۆی کایەکانی تر بێت و ئامادەگییەکی هەمیشەیی لەزهنی تاکەکان «هاوشارییەکان»دا هەبێت. بۆ ئەمەش شاری هەولێر هەم لەڕوانگەی مێژوویی و هەمیش لەڕوانگەی فەلسەفەی کولتوورو ستاتیکای دانیشتوانانی بەرباسمان دەبێت:

ئاشکرایە و مێژوو بۆمان دەسەلمێنێت، کە پێکهاتە یەکەمینەکانی کۆمەڵگای شاری هەولێر پێکهاتەیەکی دێهاتیی، فۆرمالیزەبوو بەستراکچەری شارییبووە. واتا شار لەڕێگەی کۆچێکی ناتەندروستی کەس و خێزانەکان لەدێهاتەکانەوە بەرەو شار، بوونیادنراوە. هەموو ئەو کۆچەرییە سەرەتاییانەش بەپاشخانی نۆڕمی خێڵەکی و عەقڵیەتی دۆگمای نێرسالار بارگاوی بوونە. بۆیە جەوهەری شار عەقڵیەتی خێڵگەرایی دێهاتیی لەڕووکەشێکی فۆرمالیزەبوو بەکۆمەڵگای جیهانی پێشکەوتوو لەشێوەی «بەدەوڵەتبوونی خێڵ» بەردیدە دەبێت.

ڕوانگەی ستاتیکییانەی خەڵکی ڕۆژگارە سەرەتاییەکانی شار، یان باشتر بڵێین شارسازەکان بریتی بووە لەسۆزێکی ناوەکی و دانەبڕاو بۆ دێهات و شێوازی پەیوەندییەکانی. دیارە ئەم سۆزەش هێندەی بۆ دووبارەکردنەوەی فۆرمی دێهات بووە لەئارای شاردا، زیاتریش بۆ سەپاندن و پەخشانکردنی عەقڵیەتی دێهات بووە بەسەر کۆی کایەکانی ژیان لەم جوگرافیا نوێیەدا. هەر بۆیە: کۆی شێوازو شیرازەی پەیوەندی دێهاتییەکان لەمیانەی گەشەو فراوانبوونی شار بەردەوامی بەخۆی دەدات، بەمەش ژینگەی مۆڵیبوونی عەقڵیەتی سۆزەکیانە بۆ دێهات فەراهەمەو هەر چەشنە کرانەوەیەک بەرووی ئەوی تردا لێدانە لەمۆراڵی باو، کە ئەمەش نابێ ببێ!.

لەم سۆنگەیەوە دەبینین، کە شارییە سەرەتاکانی هەولێر بەپرەنسیپی ئاغاو گەدایی، سەردار و دەزبارگرەوە دێن و بونیادی شارێک بۆ داهاتووی بەجیهانیبوون وژیانی تەکنەلۆژی و تەکنۆ-شار (کە ڕەنگبێت ئێستا و داهاتووی شاربێت) دادەنێن. بەمەش نۆستالیژیایەکی سوتێنەر دەبێتە نۆڕمی بنچینەیی و وەک ڕایەڵێک لەبونیادی شارەوە بە هەناوی مێژوودا تاکو ئێستای سەرهەڵدانی تەکنۆ-شارەکانی درێژدەبێتەوە.

**داگیرکردنی شارییەکان (داگیرکردنی هۆشەکی):**

لەبەر ئەوەی مەزەندەی مێژووی زیاتر لە ٧٠،٠٠٠ساڵ بۆ ئاوەدانیی شاری هەولێر دەکرێت، لە (٢٣٧١-٢٣١٦ پ.ز)یەوە ئاراستەبوونی ئەکەدییەکان لە شێوەی ئاراستەبوونی داگیرکاری جوگرافی بەرەو هەولێر دەستپێدەکات و ئەم پەلامار و مرخلێخۆشکردنانە بە پەلاماری یەکبەدوای یەکی گوتییەکان، سۆمەرییەکان، کاشییەکان و ئاشوورییەکان درێژەی دەبێت تاکو بە پەلاماری عەرەبی ئیسلامی و عوسمانیی و سەفەوییەکان، پاشان بەریتانیاو دواجار عێراقی عەرەبی تا لە ساڵی(١٩٩١ز) بەکۆتادێت..یان با وا دابنێین بەکۆتادێت.

ئەم چاوتێبڕین و داگیرکارییانە بەدرێژایی زیاتر لەچوار سەدە وێڕای ئەوەی کاردانەوەی بەسەر گۆڕینی دیمۆگرافیای خاکی نەتەوەکانی ناوچەکەو پەرتەوازەکردنی خەڵکی و پیادەکردنی مۆڕاڵی کوشت و بڕی مرۆڤەکانەوە هەبووە، هاوکات کاردانەوەی ڕیشەییشی هەبووە بەسەر گۆڕینی مۆڕاڵ و ڕوانگەی دانیشتوانی شار و سازاندنیان لەگەڵ ئەو بنەما بیری وهۆشەکییانەی بنەمای بڕوای خۆیانن.

ڕۆشنترین نموونەی «داگیریی هۆشمەندی» شارییەکانی هەولێر لەماوەی داگیرکاری جوگرافیدا،نموونەی داگیرکاری ساڵی ٢٢ی کۆچی و هاتنی هەژموونی داگیرکاری ئایینی ئیسلام، بارگاوی بەپاشخانی نەریت و عەقڵیەتی دوورگەی عەرەبییە، کە ئێستاش هەروا درێژەی بەخۆی دەدات.

بۆ تڵۆنکردنی ئەم ڕوانگەیە لەنێو کۆی ڕووداوەکانی تری داگیرکاری دەبێت لەم پەیوەندییەوە بیخەینە بەرباس:

**ناوەندیەتی و پیرۆزی «Centrally & Holiness»:**

«هاتنی مۆڕاڵ»ی نەتەوەیی دورگەی عەرەبی، کە بە"فتوحات" ناوزەد دەکرێت بەشێوەیەکی چوارلایی و لە جوغزی داگیرکاریی «کۆلۆنیالیزمی ئیسلام» و سەرەنجام سەرهەڵدانی «فیودالیزمی دینی» ناوچەکانی دەوری خۆی گرتەوە، ئەم داگیرییە سەرشارە بەقەیران و جەهالەتێکی ناوەکی و نۆڕمێکی چەکدار و لەشەڕ، گەڕانەوە بۆ وەڵامی پرسیاری بۆچی ئایینی ئیسلام بە زمانی عەرەبی و بۆ زۆنی نەتەوەی عەرەب هات، ئەو ڕاستییەش بۆ ئێمە بەیان دەکات، کە مۆڕاڵی عەرەب مۆڕاڵێکی خەستە و کیمدارە بە عەقڵیەتێکی نەگۆڕ و جەهلزەدە. ئەوەی لەوکاتەوە تا ئێستا و ڕەنگبێت لە بەشێکی داهاتووش سەنتراڵی شاری هەولێرە: «دین»ە بەشێوازە ئایدۆلۆژییەکەی، «جەهل»ە لەودیوی مەعریفەی نمایشیی، «دۆگمایی»ـە لەجەوهەری ئەو ڕووکارە گەشەکردوو و مۆدێرنەی، کە زۆرێک لەناگەهانییەوە ئومێدی خۆیان لەسەر هەڵدەچنن و پێیانوایە « ئەمەیە خۆشبەختی!»، ترسناکترین بارێک، کە دوابەدوای خۆسەپاندنی نەریتی عەرەبی بەسەر شاردا ڕوودەدات، پەیڕەوی لێکردنی شارییەکانی هەولێر لەو نەریتە، پەیڕەویکردنێکی خۆویستانە و هەڵبژاردەیە.

**پەیڕەویکردن لەخۆ-کولتوور(بنیادی بنەماکانی کلتوور)**

لە پێکهاتەی کۆمەڵی شاردا، یان ڕاستتر بڵێین لەخێزانی تیرەی کلان(تیرەی بنەچەی خێڵ)ی نیشتەجێ لە سایەی شارەکانی مۆدێرنیتەدا، بیرکردنەوە لەبونیادی کەلتووری خۆ، وەردەچەرخێتە سەر تەبابوون لەگەڵ ئەو شێوازو ڕەفتارانەی کە نەریتی عەرەبی پەسندیان دەکات، ئەمە لەکاتێکدایە کەنەریتی عەرەبی ئێستاش پەیڕەوی لەجەهل و خێڵەکیی خۆی کە بەر لەئیسلام پایەداربوو، دەکات. نەریتێکە دەرهاویشتەی بیرێکی بیرکەرەوە نییەو پشتی نەبەستووە بەپاشخانێکی فیکری، کە خەرمانە بیری چەندین سەدەی مرۆڤایەتییە.

من لەگەڵ ئەو گوتەیەدا تەبام، کە پێیوایە کاتێک بنیادی فەلسەفەی گشتی خەڵک، مۆڕاڵ و ڕوانگەی هاوبەشی کۆی جڤات دەنرێت، مۆدێلێک پێویستە بۆ لاساییکردنەوەیەکی ڕوونبینانەو هۆشدارانە، بۆئەوەی بەچاوتێبڕین لە وەدەستهاتووەکانی ئەم مۆدێلە بۆ خۆی، ئێمەش بتوانین بەشێوازی خۆمان، لەهەناوی بۆ شیاوی خۆمانەوە کۆمەڵگایەکی هۆشدار و ستاتیکی پێکبهێنین. بەڵام ئەم ڕێکارە نابێت ئاراستەی هەڵبژاردنێکی چەوت و قەیراناویمان بکات، پەسندکاری و بەمۆدێلزانینی کلتوورێکی هاوشێوەی کلتووری عەرەبی بۆ بنیادی کلتووری خۆ، ئاماژەیە بۆ تاکچاوی و نادیدەگرتنی بڕیاری ئەقڵ و فەرمووکردنە لەهەڵ و ناهەڵی ئەم کلتوورە لەگەڵ پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردی خۆمان. ئەم قسەیە چەپەردانان نییە لەپێشدەمی کاریگەری شارستانییەکانی تر و ڕەتکاری بێت بۆ هەموو ئەو نەریتانەی، کە دەشێ پەیامێکی جوان و تازەیان پێبێت بۆ سەربارکردنی پێکهێنانی کلتووری خۆمان، بەڵام هۆشداریمان بە کلتووری عەرەبی و چۆنییەتی زاڵبوونی لە شێوەی زاڵبوونی "بەسەر لقەزمانەکانی سامی، زاڵبوون بەهۆی کارتی خاوەنداریی لە پەیامبەرەکان و کتێبە ئاسمانییەکان (قورئان)، زاڵبوون دوابەدوای هەرەسهێنانی بەشێک لە ئیمپراتۆرییەتەکانی هەرێمی، زاڵبوون بەهۆی ڕێژەی زۆری وڵاتانی عەرەبزمان" وا پێویستدەکات لەدووبارەبوونەوەی مێژووی نەهامەتییە نەتەوەییەکان بترسین، ئەگەر نا هەژموونی کلتوورەکانی ڕۆژئاوا لەسایەی جیهانگیریدا دیسانەوە سەرشارە بە ناهەڵی و قەیرانی بێبن و جەهالەتێکی بەرفراوانی جیهانگر.

لەم سۆنگەیەوە، یەکێک لەپێویستییەکانی بەرباس ئەوەیە، کە دوالیزمی قەیرانی بنیادنانی شار لەکوردستاندا بخەینەڕوو ئەوانیش" کلتووری خۆسەپێن و نەریتی ماوە*"ن، بۆ ئەوەش ناوی نانێین" کلتووری ماوە" لەبەر ئەوەی هێشتا بوونی کلتوور لەژێر شیمانەدایە و ئاسەوارێکی ماوە لەکلتوور لەئارادا نییە.

"نەریتی ماوە"یان بڵێین نەریتی بۆماوەیی قوڵاییەکی مێژوویی کۆمەڵایەتی هەیە و ڕایەڵەکانی دەگەڕێنەوە بۆ ئەو بنەما هاوبەشانەی کە شارییەکان لەسەری ڕێککەوتوون، ئەم نەریتانە بەقۆناغێک لەپێش کلتوورەوە دێن، ئەو قۆناغەیە، کە بنەماکان هێشتا کراوەن و شیاوی سەربارکردن و ئاراستەپێگۆڕینن. تیایدا هەموو پرسێکی کۆمەڵگا لەبەرباسە و شیاوی لەبارەگوتنە، بەمەش دەردەکەوێت کە لەو قۆناغەدا هیچکام لەم بنەمایانە نەخراونەتە ڕیزبەندی ئاست بۆ دانانەوە، بۆیە ئەم قۆناغە ئەو ئەرکەش وەئەستۆ دەگرێت و ڕاددە دەخاتە سەر بنەماکان، لێرەوە دەردەکەوێت کەقۆناغی بنەمادانان بۆ کۆمەڵگا پەیوەستی خۆی دەردەخات بە قۆناغی"خۆگوێزانەوە"ی کۆمەڵگا. مەترسییەکانی سەر ئاراستەکردنی ئەم بنەمایانەش لەپەیوەستبوونی قۆناغی بنەمادانان بە قۆناغی خۆگوێزانەوەی کۆمەڵگا ڕوونتر بەردیدە دەبێت و تێپەڕاندی ئەم قۆناغە بەدوور لەهۆشداریی و بەهەلزانینی بۆ خۆپێکهێنان، وێنەی پێکهاتەیەکی کۆمەڵی شێواو و بێ خۆکلتوور و دیاردەگەرا(ڕووکاری)ی وەک ئێستای شار لەکوردستان دەخاتە ڕوو. ئەم پێکهاتە کۆمەڵییە بەشارییبووە لەوپەڕی گەشەی ڕووکاری خۆیدا، هێشتا وەفادارە بە" نەریتی ماوە"ی کلانی خۆی، نەریتێک کە هاوشان لەگەڵ " کلتووری خۆسەپێن" دوالیزمی قەیرانی کلتوور پێکدەهێنن. وەفاداری شارییەکان بە" نەریتی ماوە" زیندوێتی پارادیمی کلانی مرۆڤ دەسەلمێنێت. کە ئێستا لەناو" تەکنۆ-شارەکان"دا دەبنە نموونەی ڕاستی ئەم ڕوانگەیەم. لەڕاستیدا ئەم دیمەنە(دیمەنی ژیانی پارادیمیای دێرین لەنێو ڤێللا و تەکنۆ-شارەکان) گومان دەخاتە سەر ئەو بۆچوونەی کە تەکنۆ-شار لێکەوتەی دایکە-شاری پارادیمی دێرینەکان بن، ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە تێکهەڵچوونێک لەنێوان قۆناغەکانی گەشەکردنی شار هاتۆتە ئاراوە، لێکجوداکردنەوەیان کارێکی نەکردە و نابێ دەبێت.! بەوەی کە ئێستای تەکنۆ-شارەکان ڕووکاری "ئەقڵی ئەشکەوتیی" سەردەمێکی مێژوویی شارن، کە ئێستا بەیەکەوە دوالیزمی "ڕووکارو جەوهەر"ی شار پێکدەهێنن.

پێویستە لێرەدا ڕەخنە لەدروستبوونی تەکنۆ-شارەکانی هەولێر بگرین، نەک بۆ ئەوەی خواستمانە ڕەتی گەشەکردن و قۆناغبڕینی دایکە-شار بکەینەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی بڵێین ئەم شێوازە هەڵەیەکی جوگرافی و بونیادی هەیەو ناکرێ لەبەرچاو نەگیرێت.

لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی کەس و خێزانەکان و ئاوسانی ناوەندی شار بەجەنجاڵی گردبوونەوەی دانیشتوان وایکرد کەناری شارەکان، کە تا ماوەی پێش دروستکردنی تەکنۆ-شارەکان شوێنگەی بەرهەمە کورتماوەکانی دایکە شاربوون ببێتە شوێنی نیشتەجێبوون، ئەمەش بووە هۆی نەمانی خۆرەی پێویست بۆ ژیاندنی دایکەشار لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە دووربوونی دانیشتوانی تەکنۆ-شارەکان لە شەپۆلە کۆمەڵایەتییەکانی دایکە-شار و سەرهەڵدانی شێواز و نۆڕمێکی تر لەنێوان ئەو کۆمەڵە خێزانانەی کە لەتەکنۆ-شارەکاندا دەژین. وێڕای ئەمە، پێوەرەکانی بنیادنانی تەکنۆ-شارەکان ناکۆکن لەگەڵ پێوەرە بنەڕەتییەکان بۆ دروستکردنی شوێنگە یان یەکەی نیشتەجێبوونی دانیشتوان، هەم بەهۆی ئەوەی ڕووبەری کشتوکاڵی، کە یەکێکە لەپشتێنە نزیکەکانی بەرهەمهێنانی خۆراک بۆ دانیشتوانی شار ناهێڵێت، هەم لەڕووی داگیرکردنی ڕووبەری زۆر، هەروەها (نەریت، ئاسایش و سەلامەتی، گەیاندنی خزمەتگوزاری هەمەجۆرو کەمکردنەوەی تێچوون) لەبەرچاونەگیراون.

ئەوەی مایەی دڵنیاییە ئەوەیە، کە شار لەکوردستان بەدرێژایی قۆناغەکانی خۆی نەیتوانیوە شوناسێک بۆخۆی دەستنیشان بکات و پێیەوە بناسرێتەوە، ڕەنگە هەموومان ئەوە دەزانین کە هەرشارێک جۆرێک لە ئاوەڵناوێکی هەیە، بەڵام ئەمانە ئاوەڵناون، ئاوەڵناوی ئایدۆلۆژی و بارگاوین بەکۆمەڵێک هەڵچوونی هوتافئاسا، هەموو ئەو ئاوەڵناوانەی کە پێمان وابێت شوناسن بۆ شارەکان، لەڕاستیدا هەموویان دیاری سەردەمەکانی جەنگ و ئەقڵیەتی لەشەڕی کۆمەڵین،ناکرێ دە هەڵەبکەوین و بڵێین ئەو ئاوەڵناوانە شوناسی دۆزراوەی شارەکانن. بۆیە ئەوەی بەدیدەکرێت دیارنەبوونی شوناس لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە ئامادەیی جەهلێکی هاوردەکراوە لەتوێی «کرانەوە بەڕووی دنیا»، « بەمۆدێرنیتەبوون»، «گەشەسەندن»! ئەمانە بێماناترین زاراوەی سەر زمانی هەموو ئەو هێزە ترادسیۆن و نەریتپارێزانەن، کە سەررەقانە بەرگری لە مانەوەی «ئێستا» دەکەن وەک خۆی، وەک ئەو نەریتە ڕواڵەتخوازییەی، کە لەناو کۆیدا سەرشارە بەقەیران. ئەوەی مایەی ترسانیشە لەم کرانەوە ڕواڵەتییە و ئەو بەرگرییە شاراوەیە، ئەوەیە کە هەمیشە لەودیوەوە، لەناوکۆی کرانەوەدا هێزی ترادسیۆن خۆی مەڵاس داوە، جەهل و بیرنەکردنەوە بەرکەماڵن، هەموو ئەو چەمکانەیش کە دەشێ لە ڕێگەی مانای ڕاستەقینەی خۆیانەوە خزمەتێک بە پرسی دەرچوون لەقەیرانی مۆدێلی ئێستاشی شارسازی بگەیەنن، کەچی هەمان ئەو چەمکانە خاڵی کراونەتەوە لەمانا، بێبەها لە خزمەت ڕواڵەتسازی بەکاردەهێنرێن.

یادەوەری

# ئیتر کورد رەنگ نییە مەسئولیەتێکی دەست بکەوێ، رۆژانی رابردووی لەبیرنامێنێ بۆ خزمەتکردن بەخەڵکی خۆمان



حاجی مەمۆ

لــە بەهاری ســاڵی ١٩٧١ دا، لە رێگای هاوپۆلێکم لە بەشــی کــوردی زانکۆی بەغــدا، هاشــم حوســێن مەخموریدا، بــەوە ئــاگادار بووم، کــە لەو رۆژانــە دەســتەیەک قوتابی کــورد لەکۆلیجی ســەربازی بەغــدا وەردەگیرێــن و خــودی خۆی خەریکی ئەوەیە . بەپەلە گەڕامــەوە گوندو لەگــەڵ ئامۆزایەکەم (محەمەد عەزیز ) دووبارە ســەردانی ( سمکۆ عەلی ) مان کردەوە و هەواڵی جێبەجــێ نەبوونــی دامەزراندنەکــەی بەغــدام پێڕاگەیاند و گوتی: ئیتر کورد رەنــگ نییــە مەســئولیەتێکی دەســت بکەوێ، رۆژانی رابردووی لەبیرنامێنێ بۆ خزمەتکردن بەخەڵکی خۆمان. زۆر دڵــی دامــەوە و لیــرەدا ئامۆزایەکــەم فرسەتی هێنا و گوتی: کاک سمکۆ ئەوە کۆلیجی ســەربازی بەغــدا، قوتابیانی کورد وەردەگرێ، بەڵکو لەو بارەیەوە هەولێکــی بــۆ بــدەی . ئەویش زۆر بەگەرمی قســەکەی وەرگرتەوە و پێی گوتم کە سبەینێ زوو، خۆم ئامادەبکەم و لەگەڵ خۆی دەمبــات بۆ لقی دووی پارتی لە هەولێرو لەوێ لە لق لەســەر راســپارەدەی خۆی، پسولەی پاڵاوتنم بۆ بکەن بۆ لقی پێنج لە بەغدا . چونکە ( ســمکۆ ) هــەر لــە رێــگای خزمانی خۆمــەوە، بــەوە ئاگاداربوو، کە مــن یەکێک بوومە لە هەڵسوڕاوانی یەکێتی قوتابیانی کوردســتانی سەر بەباڵی م . س ( جەلالــی ) و هەربۆیــەش خۆی بۆ لق لەگەڵم هات . بەیانی کە چووینە لق، لەسەرەتادا بەگەرمی بەخێرهێنانی منیشــیان کــرد، بــەڵام کــە دوایــی منیــان ناســی و زانییــان بۆچی کاک ســمکۆ لەگەڵم هاتووە، ســەرگرانییان پیشــاندا، بەوەی گوایە ئەوان بەشــی هەولێــری پاڵێوراوانی خۆیــان بۆ لقی پێنــج رەوانکردووە. کەچی سمکۆ بە راشــکاوی رووی لە ئــەو ئەندامانەی لــق کرد، کە لەگەڵمان دانیشــتبوون و پێی گوتن، من دەمەوێ هەر ئێســتا بە نامەیەکی مۆرکراوی لق، تەزکیەکی بۆ بکەن بۆ لقی پێنج و لەسەرمنی بژمێرن . ئــەوە بــوو بەخێرایی پســولەکەیان ئامادەکردو سمکۆ بەخۆی خوێندییەوەو دایە دەست من و بۆ بەغدا گەڕامەوە . شەوەکەی چوومە لای هاشم حوسێن و بــۆی باســکردم ئەوان هێشــتا هەر ناویان نەگەیشــتۆتە لقی پێنج . بەیانی دانــی ئێوارە بەیەکــەوە چووینە لقــی پێنــج، کــە ئەو کاتە لــە جادەی ( ابو نواس ) بوو . ســەیرمانکرد ناوەکانی هەولێر گەیشتووە و منیش پسولەکەی خۆم پێدان و کەسیان منیان نەدەناسی، دروســت ناوەکــەی من کەوتــە ریزی پێشــەوەی ئەو لیســتەی بــۆ کۆلیجی ســەربازی روســتمییەیان نــارد و پــاش چەند رۆژیک بــۆ موقابەلە بانگ کرایــن، کــە ئــەوەی لەبیرم مابێــت (نەوزاد رەفعەت) یشــمان لەگەڵ بوو لەگــەڵ چەنــدان خوێندکاری دیکــەی کۆلێجەکانــی زانکــۆی بەغــدا، هەتــا لەدەمی تاقیکردنەوە زۆروزەبەندەکانی موقابەلەکەدا، سەیرمکرد دوو هاوڕێی دیکەی ئەڵقەسەرەتاییەرۆشنبیرییەکانی کۆمەڵەشی تێدا بوو، بەناوی ( ئیبراهیم ) و (کامــل کەریم ) کــە هەردووکیان خەڵکــی کەرکووک بوون . موقابەلەکە چەند رۆژێکی دەخایەند، بەڵام بۆ بەندە لەدوای تاقیکردنەوە وەرزشییەکان، من لە تاقیکردنەوەی پشــکنینی پزیشــکی ســەرنەکەوتم، کــە پــەردەی یەکێــک لەگوێچکەکانــم کون بوو . ئــەوە بوو لەوێش بە نائومێدی گەڕامەوە و تا بڵێی بێزارو کەم حەوســەڵە بــووم . ناچار دوای ئەو هەولدانە ســەرنەکەوتووەم، بەتەواوی گەڕامەوە سەر خوێندنەکەم لە بەشی کوردی و ملم دایە.

لەو ڕۆژانەی دەســتم بەخوێنــدن کرد لە بەشــی کــوردی زانکــۆی بەغــداد، لەســەرەتاوە وەک چالاکوانێکــی ڕیزەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەناو قوتابییەکان دۆســتایەتیم لەگەڵ زۆربەی قوتابییــەکان هاوڕێیانە بوو، بەتایبــەت ئــەو هاوڕێیانــەی پێشــتر یەکترمــان دەناســی، چ لەڕێگای حیزبایەتــی و چ لەبــواری هاوبیری و هاوخەباتی پێشــووتری ناو شــاری هەولێــر . هەندێک لــەو پەیوەندییانــە زۆر خەست و تایبەتی بوون، بەتایبەت لەگــەڵ هاوڕێیان عەزیــز مەحموود ( ناســراو بە مامۆستا عەزیز کە یەکێک بوو لەو هاوڕێیە کۆڵنەدەرانەی لە ڕۆژە ســەختەکانی ژیانــی کۆمەڵە لــەدوای ســاڵی ١٩٧٥ دا و لەشانی کاک ئارامی نەمــردا، جوامێرانــە لەشاروشــاخدا نموونــەی قوربانیــدان و نەبــەردی بــوو . لەشــار کادێــری چاونەترس و هەڵسوڕاوی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی خەباتی ژێرزەمینی بوو، لەشاخیش، کە ببووە ئەندامی ســەرکردایەتی یەکێتی نیشــتمانی کوردســتان، تاکــو رۆژی گیرانــی لەلایــەن دەزگای ســیخوڕی ڕژێمــی بەعــس لەســاڵی ١٩٧٨ لەناو شاری سلێمانیدا، ڕۆڵەیەکی گیانفیداکار بوو و لەکۆتایی ئەو ســاڵە لە زیندانی موســل لە ســێدارە دراوە . و یاسین ئەنوەر ( ناسراو بەیاسین کەرکووکی تاســاڵی ١٩٧٢ ئەندامێکــی چالاکی کۆمەڵە و هەڵســوڕاوێکی گورجوگۆڵی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بوو لەناو قوتابیانی کوردی بەغداد و زانکۆکاندا . لەو ســاڵەدا لە رووداوێکی دڵتەزێنی ترومبێلــدا لەڕێــگای نێــوان بەغــدادو کوت گیانی لەدەســتدا . ) ئەرســەلان بایــز ( خەڵکــی هەولێــر و ئەندامێکی ســەرەتاکانی کۆمەڵــە و لەریزەکانــی قوتابیان ئەکتیڤ بوو، هەنووکە جێگری ســەرۆکی بەرلەمانــی کوردســتانە و ئەندامــی م. س /ی یەکێتییــە) کــە هەرســێکیان دوو ســاڵی خوێنــدن لە پێــش منەوە بــوون . لەپاڵ ئەوانــەوە هاوڕێــێ قۆناغی خوێندنــی ئامادەییم ســەباح عەبدوڵلا کۆیی، کە سەرباری ئەوەی ئەو لەبەشــی زمانــی ئینگلیزی بوو، بــەڵام لەگەڵ ئــەوەی توخونــی سیاســەت و رێکخســتن نەدەکــەوت، ســێ ســاڵی خوێندنمــان لەبەشــی ناوخــۆی قوتابیــان بەیەکەوە لەیــەک ژوور بەســەربرد ( سەباح خۆی ئەوێ زەمان لەپاڵ خوێندنی زمانی ئینگلیزی، هونەرمەندێکــی دەســت ڕەنگینــی هونــەری نیگارکێشــان بوو، لەســاڵی ١٩٨١ ەوە بــۆ خوێندن چووە ئەمریکا و ئێســتا لەو وڵاتە پرۆفیسۆری زمان و ئەدەبی ئینگلیزییە و بەهەمان رەنگ و بۆی ڕۆژانی خوێندنی زانکۆی بەغداد، بەدرێژایی ئەو هەموو ســاڵە، هەرگیز پەیوەنــدی هاوڕێیەتیمــان نەپچــڕاوە . ) هەروەهــا هاوڕێیانــی وەک وریــا خدر و شــێرکۆ فەتحوڵلا ( ناسراو بە دکتۆر شێرکۆ کە هاوڕێیەکی دڵسۆزی کۆمەڵــە و تەمەنــی خوێنــدنم بــوو، دوای وەرگرتنــی بڕوانامــەی دکتــۆرا لــە وڵاتی بولگاریا لەســەر مێــژووی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەوڵاتی بەریتانیا نیشتەجێ بووە و قەت لەبیرم ناچێتەوە، لەســاڵی ١٩٨٨ دا کــە بەندە بەناچــاری پەڕاگەندەی وڵاتــی تورکیا ببووم، ســەرباری بەدەنگەوە هاتنم و بەتەلەفۆن پێــی گوتم، ئەگەر خۆشــم بفرۆشــم، لێناگەڕێــم پەکت بکــەوێ. داخەم لەتەمەنێکی زوودا بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد و لەئاوارەیی سەری نایــەوە ) و بەهزاد ئیســماعیل ( پێش چەند ساڵێک بە نەخۆشی کۆچی دوایی کــردووە ) لەگــەڵ محەمــەد غەریب ( لەساڵی ١٩٨٢ دا کۆچی دوایی کردووە ) رزگار عەبدولــڕەزاق و عرفــان مــەردان کەرکووکــی و کامــل کەریم کەرکووکی ( لەســاڵی ١٩٧٩ لەشاری مهاباد لەرووداوێکی ناخۆش کوژراوە ) هەموویــان وەک چەپکــە گوڵێک لەو چەند ساڵەی تەمەنی خوێندنی زانکۆدا، هاوڕێــی گیانی بەگیانــی یەکتر بووین . ناکــرێ لیــرەدا یــادی کاکە عومــەر رەواندزی لەبیر بکەم ( کە یەکێک بوو لەو هاوڕێیانەی ئەڵقە ســەرەتاییەکانی دیراســی کۆمەڵە، بەڵام مەرگی کتوپڕ لەساڵێ دووەمی کۆلێج بەری لێگرت و بەزوویی جوانەمەرگ بوو . ) هەروەها برادەرانــی نموونەی نــەوزاد رەفعەت و شــەریف محەمــەد و ئیســماعیل کۆیــی و ئازاد خۆشــناو ( کــە یەکێک بوو لەو رۆڵە تێکۆشــەرانەی لەســاڵی ١٩٧٤ لەگەڵ لەیلا قاســم و هاوڕێیانی تر لەلایەن رژێمــی دیکتاتۆری بەعس لەســێدارە درا ) و رەشــاد ســەبری ( کە ئێستا مامۆستای زانکۆیە لەهەولێر ) و عزەدیــن رەزا و دەیانــی دیکە، کە لەم دەرفەتە ناوەکانیانم لەبەر دەســت نییە .

بەشی چل و دوو

# عەلی حەسەن مستەفا: شەڕی دوورودرێژی دووبەرەکی کە چەندین جار ڕووبەڕووی یەکتر دەبوونەوە ئەگەر بەراوردی وردبینانەی بکەین ئەوا بۆمان دەردەکەوێ کە زیانەکانی چەندجارەبوو



عەلی حەسەن مستەفا

**هۆکاری پەیدابوونی دووبەرەکی لەناو شۆڕشی ئەیلوول:**

لەسەرەتا شۆڕشی ئەیلوول لەسەردوو هێــڵ درووســت بــوو، هێڵــی یەکەم مەکتەبی سیاسی،کە جەماوەری بوون، هێڵی دووەم سەرەک عەشیرەتەکان و خاوەن موڵکــەکان بــوون، کە لەگەڵ شــۆڕش بــوون (مەلا عــەولا)، کە بە مەلا (مانتۆر) ناســرابوو لێپرسراوی جەبهەی عەســکەری ناوچەی سەفین بــوو، ئەندامــی لیژنــەی مەرکەزیش بــوو، لەگەڵ شــەهید مەحمود کاوانی رکابەریان لەنێواندا پەیدا بوو، شەهید مەحمودیش دەچوو بۆ لای مەلا مستەفا بارزانی و شکاتی لێدەکرد، بارزانیش نــاردی بەدوای مەلا عەولا، بەڵام مەلا عــەولا نەچوو بەدەم داواکەی، ئەوەی لەهەڤاڵانم بیســت ئەمری گرتنی درا، ئەویــش ڕایکرد بۆ ناوچــەی ماوەت، گرژییــەک دروســت بــوو لــە نێوان بارزانــی و مەکتەبــی سیاســی ئینجا پەیتاپەیتــا پروپاگەندەیان لەدژی یەک بڵاودەکــردەوە لەنــاو پێشــمەرگە تا گەیشتینە ســاڵی(١٩٦٣)، کە ئینقلابی بەعسییەکان بوو بەسەر عەبدولکەریم قاسم، گفتوگۆ لە نێوان بەعسییەکان و سەرکردایەتی شۆڕش دەستی پێکرد، بــەڵام بەعس ئــەم گفتوگۆیانەی هەر بۆ خۆبەهێزکردن و ســەرکەوتن بوو بەسەرشیوعییەکان، ئەو شیوعیانەی کــە دەربازیــان بــوو، پەیوەندیــان بەشۆڕشــی کــورد کرد. دوای ســێ مانــگ لەگفتوگــۆ بەعس دەســتی بە هێرشــەکانی خــۆی کــرد، هێرشــی یەکەم بۆســەر چەمی ڕێزان بوو، کە مەقەری عەسکەری مام جەلالی لێبوو، هێزی پێشمەرگە کشایەوە بۆ ناوچەی ســەرگەڵوو و بەرگەڵــوو. هێرشــی دووەمیان بــۆ ناوچەی بــارزان بوو، کە لەو کاتەدا مەکتەبی سیاسی لەگەڵ مەلا مستەفا لێک جیا نەبوونەوە، بەڵام یارمەتی یەکتریان نەدەدا لەهێرشەکانی دوژمن. کاتێک کە بارزان گیرا، شــێخ ئەحمەدی بــارزان لەگەڵ حکومەتی بەعــس ڕێککــەوت دژی پێشــمەرگە، کە ناوچەی بارزان بپارێزێ و نەیەڵێ هێزی پێشــمەرگە بێتە ئــەو ناوچەیە. ئــەوە حاڵــی شــۆڕشــی کــورد بوو. بــەڵام حاڵی بەعســییەکانیش لەگەڵ عەبدولسەلام عارف ناکۆکیان هەبوو، کــە گەیشــتە ئــەوەی عەبدولســەلام عــارف لەســاڵی(١٩٦٤)ئینقلابی لەســەر بەعســییەکان و حــەرەس قەومــی بــکات پــاش چەنــد ڕۆژێک وەفدی عەبدولسەلام ســەردانی مەلا مســتەفایان کرد بۆ مەبەســتی شــەڕ ڕاوەســتان و گفتوگــۆ کــردن، ئــەو کاتەش گرژی بەینی مەکتەبی سیاسی و بارزانــی زۆر تــۆخ بــوو، وەفدیان بەبەردەوامی بەیەکەوە دادەنیشتن بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک، بەڵام زۆر کەس دەســتی هەبوو لەو پشــێوییە و نەگەیشــتنەوەیەکە، مەلا مستەفا لە گــەڵ حکومەتــی عیراق بەیانی شــەڕ ڕاوەســتانی ئیمزا کرد، بەیانەکە زۆر بەنــدی لاواز و ســادە بــوون، هیچی بۆ کورد تێدا نەبوو، ڕێگایەک بووەوە بۆ بەربەرەکانێی پارتی لەلایەن پیاوە کۆنــە پەرســتەکانی کــورد و عەرەب دەیــان ویســت چــۆن بەعسییەکان شــیوعییەکانیان تێکوپێکیدا بە هەمان شــێوە دەیانویســت ئاوهــاش پارتی دیموکراتی کوردستان لە گۆڕەپانەکە وەدەرنێــن، هەندێــک لــە ســەرۆک عەشــیرەتەکانی نــاو ڕیزی شــۆڕش پشــتگیری مەلا مســتەفایان دەکرد و هەروەهــا کــوردە شــوعییەکانی ناو شۆڕشیش دەوری خراپیان هەبوو بۆ دووبەرەکــی، ئەوە بوو چەندین مانگ گفتوگۆیەکە بــەردەوام بوو دەرکەوت کە عەبدولسەلام نیازی بوو پارتی لەناو بەرێ، بەهەمان شێوە سەرۆک بارزانی و چەند ســەرۆک هۆزێک هێرشــیان بردە سەر مەکتەبی سیاسی، ئەوانیش بەرگریان نەکرد و پاشەکشەی ئێرانیان کرد، پاش نزیکەی ســاڵێک مانەوەیان لەوێ شــای ئێران ئاگاداری کردنەوە، کــە دەبــێ بگەڕێنــەوە کوردســتانی عێراق شەڕ هەیە، ئەوە بوو ئەوانیش لەڕێگای د. کامــەران بەدرخــان و عیســمەت شــەریف وانلــی و چەنــد دڵســۆزەکی تر پەیوەندیان بە بارزانی کــرد بۆ ئاشتبوونەوە و گەڕانەوە بۆ کوردســتان و مەلا مســتەفاش قبوڵی کــرد، پێشــمەرگەکانیش گەڕانــەوە. بارزانی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ڕەوانەی لای عەباســی مامەند ئاغای ئاکۆیی کــرد بۆ ئــەوەی چاوەدێریان بــکات، ئەوەبوو لە ســاڵی١٩٦٦ عەلی حەمەدییان بانگکرد بۆ سەرکردایەتی بۆ لای مەلا مســتەفاو چارە نووســی نادیــار بــوو، بۆیــە جەمەعــات دۆڵەڕەقەیــان بەجێهێشــت و ڕوویان کــردە چەمــی ڕێزان، پەیوەندیــان بەهێزەکانی خۆیانەوە کرد ئینجا شەڕە نەگریسەکە دووبارە بووەوە، ڕژێمی عێراقیش هەروەکو کێشــەی هەردوو عەشیرەتی هەرکی و زراری بە هــەمان شێوە پشتگیری هەردوولایەنی دەکرد، بەمەش هەردوو لایەن دەســتیان کرد بە گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێم، پاشــی چەند ڕۆژێــک بەیاننامەیەک لــە ئێزگەکانی ڕژێم خوێندرایەوە بەناوی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران ساڵی١٩٦٧ بەپێی ئەم بەیانە ئاگر بەست کرا لەنێوان حکومەت و بارزانی، کە جەماعەت دۆڵەڕەقەیان بەجێهێشت هەر بەو شەوە تراکتۆریان هێنا بۆ گواســتنەوەی خۆیــان و کەل وپەلەکانیــان بۆناوچــەی خەڵــەکان، لەوێش بۆناوچەی دەشتی کۆیە.

**دوابــەدوای بەیاننامــەکان چارەنوسی کورد بەچی گەیشت؟**

شــەڕی دوورودرێــژی دووبەرەکی کــە چەندین جار ڕووبــەڕووی یەکتر دەبوونەوەوەئەگەربەراوردیوردبینانەی بکەیــن ئەوا بۆمــان دەردەکــەوێ کە زیانەکانــی چەندجارەبوو، لەوانەش دووهێزی شۆڕشگێری کورد بەرامبەر وەستابوو، هەروەها ئەوەی دەکوژراو و تووشی زیان دەبوو کورد خۆی بوو هەروەهــا هێزی داینەمۆی شــەڕەکە، کــە هێــزی بیانــی بــوو زۆر بەهێزتر بــوو لە هێــزە کوردییــەکان لە رووی دارایــی و سیاســی و چەک و ....هتد شــەڕەکان درێژەیان کێشا تا گەیشتە بەیانی ١١ی ئازار، کە بارزانی و رژێم لەسەری ڕێک کەوتن خودی بەیانەکە شتێکی باش بوو، ئەگەر لەگەڵ هێزێکی نیشتمانی عێراقی راســتەقینە بووایە، بەڵام بەهۆی کەسانی کەمتەرخەم لەناو شــۆڕش بەیانەکە بێ ئەنجام مایەوە تاوەکو ڕژێم فرســەتی هێنا و شــەڕی دژی کورد هەڵگیرساندەوە، هەر لەبەر ئــەو هۆیە بوو، کە ماوەی چوارســاڵ داندرا بۆ جێبەجێنەکردنی بڕیارەکە. لــەو ئــان و ســاتەدا ســەرکردایەتی مەکتەبی سیاســی زۆر بــە هێز بوون بەڵام لەبەر پەرۆشیان بۆ مەسەلەی کورد ویستیان لەگەڵ مەلا مستەفا پێک بێن و کۆتایی بەم دووبەرەکییە بهێنن، زۆر لەدڵســۆزانە پیاوچاکانــی کــورد بەشــداریان کرد لەم ئاشتبوونەوەیە، بەتایبەتــی خواڵێخۆشــبوو دکتــۆر کامــەران بەدرخان دەوری ســەرەکی گێرا، کــە کۆبوونەوەکە کرا هەردوولا ناویان پارتی دیموکراتی کوردســتان بوو، لەئەنجامی کۆبوونەوەکە مەکتەبی سیاسی بۆنەهێشتنی ناکۆکییەکان ناوی خۆیان گۆڕی بۆ حزبی شۆڕشگێڕانی کوردستان، دوای ئەم ڕێکەوتنە هەموو کورد دەستخۆشــی لێکردن، بەمەش ئەندامانی مەکتەبی سیاســی گەڕانەوە ناو پارتــی دیموکراتی کوردســتان و دەستیان کرد بەکاری سیاسی زۆریان لێپرسراوێتیان پێ ســپێردرا، بەڵام لە ئاستی نزم، بــەڵام ڕژێمــی عێراق و شای ئێران ئەم ڕێکەوتنەیان بۆ هەرس نەدەکــراو زۆریــان بەلا قــورس بوو، چونکە بڕوایان بەوەنەبوو، کە ئەم دوو هێزە ئاشــتبببنەوە، چوار ســاڵ بەیانی یازدەی ئازار هیــچ هەنگاوێکی بەرەو پێشی تێدا نەبوو، لەهەمان کاتدا ڕژێم چەندین کاری نابەجێ و ناشایســتەی ئەنجامدا، وەکو پیلانی هەوڵی کوشتنی بارزانــی و ئیدریــس بارزانــی لەڕێی نۆکەرانییەوە، تا کار گەیشــتە ئەوەی چوار ساڵەکە تەواو بوو و هیچ بەهیچ نەکرا، هێرشــی ڕژێم بۆ ســەر کورد دەستی پێکرد، هەردووهێزە کوردییەکە هاوشان بوون بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕژێــم، بەعس و شــا کەوتنە گفتوگۆ، هەندێــک لــە وڵاتــە عەرەبییــەکان هاوکاریان بوون، بەوەش پەیماننامەی جەزائیری شــووم مۆرکرا، دەقی ئەو پەیمانە ئەوەبوو، کە شای ئێران دەست لە یارمەتی شۆڕشی کوردان هەڵبگرێ و شوعییەکانی عیراقیش، کە چەکداری بەعس بــوون، ئەوانیش چەک بکرێن، سەدام حوسێن ڕازی بوو بە داواکانی شــاه لــە کەنــداودا، ڕۆژی دووەمــی ڕێکەوتنەکــە هێزەکانــی ئێران کــە پاڵپشتی شۆڕشــەکەی ئێمەیان دەکرد گەڕانەوە وڵاتی خۆیان لەســەر داوای شاه، ئەوەی من ئاگادار بووم بارزانی لە بەرامبەر بە شاه دانی بەوە دانا، کە بەرژەوەندی کورد لەگەڵ بەرژەوەندی خەڵکــی ئێرانە، بــەوەش داوای چەک دانانی لە هێــزی رزگاریخوازی گەلی کوردســتان کرد و پێمانی گوت گشت هێــزی پێشــمەرگە و خەڵکی ئــاوارە ســەر پشــکن لەمانەوەتــان لــە ئێران یــان گەڕانەوەتان بۆ کوردستانی بن سێبەری عێراق، کۆمەڵێک لەدڵسۆزان هەوڵیاندا کوردستان بەچۆڵی بەجێ نەهێڵن و لەســەر چیا سەرکەشــەکان بمێننــەوە ئەگــەر توانــای بەرگری و شەڕیشــیان نەبــێ تەنها بۆ ســەر لێ شێواندنی ڕژێم. بەڵام هەوڵەکانمان بێ ئــاکام بوون وڵاتەکەمــان چۆڵ کرد و تەنانەت تاکە کەسێک ڕێگەی پێنەدەدرا بە چەکەوە بمێنێتەوە. ئینجا سەرەتای بەرنامە درێژخایەنەکەی بەعس دەستی پێکرد، ئەویش وەکو هەنگاوی یەکەم ڕاگواستنەوەی گوندنشینان بە قووڵی ٣٠ی کیلۆمەتــری ســنووری لەگــەڵ ئێران لە تەواوی ناوچە کوردنشینەکان کەوتە وێــزەی خەڵکی ڕەش و ڕووت بــۆ ئــۆردوگا زۆرەملێیــەکان، خەڵکی لەئەنجامی ئــەو شکســتە گەورەیەی بەسەر کورد داهات زۆرینەی گلەییان لە بارزانی دەکرد چونکە باڵی مەکتەبی سیاســی تــەواوی ئیش وکارەکانیان خســتە بەردەســتی بارزانی هــەر لە ڕێکەوتنی نێوانیــان دوابەدوای بەیانی ١٩٧٠ و هەتاوەکو کار گەیشتە ئەوەی کە بڵاوە بە شۆڕشەکە بکرێت، بەمەش گلەیی خەڵکەکە لەسەر بارزانی لە زیاد بوون دا بوو، چونکە هەبوونی هێزێکی کوردی ساز و ئامادە و نەبوونی هیچ دووبەرەکــی و گوێڕایەڵــی تــەواوی پێشمەرگە بۆ ســەرکردایەتی بارزانی چاو پۆشــی کــردن لــە هەندێکاری نابەجــێ لەبەر بەرژەوەندی نەتەوەیی و لەهەمان کاتدا توانای مادی شۆڕش و ورەی جەمــاوەر و پێشــمەرگە زۆر بەهێز بوون، دوای ساڵێک لە هەرەس چەندان لاوی خوێن گەرم و شۆڕشگێر هاتنەوەگۆڕەپانــی خەبــات دەســتیان کردەوە بەچالاکی سیاسی وردە وردە چالاکی سەربازیش وەدەستیان کردەوە بەرێکخستنی حزبی و ڕێکخراوەیی و پەیوەندیکردنیان بە خەڵک و هەڤاڵانی شۆڕشــی ئەیلول کەمتمانەی زۆریان بــە هێــزی لەبننەهاتــووی گەلەکەیان هەبــوو. ئەوە بوو ڕۆژێک لەڕۆژەکانی ســەرهەڵدانەوەی شۆڕشی سیاسی و جموجۆڵی کادیران نێردراوێکیان هات بۆ ئەوەی من پەیوەندیان پێوە بکەمەوە منیش باســی گوزەرانــی خێزانەکەی خۆمم بۆ کرد پێم ڕاگەیاند کە لەلایەن خۆمــەوە هەرچیم لەدەســت بێــت درێخــی ناکەم. ئەویــش زۆر دڵخۆش بــوو وە بەهۆی منەوە پەیوەندی کرد بەزۆر کەسیتر کە دەوری جوامێریان هەبوو لە مەســەلەکان کە هەموویان خــاوەن ئەزمــوون بوون لــە خەباتی نەتەوەکەیان بەم شــێوەیە شۆڕشــی نــوێ گەلەکەمــان هاتــە بەرهــەم بە رابەرایەتــی یەکێتــی نیشــتیمانی کوردســتان و هاوپەیمانەکانــی، کــە ئەزموونــی شــەڕی مۆدێرنیان بەکار هێنــا بــۆ بەرەنگاربوونــەوەی هێــزە شــەڕانگێزە ملهوڕەکــەی بەعس، کە بەخوێنــی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان تینوو بــوو، بۆیــە دوژمنــی ســەرســەختی ی.ن.ک بــوون بەهەموو شــێوەیەک لــە ڕیشەکێشــکردنی دەگــەڕان گەورەتریــن تەکنیک و پیلانیان دادەنا بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو شۆڕشــە. بەڵام هێزی جەماوەری پاڵپشــتی و سۆزی گەلەکــەی لەگەڵدابــوو، بۆیــە تۆپ و تەیــارە کاریگەریــان نەبوو لەســەر گەشــەکردنیان. هەڵگیرسانەوەکە، کە لەسەر دەستی هەندێک لە شۆڕشگێڕە بەتوانــاو خــاوەن ئەزمــوون و چەند لاوێکــی تــازە پێگەیشــتوو لــە چوار چێــوەی ڕێکخــراوە گشــتییەکەی شۆڕشگێڕان و سۆسیالیست و کۆمەڵە بــوون بــە پاڵپشــتی ســەرۆک حافز ئەســەد بــوو، لەنــاوەوە و دەرەوەی ڕۆڵە ئازاکان بڵاوکراوەیان تەشــەنەی ســەند بــۆ دامەزرانەوەی شــۆڕش و هاتنــەوەی دڵسۆزان بــۆ ریزەکانــی نیشتیمانپەروەری، هەرچەندە هەردوو ڕژێمی بەعس و شــاه هەوڵی زۆریان دا بۆ بەردەوام بوون لەسەر ڕێکەوتنی جەزائیر و، بەمەش چەندان ڕۆڵەی زۆر بەتوانای گەلەکەمانیان گرت و کوشت، بەڵام شۆڕشــەکە زۆر لــە بەڵێنەکەی ئــەوان گەورەتر بــوو، بۆیە ڕێچکەی خۆی وەرگرت و بــەردەوام لە بەهێز بوون و فراوانبووندا بوو.

بەشی سی و سێ







بەڵگەنامەی مێژوویی ...

# گرێبەستی هاوسەرگیری

گرێبەستی هاوسەرگیری لە ڕێکەوتی ١٩٥٤/٥/٢٥ لەنێوان عەباس تۆفیق و سامیە عوسمان بە مارەیی ٥٠دینار و بیست میسقال زێڕی پاشەکی، لەوکاتدا قازی هەولێر یونس ئەمجەد زەهاوی بووە، پوولێکی پەنجا فلسی لێدراوە، کە وێنەی شا فەیسەڵی دووەمی لەسەرە.
عەباس تۆفیق کەسایەتییەکی ناوداری شاری هەولێرە، کە بە مەلا عەباس ناسراوە، هەروەها ناوی نهێنی مەلا حەسەن بووە لەدایکبووی ساڵی ١٩٢٧ و هێشتا لەژیاندا ماوە، هیوای تەمەن درێژی بۆ دەخوازین.

# بەیادی هەولێرییەکی گەورە "فازیل پیرداود"

**نووسینی: شێرزاد هەینی**

کە لە بەغدا خوێندنم تەواوکردو دامەزرام، هێشتا بۆنی پێشمەرگایەتی شۆڕشی ئەیلوولم لێدەهات، کە بوومە مووچەخۆر زۆرتر خەمی خوێندنەوەو کتێب و کوردایەتیم بوو، کە نسکۆو بێئومێدییەکان شارو گوندو کوردەواری تەنیبوو، کە بەعس و خۆفرۆش و ترسنۆکەکان سێبەرو کانی و ئاوەدانیان گڕوو کردبوو، من لەو ڕۆژانە لەناو ژوورێکی پڕ لە کۆنە فایل و نەخشەی لوولدراوو ترێسی گەچراوو دۆڵابی دەرگاشکاوو مێزی پێچکەشەل و کورسی لارو دیواری بێ وێنەی سەرۆک کۆماری عێراقی ئەو کات ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر دەوامم کرد، ژوورێک لە بنەبانی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکان، کە بەردەوام ئاوەدان بوو، ژوورەکە بۆنی چاوو بەزمی گەرم و تەژی هەواڵ و بابەت و سەربردەی ئازایانەو بەزمی پێکەنین بوو.
لە هۆبەی مەرسەم و رووپێوو ئەرشیف، پیاوێکی خڕی گرانی روومەت گوڵ و چاوکراوەو دەست پشکۆ ئاگرو پشت ئاسن و ناوقەد کاریتەو سمێل گیابەندو رووخۆش و قات قاوەیی و سەر ماشوبرنج و لێو شەکرلەمەو کوردپەروەرو تورکمانیزان و کوڕە کرمانج و دڵگەورەو هەناسەخاوێن و چاپووکی سەعاتچی و چاوتێرو سەربەرزو ڕابردوو پاک و ماندووی رۆژانی حزبایەتی و ژوورە تەڕەکانی زیندانم بەناوی (فازیل پیرداود) ناسی.
ئەو پیاوە (مام گیو)ی دەناسی، دەیزانی (عەونی یوسف) یەکەم پارێزەری پیاوە ئازاکانی زیندانەکان بووە، ئەو پیاوە دەیزانی لەکام ماڵ کۆبوونەوەی پارتی زۆر کراوە، ئەو پیاوە دەیزانی پیرەقەڵاتی هەولێر لانەی شێرانی کوردایەتی بووە، ئەو پیاوە دەیزانی تیشکی گۆڤاری هەتاوو ڕووناکی و گەلاوێژو هەولێر پرشنگدارو رەوشن بووە، ئەو پیاوە باسی ئەوەی دەکرد لەکام دووکانی ناو قەیسەری ئابوونەی حزبی کۆکراوەتەوە، ئەو دەیزانی (عەونی یوسف) پارێزەری هەموو گیراوەکانی حزب و بنەماڵەی بارزانییەکان بوو، ئەو دەیزانی کام چایخانە دیمانەی حزبی زۆر تێدا کراوە، ئەو هەموو کۆنە کادیرەکانی ئەو شارەی دەناسی، ئەو پیاوە دەیزانی (شەمسەدین موفتی و زەید ئەحمەد عوسمان و سەید مەجیدو ئەحمەد حمەدەمین و عەریف عوسمان و مەلاماتۆرو جەوهەر غەمگین و سالح شێرەو مەئمون دەباغ و ...) لەو شارە چەند بە کوردایەتی و پێشمەرگایەتی ماندووبوون، ئەو دەیزانی شاخی سەفین چەند بە تفەنگ و بەرگری قایم و کۆڵنەدەرە. ئەو بەردەوام لە دیار سۆبە بە دووکەڵەکەی ژوورەکەمان و چکەچکەی پانکە خوارەکەی سەرمان مەسەلەی گەرمی ناو هەولێری دەگێڕایەوە، پێش هاتنی کارمەندان، پاش ڕۆیشتنی موراجعەکان، ئێوارەی نەورۆزو بەردەوام و هەموو دەمێک خەمی شارو پێشمەرگەو هەولێری هەبوو، بەردەوام ڕقی لە خۆفرۆش و جاش و بێگانەکان بوو. ئەو پیاوێکی پێشکەوتنخوازی سیکۆلاربوو، کەسێکی مۆدێرن بوو، بڕوای بە خەباتی میللەتەکەی بەهێزبوو، دەیزانی ئەو ڕۆژانەش نسکۆ بێت، ڕۆژێک دێ خەبات و کوڕە بوێرەکان هەڵدەستنەوە، بە گرتن و شکان و دووبەرەکی و هەڕەشەی دوژمن خەبات ساردنابێتەوە، پیاوێکی بەوروەو ئازابوو. ئەو کە پێدەکەنی بەرائەت و خاوێنی لێدەباری، ئەو دەڕۆیشت سەنگ و ڕێزی جێدەهێشت.
فازیل پیرداود هەموو جارێ دەیوت من سەربردەی تۆماری سەردەمێکی ئەو شارەم نووسیوەتەوە، ئەو دەیوت لەو شارەدا ئێمە دەستەیەک بووین لەسەر کوردایەتی و حزبایەتی دەگیراین، ئێمە دەناسراین کەوا پارتین، ئێمە دەناسراین کە کۆبوونەوە دەکەین، بەڵام بەداخەوە من دەستنووسەکەی ئەوم نەبینی، بەڵام پاش چەند ساڵ هەستم کرد، کەوا رۆژنامەی بەدرخان لەسەر تاقە کۆنەکان، لەناو کتێبخانە بزربووەکان ئەو یاداشتانە هەڵدەگرێتەوەو ڕێزی قەڵەمەکان و تێکۆشینەکان و بیرەوەرییەکان دەگرێت، پاش تێپەڕبوونی ساڵانێکی زۆر بیرەوەرییەکانی ئەوم لە رۆژنامەی بەدرخان دۆزییەوەو بە پەرۆشەوە خوێندمەوەو ڕێزی زۆرم بۆ بنەماڵەکەی ئەو هەیە، کەوا خەمی ئەو دەفتەرە کۆنەیان بووەو پاراستوویانە.
نووسینەوەی بیرەوەری و بڵاوکردنەوەی یاداشتەکانی هەموو کەسەکان، دۆزینەوەی لاپەڕەکانی هەموویان دەبێتە کتێبی خەبات، دەبێتە کۆبوونەوەی حزب، دەبێتە بیرەوەری تاڵ و شیرین، دەبێیە زیندان و سەیران، دەبێتە نسکۆو وانەی دوێنێ بۆ ئیمڕۆ.

# یەدوڵڵا فەیلی : عیسا پژمان لە نووسینەوەی یادەوەرییەکانی ڕاستگۆیە

**یەدوڵڵا فەیلی یەکێکە لەو کەسانەی کە بەدەگمەن لە ڕاگەیاندنەکان دەردەکەوێ، بە قسەی خۆی حەزی لە خۆدەرخستن و خۆ هەڵکێشان نییە، بۆیە لەکاتی گفتوگۆ و دیدارە زۆر تایبەتەکەماندا هەر دەیگوت: من "٥٥" ساڵە خەباتی نهێنی و بەڵکو زۆرجاریش خەباتی گیان لەسەردانانیشم کردووە، بۆ ئەو مەبەستە لە دیدارێکی دوور و درێژدا دواندمان و لە چەند بەشێکی تێروتەسەل، کە دابەش دەبێ بەسەر ژیانی تایبەتی خۆی و لقی "٥" پارتی لە بەغداو دامەزراندنی دەزگای پاراستن و ناسین و ژیانی لەگەڵ مەلا مستەفاو ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی و مام جەلال و بەشیر مشیر و حەبیب محەمەد کەریم تا دەگاتە فرێدان و هەڵدێراندنی بنەماڵەکەیان بۆ ناو گەلی عەلی بەگ، هەموو ئەوانە لە گفتوگۆ کراوەکە بخوێننەوە، جگە لە باسکردنی کتێبخانەی مەکەنزی لە بەغدا، کە بە کتێبخانەیەکی نێودەوڵەتی و زانستی ناسرا بوو، کە بە قەولی فەیلی ئەمە وەکرێکی گەورەی شیوعییەکان بوو لە عێراق، سەرەتا پرسیمان یەدوڵڵا فەیلی کێیە، لە وەڵامدا گوتی: ناوی تەواوم عەبد کەریم مورادە، لەدایکبووی ١٩٣٤ی بەغدام، یەدوڵڵا کەریم "یەدوڵڵا فەیلی" ناوی خوازراوە و ئەو ناوە منی زۆر پاراستووە، لە زۆر لە فەرمانگەکانی حکومەت و کۆمپانیاکان فەرمانبەر بوومە، لە ساڵانی ١٩٥٠ تا ١٩٥٣ لە کارگەی ڕستن و چنینی ئەهلی کارمکرد، ژمێریار بووم، ڕەشید عارف کۆیی مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر بوو، کورد بوو، یارمەتی پارتی دەدا لە هەموو لایەنێک، کۆمپانیای هەبوو، هەرچی خەڵکی کورد هەبوو هەوڵی دەدا بیباتە لای خۆی و سوودیان لێ وەربگرێ، ئەوە لایەنی تایبەتە، بەمنی گوت ئێرە کۆمپیانیایەو ئەهلییەو کارگەی کەلوپەلی دروستکردنی خانووبەرەی عێراقییە، دواتر بووە کارگەی کۆماری، لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم.**

**ئا: حەمید بەدرخان**

*** باسی عیسا پژمانمان بۆ بکە، لەبەرئەوەی ئەو لە یادەوەرییەکانی خۆی باسی تۆ دەکا؟**
- ئەوکاتەی کە هیچمان نەبوو، شۆڕشی ئەیلوول دەستی پێکرد، ناڵێم سەرکەوت، بەڵام...
*** عیسا پژمان لە نووسینەوەی یادەوەرییەکانی ڕاستگۆیە؟**
- بەڵێ، هەمووی ڕاستەقینەیە، لەوانەیە ئیجتیهادات هەبێ، بەڵام زۆربەی شتەکانی ڕاستە، ئەوەی کە ناوی منی تێدایەو باسی دەکا هەمووی ڕاستە، ئێزگەی کوردی لەسەر داواکاری ئێمە هێنای، ئێمە هیچمان نەبوو، کە دەستمان بە شۆڕشی ئەیلوول کرد، شۆڕشی ئەیلوول تا ڕاددەیەک لە کوردستان بڵاوبۆوە، حکومەتی ئێرانیش بەرژەوەندی خۆی گەرەکە، لەوانەیە بیری لەوە کردبێتەوە کە ئەو شۆڕشە بە گڕوتین و سەرکەوتووە، نەوەکو بگاتە ناو کوردستانی ئێران، عیسا هات بۆ ئەوەی پەرە نەسێنێت، عیسا پژمان کوردی ناوچەی مەهاباد و ئەو ناوچانە بوو، ئێستاش لە ژیان ماوە، گرنگ چووینە ناوچەی پشدەر، لەوێ چاومان بە هەموو سەرۆک عەشیرەتەکان کەوت، چووینە چوارقوڕنەو ڕانیەو شێخ حوسێن بۆسکین، لەوێ گەڕاینەوە ئێمە هەموو میللەتمان لەگەڵ ئەوەنین چیان لێ بکەین، ئەوکاتیش یاخیبوون هەبوو لەناوچەی خەڵەکان لەسەر مەسەلەی چاکسازی کشتوکاڵی و شتی وا، لەوەشدا هەموویان کەوتنە ژێر فەرمانڕەوایی ئێمە، دوای ئەوە کە عیسا پژمان پەیوەندی بەئێمەوە کرد، عەباس ئاغاش لە پشدەر بوو.
*** ئەی تۆ یادەوەرییەکانی شەکیب عەقراویت خوێندۆتەوە؟**
- بەڵێ سوودی لێوەردەگیرێ بۆ زانیاری مێژوویی، ئەویش شتەکانی ڕاستە، بەڵام زۆر شتی نەنووسیوە، ئەوەی خۆی مەبەستی بووە نووسیویەتی، یانی کابرایەک کە شت دەنووسێ هەموو شتێک نانووسێتەوە ڕەنگە لەبیری نەبێ.
*** ئەی تۆ کەی هەموو یادەوەرییەکانی خۆت دەنووسییەوە؟**
- تاکە تاکە نووسراوم هەیە، لە داهاتوو دەینووسم، هەموو ڕووداوەکان باس دەکەم. بۆ شۆڕشیش پەیوەندیان بەئێمەوە کرد لەڕێگای ماڵە جافەکان فەتاح ئاغا بابی ئەکرەم ئاغا، ئینجا ئەوان پەیوەندی ڕێکخستنیان هەبوو، ئێران دەخوازن پەیوەندی بە سەرکردایەتی بکەن، بە منیان گوت دەبێ بچیتە ماڵی فەتاح ئاغا، منیش چووم و چاومان بە عیسا پژمان کەوت لەساڵی ١٩٦١ دوای شۆڕشی ئەیلوول، باسی ئەوەی کرد ئێران ئامادەیە یارمەتیتان بداو لەو بابەتانە.
*** عیسا پژمان پیاوێکی چۆن بوو؟**
- گەنج بوو، بە کوردی قسەمان کرد، ئەو جلی ئەفەندیانەی لەبەر بوو، پاشکۆی سەربازی بوو، پاشکۆی ڕۆشنبیری بوو، هەموو شتێک بەخۆی بوو، ساواک بوو، بەڵام ئێمە نەمانزانی ساواکە، چونکە ئەو نوێنەری ئێران بوو، لە دووەم دانیشتن گوتی دەبێ وەفدێک بنێرن بۆ ئێران، من و کاک ساڵح یوسفی و عەبدولحوسێن فەیلی ڕێککەوتین، عەبدولحوسێن ئەندامی لیژنەی مەرکەزی بوو، منی ناردە سلێمانی تا هەواڵ بدەمە مەکتەبی سیاسی، ئەوکات مەلا مستەفا لە بادینان بوو، جێگای دیار نەبوو، گوتم پەیوەندی وابووە کە ئەوان گەرەکیانە شەخسێک بنێرینە ئێران بۆ دانووستان و چی پێویستە، ئەگەرنا بزانن چی دەکەن، عەبدولحوسێن فەیلیمان نارد بۆ مەکتەبی سیاسی و خاڵێکیان دانا لە ناوچەی ماوەت و لەو ناوچەیە لەسەر سنوور چاوەڕوانیان دەکات، وەکو بزانم ئەوانیش عومەر دەبابەیان نارد، عومەر دەبابە چووبووە ئەوێ، دوای ئەوە پەیوەندی هەبوو لەنێوان مەکتەبی سیاسی و ئێران، پەیوەندییەکە لەگەڵ مەلا مستەفا نەبوو لەگەڵ مەکتەبی سیاسی و ئێمە بوو، دوای ئەوە ئەو پەیوەندییە هەبوو لەنێوان مەکتەبی سیاسی و قیادەو ئەوان، ئینقلادی ئەو پەیوەندییە کرا لەگەڵ مەلا مستەفا، بەڵام لە سەرەتادا لەگەڵ ئێمە بوو، لەو شتەی کە کرا گوتم دەبێ ئێمە ئیستیغلالی ئەوە بکەین، نە ڕاگەیاندنمان هەیە، نە ڕۆژنامەمان هەیە.
*** یانی دوای شۆڕشی ئەیلوول ئێران یەکەم وڵات بووە هاوکاری کوردی کردووە؟**
- بەڵێ، بەڵام لەبەر بەرژەوەندی خۆی ئەو کارەی کردووە.
*** ئەی ئەمریکاو بەریتانیا؟**
- نەخێر، دوای ئەو ماوەیە لەوانەیە بووبێ، چونکە من ئاگام لە دوای ئەوە نییە، لەوانەیە سەرکردایەتی بزانێ، من نازانم.


یەدوڵڵا فەیلی

**بەشی چوارەم**

# ڕۆژانێ بوو ٤٦

- بەڵێ یانەی فەرمانبەرانی هەولێر، کە ئێستا بووە بە بازاری نیشتیمان گرنگی و تایبەتمەندییێکی دەگمەنی هەبوو، لە نێو چەقی شار بوو هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارە بە پێی سەعات و کاتەکان هاموشۆی فەرمانبەرو مامۆستایان بۆ ئەو یانەیە گۆڕانکاری تێدەکەوت، بۆ نموونە کاتی بەیانییان زۆربەی فەرمانبەرە خانەنشین بازاڕییەکان هاموشۆیان دەکرد جگە لە ڕۆژانی هەینی کە گشتی بوو، ئێواران مامۆستاو فەرمانبەران بەپێی وەرزی ساڵ لە ژوورو هۆڵەکان یان لە ژێر ساباتو و درەختەکان بەتاکو بە کۆ دادەنیشتن، زۆربەی گفتوگۆکان و باسەکان لە خولداشی ئەدەب و سیاسەت و باری ئابووری و کۆمەڵایەتی دەسووڕایەوە، کە شەویش دادەهات مەیخۆرو مەشرەبخۆش و دەنگخۆش و خەمخۆرو عاشقان و نووسەران و هونەرمەندو سیاسییەکان دەمانەوە، کە لە پاڵ ئەوانەشەوە جارجار پیاوی سەرخۆش و شەڕفرۆش و سەر بەگێچەڵ و گۆبەندی تێدەکەوت، بەردەوامیش ئەو یانەیە لە ژێر چاودێری وردی سیخوڕو خەفیەکانی ڕژێم بوو، دامودەزگاکانی ئەوسا بیریان لەوە دەکردەوە کە ڕێگایەک بدۆزنەوە بۆ تێکدان و نەهێشتنی ئەو یانەیە، کە دوا جاریش هەر وا کەوتەوە دوای ئەوەی لە ١٩٧٥ شۆڕشی ئەیلوول نسکۆی هێناو پاشان شۆڕشی نوێ سەری هەڵدا، ڕژێمی بەعس دەستی چووە دیوارەکانی ئەم یانەیەو بە بەردو درەخت و یادگارەوە تێکی داو ئاسەواری نەهێشت هەروەها هەر لە هەفتاکانیش لە بەرامبەر ئەو یانەیە باخی خانەنشینیانی هەولێر بۆ ماوەیەک بووە یانەی مامۆستایان، کە ئەویش بایەخمەندی خۆی هەبوو، بووە مەکۆی نووسەرو ڕۆشنبیرانی هەولێر، بەتایبەتی لە شەواندا کە لەوێدا کۆ دەبوونەوەو ئاڵ و گۆڕکردنی بیرو بۆچوونەکانییان هەڵگرو وەرگێڕ دەکرد هەروەکو لە سەرەتادا ئاماژەم پێکرد، کە ئەو یانەیە واتە یانەی فەرمانبەران ژوانگەیەک بوو زۆر کارەکانی حزبایەتی و ڕۆشنبیری و ئەدەبی و هونەری نهێنی و ئاشکرای تیا ئەنجام دەدرا جگە لەوەی نزیک بوو لە چایخانەکانی حاجی مستیل و عەبۆ و مەچکۆ کە لە هاموشۆی هاوبەشی ڕۆژانە پردی پەیوەندی و لەیەکتر ئاڵقا بوون بۆ بەدیداری یەکتر شادبوونی کەسەکان و مەوعیدەکانییان.
* گەرمترین ململانێ و دژکاری و سوور هەڵگەڕانی و بەیەکداچوونی سیاسییانە و تووڕەیی و قین لە دوای مانگی تەمووزی ١٩٧٢ دەستی پێکرد، کاتێ ڕژێمی بەعس پەیڕەو و پڕۆگرامی ناوخۆی پڕۆژەی "بەرەی نیشتیمانی پێشکەوتنخوازی" بڵاوکردەوە و چەند کورسییەکی بۆ شوعییەکان تەرخان کردبوو هەروەها چەند کورسییەکیش بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان، کاتێ برا شوعییەکان ئەو پڕۆژەیەیان پەسند کرد چوونە ناو ئەو بەرەیە "جبهە" پارتی قەبوولی نەکردو لەگەڵ ڕژێم دابڕان و کێشەیەک دروست بوو، لەو کاتیش تەنیا لە کوردستان دوو حزبی سەرەکی هەبوون، ئەویش "پارتی و شیوعی" جا بەو پێیەی حزبی شیوعی لە شۆڕشی ئەیلوول هاوخەبات و تێکۆشان بوون لەگەڵ پارتیدا، بۆیە بەجیابوونەوەی حزبی شیوعی و چوونیان بۆ نێو ئەو بەرەیە ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە یەکێتی سۆڤیەت ئەوسا بە هەموو شێوەیەک پاڵپشتی ڕژێمی بەعسی دەکرد لە رووی سیاسی و مەعنەوی و نێودەوڵەتی و سەربازی و تەکنەلۆژی و ڕاگەیاندن. هتد، بە تایبەتی لە پەرە پێدانی لایەنی سەربازی چ بەپێدانی چەک و تفاقی مۆدێرنم و هەڵتەکێنەر و ڕاهێنانی کادیرانی سەربازی لە ڕێگای شارەزایانی عەسکەری هەروەها یارمەتیدانی لە رووی هەواڵگری و زانیاری و نەخشەکێشان و ڕێکخستنی دامودەزگاکانییان، کە بە بەرژەوەندی بەعس دەکەوتەوە و دژ بە کوردو شۆڕشەکەی.
هەروەک "کۆنفۆشیۆس" دەڵێت.
"قین کردن و تووڕەیی ئاسانە، خۆشویستن سەختە، هەموو شتێکیش هەر وایە ئەنجامدانی کاری چاک زەحمەتە و کارە خراپەکان بە ئاسانی ئەنجام دەدرێن" جا ڕژێم توانی لەو ساڵەدا ئەو قین و تووڕەییە دروست بکات و لە نێوانی کادیران و هەوادارانی حزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان بەرپا بێت، نەک هەر لێکیان دابڕێنی، بەڵکو ململانێ و ڕکابەری و بەگژ یەکداچوونیان پەرە پێ بدات جا لەو یانەی فەرمانبەران لە هەولێر بەرچاو بوو ڕۆژانە لەسەر مێزەکان چەندو چوون و بەگژ یەکدا چوون دروست دەبوو دواتر پەڕییەوە بۆ سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان و میدیا و ڕاگەیاندنەکانی تر، ئەو جەنگە گەرمەی ڕاگەیاندن و ململانێیە توندو تیژە هەتا لە هەڵبژاردنەکانی ڕێکخراوەکانی جەماوەری دروست بوو جا ئەو بارە نالەبارە درێژەی کێشا تاکو ئاداری/١٩٧٤، کە جارێکی تر شۆڕشی ئەیلوول گڵپەی سەندەوە، شۆڕشی جەماوەری کوردانی ملیۆنی و ڕژێم دەستی پێکردەوە، ئەوکات حزبی شیوعی لەبەرە "جەبهە" لە پاڵ ڕژێم مایەوە، فڕۆکە مۆدێرنزمە پێشکەوتووەکانی یەکێتی سۆڤیەت "سۆخۆی- تۆپۆلیف- باجەر" هەروەها فڕۆکەی "مێکی ٢٣ی فەڕەنسی" کوردستانیان وێران دەکرد، یەکێک لە هێرشەکانی فڕۆکە پێشکەوتووەکانی سۆڤێت لە ١٩٧٤ کە جەرگبڕ بوو بۆ سەر زانکۆی دامەزراو لە قەڵادزێ، کە کرایە سەر قوتابیانی سەرجەم زانکۆکان کە لە قەڵادزێدا کۆببۆوە، واتە ئەو قوتابیانەی لە زانکۆکانی کوردستانەوە هاتبوونە دەرو دژ بە ڕژێم بەشداریان کردبوو لەو شۆڕشە، بەداخێکی زۆرەوە بە دەیان و سەدان خوێندکارو هاووڵاتیانی سبیل کەوتنە ژێر بەرد و پەردووی خانوو و دامودەزگاو زانکۆی دامەزراوو شوێنە گشتییەکان با بگەڕێینەوە سەر قسەکانمان لەسەر "بەرە"و ساڵی ١٩٧٢ پەیوەندییە تێکچووەکانی نێوان پارتی و حزبی شیوعی لەلایەک و پارتی و بەعس لەلایەکی ترەوە، کە ڕێکەوتنامەی ١١/ی ئادار لە نێوانیاندا هەبوو...
هەر لەو ساڵە ١٩٧٢ لەلایەن ڕاگەیاندن و ئۆرگانی پارتییەوە، بە تایبەتی لە ڕۆژنامەی "التاخی" وتاری زۆر توندو ڕەخنە ئامێز دژ بە کارو پلانەکانی بەعس و بەرنامە شوڤێنییەکانی بڵاودەکرایەوە بە زنجیرە، هەروەها لەلایەن ڕۆژنامەی "الپورە"و "الجمهوریە" وەڵام دەدرایەوە، ببووە مایەی ڕیزگرتن لەسەر ڕۆژنامەی "التأخی" یان "برایەتی" کە بە ئاسانی دەست نەدەکەوتن، بگرە نەک خوێنەرانی کورد بەڵکو لە ناوەڕاست و باشووری عێراقیشدا عەرەبەکان زۆر بە پەرۆشەوە، دەیانخوێندەوە و لێی دانەدەبڕان، چونکە خۆیان نەیاندەتوانی یەک "وشە"ش دژی بەعس دەرببڕن، بۆیە ئەم ڕەخنەو بیرو بۆچوونانەی پارتی لە ڕۆژنامەی "التأخی" پەنجەرەیەک بوو بۆ ئەوان کە هەناسەیەکی تیا بدەن.



**موحسین ئاوارە**

# BEDIRXAN

Hefitenameyekî Hunerîy
Rojnamewanîy Giştîy Azade.
Jimare (0)î le
22/10/2000 da Derçuwe

# Sînemxan Bedirxan Newrozaxwe li BircaBelek pîroz dike

## Sînemxan Celadet Ali Bedirxan roja jidayikbûnaxwe (72 saliyaxwe) û Newrozaxwedê li CizîraBotanpîroz bike

Sînemxan Celadet Ali Bedirxan ragihand kuewdê newrozaxwe û rojajidayikbûnaxwe li seraxabav û kalan li CizîraBotanpîroz bike. Bedirxan got: Demaezbiçûkbûm 67-salîbûm, li gel bavêx weezdiçûmdibistanê(li Şamê). Bavê min li rê da her rojbehsa CizîraBotan û Kurdistanê bi giştîdikir û digot: helbetemê rojekêvegerin welatêxwe. Piştîewqassalên derbasbûyî min bawernedikirkuew rojdêbê. Lêdemaku min yekemcarala Kurdistanê bi çavênxwe li Kurdistanaazad de dît, êdîezgihiştimwê baweriyêkuewxewna me nêzîkdibe...

Her wiha Sînemxan Celadet Ali Bedirxan berdewamiya axaftinaxwe de got: 12.02.2010 leşkerên Tirkji BircaBelek derketin, piştîewqassalêndûr û dirêjezêjinêzvebiçim BircaBelek bibînim. XwezîBavê min(Celadet Ali Bedirxan) dayika min (RewşenBedirxan),birayê min (CemşîdBedirxan) û hevjînê min Selah Sadallahjîvê rojêbidîtan. Birastî eve xewneke her Bedirxaniyanbuk urojekîvegerinserwel atêxwe û BircaBelek bibînin.Xewna min a jihemûyanmezintirjî ewe kurojekîemKurdistanamez in bi awayekeazadbibînin û Newrozaxwe, cejnanetewiyaxwe bi awayekeazad pîroz bikin.

Di derbarêbiryara Neteweyên Yekgirtîya Cîhanîkirina cejna Newrozê de Bedirxan got: Bi mixabinîbiryara NeteweyênYekgirtîya cîhanî kirina cejna Newrozê (roja 23.02.2010) li navnavêwelat û neteweyênku cejna Newrozê pîrozdikin de navê Kurd û Kurdistanêtûneye. Her wiha di wêbiryarê de newroz wekî cejna Farisan hatiye bi navkirin. Li vîderbarî de divêem Kurd hişyar bin û jiboxwedîder ketinanewrozacejnanetew iya Kurd li hemûdeverên cîhanê çalakiyênmedenî li darbixin.

Hêjayîgotinêye ku roja 21.03.2010 roja jidayikbûna Sînemxan Celadet Ali Bedirxane û îsaldê 72 saliyaxwejî li CizîraBotanpîroz bike.


BircaBelek paş 167 sal hate azad kirin

















